# نابێت ئایین تێکەڵی سیاسەت بکرێت



دکتۆر محەمەد شەریف*

ئێمەی موسڵمانان بەشێکین لەبەشەرییەت و بەبەشێکی پێشکەوتووش دادەنرێین، چونکە ئاینەکەی ئێمە شارستانیەتە، واتا گەربێتوو خەڵکان و نەتەوەیەکی تر هەبێت و پێشکەوتوو بن و تەمەنی شارستانیەتەکەیان چەند سەدەیەك بێت و لەدوای سەردەمی گەشەسەندنی ئەوروپا گەشەیان کردبێت، ئەوا ئایینی ئیسلام هەر لەو کاتەوەی قورئانی پیرۆز بۆ پێغەمبەرمان (د.خ) هاتە خوارەوە پەیامی شارستانیەتی لەخۆ گرتبوو بەوەی پێویستە مرۆڤ وەکو مرۆڤ بژی، واتا مرۆڤ وەکو خۆی بڕوانێتە مرۆڤەکانی تر، خودای گەورەومیهرەبان لەم قورئانەدا دایناوە هەرچی مرۆڤە کەرامەتی هەیە(لقد کرمنا بنی أدم)، کاتێك مرۆڤی دروستکرد ئازادی داوەتێ، بەهای ئازادی لە ئیسلام دا لەپێش هەموو بەهایەکەوەیە.

لە ئیسلام و هەموو ئاینەکانی دیکەشدا لەهەموو شت پیرۆزتر ئازادی ئاینییە، لەخودی ئایین تۆ ئازادی (لااکراه فی الدین)، مادام لەخودی ئاین کە پیرۆزترین شتە تێیدا مرۆڤ ئازادە، ئەوە دەبێت مرۆڤ هەر ئاینێك هەڵبژێرێت (فمن شاء فلیؤمن ومن شاء فالیکفر). بەمشێوەیە مەسەلەی حسابکردن لەگەڵ مرۆڤ نابێت لەسەر حسابی ئاین بێت، چونکە خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لێپرسینەوەی مرۆڤی لەسەر ئاین بۆ خۆی هێشتۆتەوە، هەروەکو چۆن ئێمە لەقەزا لەزانستی یاسایی پسپۆرایەتی دادەنێین، کە هەرکەسێك پسپۆرایەتی خۆی هەیە، هەروا بەنسبەت ململانێ یا هەر جیاوازییەکی تر لە ئاییندا ئەو مەسەلەیە تایبەتە بەخودای گەورەو میهرەبانەوە، تەنانەت گەورەترین کەس بە بیروباوەڕی ئێمەو بگرە بەبیروباوەڕی خەڵکانی تریش کە ئیسلام نین و توێژینەوەو شارەزاییان لەسەر مێژووی ئیسلام و پێغەمبەرەکەیان کردووە، محەمەدی پێغەمبەرمان (د.خ) لە ڕیزی یەکەمی هەرە کەسایەتییە گرنگ و گەورەکانیان داناوە، ئەو پێغەمبەرە (د.خ) خۆشەویستەی خوا جیاوازی نەکردووە لەمامەڵەکردن لەنێوان ئەم ئایین و ئەو ئایین، خودای گەورە بەپێغەمبەرەکەی دەڵێت ئیشت ئەوەیە تۆ خەڵکی تێبگەیەنیت کە ئەمەیە ڕێگای ڕاست – ئیشی تۆ ئەوە نییە ملی بگریت و زاڵبیت بەسەریدا (فذکر انما انت بمذکر لست علیهم بمسیطر) ئەگەر کافیریش بوو (فیعذبه الله)، بۆمان نییە ئێمە ئازاری بدەین، لە حسابکردن، جیاوازی ئایین پێوندی بە دنیا نییە بەڵکو بە ڕۆژی قیامەتەوە هەیە. لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن باس لە لێبووردەیی دەکرێت، ئێستا لە دنیادا لێبووردەیی باس ناکرێت و کاتی بەسەرچووە، ئەمڕۆ باس لە ئازادی بیروڕا دەکرێت، باس لە ئازادی ئاین دەکرێت، واتا خەڵکی و بەشەرییەت قۆناغی لێبووردەییان تێپەڕاندووە گەرچی لێبووردەیی بەمەسەلەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت، چونکە پێویستە هەموو لایەك لە یەکتری ببورێت، ئێستا ئێمە مافمان نییە لە کریستانەکان یا ئێزیدییەکان ببورین، چونکە گوناهیان نەکردووە، ئێمە چی مافێکمان بەسەریانەوە هەیە کەسەکانی ناو ئاینێك چۆن هەڵسوکەوت دەکەن و کارو کاسبی و بۆنە ئاینەکانیان بەڕێوەدەبەن، یا کەسانێك لەناو ئەو ئاینەدا بەیاسا مۆڵەتی کاسبی و کارێکیان وەرگرتووەو سەرپێچییان لەیاسا نەکردووە، لەشەریعەتی ئیسلامدا ئەوەی موسڵمان نییە مافی هەیەو ئەرکی دەوڵەتە ئاسانکاری بۆ بکات، من لێرەدا نامەوێت باسی باشی و خراپی بکەم لەناو کەلتووری کوردەواریدا زۆر شت هەیە پێویستە بەئاگایی و وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام بەنسبەت ئاینەوە ئەو کەسە مەسیحی یا ئێزیدیە ئازادە، لە فیقهی ئیسلامیدا هاتووە گەر بێتوو گەر مەسیحیەك مریشکێکی هەبوو موسڵمانێك مرداری کردەوە، پێویستە قەرەبووی بدەیتەوە بە پارە یا مریشکێکی تری بۆ بکڕیتەوە، تەنانەت گەر بێتوو بەرازێك هی مەسیحیەك بوو مردارت کردەوە پێویستە موسڵمانەکە قەرەبووی مەسیحەکە بکاتەوە، چونکە ئەو مافی خۆیەتی سوود لەو بەرازە وەربگرێت و بیخوات، پێویستە وشەی لێبووردن بەو شێوەیە پێناسە نەکرێت کە تۆ ئاغایت و ئەو بەندەیەکی بەر دەستەو شتێك بەکەیف و ڕەزامەندی تۆ ناکات تۆ لێی ببوریت، هەر بۆیە وشەی لێبووردن پێویستە بگۆڕین بۆ لێبووردنی بەرامبەر، لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا خەڵکی هەمووی وەکو یەك وایە بەتێڕوانینی دنیایی لە قیامەتیش دا (انا اکرمکم عند الله اتقاکم).

ئەوەی لە زاخۆو چەند شوێنێکی تری بادینان ڕوویدا نەك ڕووداوێکی نامۆ بوو بەکۆمەڵگای کوردەواری، بەڵکو نامۆ بوو لەگەڵ ئیسلام دا. ئیسلام ١٣٠٠ ساڵە حوکم دەکات (نابێت بڵێین خەلیفە نەما واتا ئیسلام حوکم ناکات)، لە کوردستان و عێراق ئەوەی حوکم دەکات موسڵمانە، هەندێکیان وا تێگەیاندووە ئەگەر خەلیفە نەبوو واتا ئیسلام نییە، نەخێر مادام دروشم و شەریعەتی ئیسلامی هەیەو خەڵکی دەچێتە مزگەوت و بڕوای هەیەو ئازادە بۆنە ئاینییەکانی ببات بەڕێوە، واتا ئەوەی حوکم دەکات موسڵمانە، بەڵام کاتێك ئاینی پیرۆزی ئیسلام تێکەڵ بە حزبایەتی و سیاسەت دەکرێت، دەبینیت گرفت دروست دەبێت و هەندێك لەمەفهوومەکان دەشێوێنرێت، هەرکەسێك موسڵمان نییە ئازادە، نابێت ئازاری بدەیت، تۆ بڕوانە ئەو کۆمەڵگایانەی کێشەی ناخۆیی و ئاڵۆزی تێدەکەوێت چۆن ڕوودەدات، هیندستان بووزی و مەسیحی و موسڵمان و سیخی تێدا دەژی و ئێستا بارودۆخەکە ئاساییە بگرە برایەتی و پێکەوە ژیانیان هەیە، تا ئەو کاتەی ئاین تێکەڵ بەسیاسەت دەکرێت و تائیفەیەکی توندڕەو لەلای بووزی یا مەسیحی یا ئیسلامەکان دروست دەبێت و فیتنەگێڕی و ئاشووب دەنێنەوە،لەوێ تەنیا ئیسلامی سیاسی نییە بەڵکوو مەسیحی سیاسی و بووزی سیاسیش بوونی هەیە، لێرەدا دادپەروەری ون دەبێت ئەو دادپەروەرییەی شەرعی خوایەو دژ بە توندوتیژی و لێدان و ئازاری بەرامبەرە. من لە هۆشیاری نەتەوەکەم دەترسم چونکە ئەو دیاردە ناشرینەی ڕوویدا لەنێوان حکومەت و حزبەکانەو میللەت ڕۆڵی نییە، پێویستە میللەت هاوار بکات و ڕێگای فیتنەگێڕی نەدات، کە دەرئەنجامەکەی بەخراپ بەسەر میللەتە مەزڵومەکە دەشکێتەوە، من هەرگیز بڕوا ناکەم حزبەکان زیانیان لێبکەوێت، زیانمەندی سەرەکی خودی میللەتە، حزبە سیاسیەکان سەرقاڵی بەدەستهێنانی دەنگی زیاترن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، باوەڕم بەوە نییە لەبەرنامەو پرۆگرامی حزبێکی دیاریکراوەوە ئەمە بەبەرنامەڕێژی ئەنجام درابێت، چونکە لەبەرژەوەندی ئەویشدا نییە، بەڵکو لەبەرژەوەندی توندڕەوەکانە..

**ئەوەی لە زاخۆو چەند شوێنێکی تری بادینان ڕوویدا نەك ڕووداوێکی نامۆ بوو بەکۆمەڵگای کوردەواری، بەڵکو نامۆ بوو لەگەڵ ئیسلام دا**

ئیسلامی سیاسی لە كوردستان ژینگەیەكی دروست كردووە، كە هەندێك لەو مامۆستا ئاینییانەی سەر بە ئیسلامی سیاسین وتارەكانیان توندن بەو ئاڕاستەیەی خەڵكی توندوتیژ بكەن، لە كەوتنەوەی ڕووداوێكدا تەنیا نزیكەی ١٠٠ كەس ئاگاداری ئەو بەرنامەیەیە ئەوی تر ئارەزووی لە پشێوی و نانەوەی توندوتیژی هەیە كە دوورە لەكەلتووری كوردەوارییەوە، ئاژاوەو پشێویەكانی نێوان موسڵمان و قیبتیەكان لەمیسر ئەو دوو لایەنە نەیان كرد، كەسانێك ئاژاوەكەیان گەرم كرد بەو نەفەسەی كە نانەوەی پشێوی و ئاژاوە خۆشە. ئەم حاڵەتە لە هیندستان و میسرو عێراقیش هەیە، بەڵام لەناو كۆمەڵگای كوردستانی نەبووەو نامۆیە، ئەو شەڕە قێزەوەنەی لەنێوان شیعەو سونەكان ڕوویدا گەرچی لە ڕاگەیاندنەكان بەتەواوەتی رانەگەیەنرا بەڕاستی شەڕێكی قورس و قێزەوەن بوو، سەدان كەسی لەهاووڵاتی سیڤیل و منداڵ و ئافرەت و پیری تێدا بووە قوربانی، جاری وا هەبوو كەسێك ناوی عەلی یا حەسەن یا حوسێن بووایە دەكوژرا لەوێ ناوی عومەر هەر شەفاعەتی نەبوو، باشە ئەمە چ مەنتیق و سیاسەت و ئاینێكە، ئەوەی بەناوی ئیسلامەوە ڕوودەدات تەنیا دەمارگیری و توندڕەوییەو ئاینی پیرۆزی ئیسلام دوورە لەم ڕووداوانەوە، چونكە دەمارگیری و توندڕەوی ڕاستیەكانی تێدا ون دەبێت، ئەمەش بەدڵی هاووڵاتیان نییە، ئێستا لە زاخۆ بە هەركەسێك دەڵێیت ئەمە شتێكی باش بوو كە ڕوویدا لەوەڵامدا نەك هەر بەباشی نازانێت بەڵكو قێزەوەنی دەكات، تەنیا بەدڵی ئەو كەسانەیە كە مێشكیان شۆراوەتەوەو فێری توندوتیژی و خوێنڕشتن و دەمارگیری كراون، تەنانەت ئەوانەش خۆیان نازانن بۆ غەسلودەماغ كراون. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە خەڵكێك هەیە موسڵمانە، بەڵام ئاشنا نییە بە حەقیقەتی ئیسلام و پیرۆزی ئەو ئاینەو ڕێزگرتنی بۆ بەشەرییەت، ئەو وا تێیان گەیاندووە ئیسلام ئەوەیە خوا حوكم بكات، لەكاتێكدا خوا خاوەنی هەموو گەردوونەو كەس نایبینێت، بۆیە كاتێك دەڵێن حوكمی خودایە واتا حوكمی فڵان كەسە كە بەناوی خوا قسە دەكات، ئەوەی بەناوی خوا قسە دەكات ئالێرەدا حوكمەكەی دەبێتە هی مرۆڤ، كاتێكیش حوكمەكە بووە هی بەشەرو بۆ بەرژەوەندی خۆی خەڵكەكە دەهێنێتە ناو ئاینەكە كە خۆی ئارەزوویەتی و هەركاتێك بیانەوێت و بۆ هەرمەبەستێكی بەرژەوەندی بێت ئاڕاستەی بكات و بەهەڵەیان ببەن.

لە زەمانی ئیمامی عومەر كە یەكێك بووە لەدادپەروەریترین كەس كاتێك دراوسێكەی دەیخواردەوەو جارێك ئیزعاجی كردووەو ئیمامی عومەر دەیزانی بەڕاستی موسڵمان نییە و هەڵیكوتایە سەری و سەیری كرد دەخواتەوەو سەرقاڵی مەی خواردن و سەما لەماڵیدا دەكرێت، حەزرەتی عومەر پێی وت: ئەوە ئاشكرام كردی لەوەڵامدا بەعومەری وت ڕاستە بەڵام من گوناهێكم كرد تۆ سێ گوناهت كرد، قورئان دەڵێت سیخوڕی مەكە تۆ سیخوڕیت بەسەر منەوە كرد، قورئان پێت دەڵێت بێ مۆڵەتدان نابێت بچیتە ماڵی كەسێك كەچی تۆ بێ مۆڵەتدانی من هاتی، هەر بۆیە حەزرەتی عومەر هیچ قسەی لەگەڵ نەكردو دانوستاندنی لەگەڵ كردو بەجێی هێشت، ئەو هەڵینەكوتایە سەری تا ماڵی بسووتێنێ. حزبە ئیسلامیەكانی كوردستانیش هەموو ئەو ڕاستیە دەزانن و دەزانن شەرع چۆنەو نەیوتووە ئازاری خەڵك بدات، بەڵام هەندێك لەمامۆستایانی ئاینی كە سەر بەوانن بەناوی وەعزو ئامۆژگاری خەڵك هاندەدەن، شێوە وتارێك پێشكەش دەكەن كە مەترسی بۆ سەر موسڵمان و كۆمەڵگا و نەتەوە هەیە، چونكە زۆربەی جار ئەو موسڵمانە وەك ئەو مامۆستایە شارەزا نییەو تێناگات و بەشێوەیەكی تر پەنگ دەخواتەوە لەناخیدا كە دواتر ڕەنگە توندڕەوی لێبكەوێتەوە، كە دەرئەنجامی هاندان و پڕكردنی ئاینی بەتایبەت لای گەنجەكان كە وا تێدەگات هەر شتێكی پێی وترا ئیتر تەواوەو پێویستە هەڵوێست بۆ جێبەجێكردنی وەربگرێت بەو شێوەیەی كە هاندراوە بیكات.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە نامۆیە كە تازەیە بەكۆمەڵگاكەمان و مەترسی زۆر گەورەی لێدەكەوێتەوە، پێویستە یاسای بۆ دانرێت و دەربچێت، چونكە هیچ تاوانێك نییە گەربێتوو بەیاسا سزای بۆ دانەنرێت، بۆ نموونە پێشتر یاسایەك نەبوو بۆ سزادانی تیرۆریستان چونكە ئەو كات كاری تیرۆر نەبوو، هەربۆیە یاسایەك دانرا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تاوانە نائاسایی و مەترسیدارە كە هیچ ئامانجێكی نییە تەنیا تێكدان نەبێت، ئەم جۆرە هاندانەش كە لە زاخۆ ڕوویدا دەركەوت هەروا لە خۆڕا نەهاتووە و تەنانەت كۆتایشی نەهات، بەڵكو چووە مێشكی خەڵكانێكەوەو بووە كردەوەو چووە قۆناغی تێكدەرانەو نانەوەی پشێوییەوە بۆیە پێویستە لێرەدا ڕابگیرێت و یاسای بۆ دانرێت، لەم عێراقە ٤٠٠٠ ساڵە یاسا دانراوە واتا كەس مافی نییە بەدەستی خۆی تۆڵە بسێنێتەوە دژی خۆی یا دژی كۆمەڵگاكە یا هەر گرووپ و لایەن و بیروباوەڕێك، موسڵمانەكان (ینهون عن المنكر) واتا هەر شتێك خراپ بێت و زیانی هەبێت بەموسڵمانەكە دەڵێت بەڵام ئەگەر مەسیحی بێت هیچ پێوەندی پێوە نییە، نەوتراوە (یقمعون المنكر). كێشەی ئەو توندڕەوییە ئەوەیە هەمووی بەتاڵ نییە واتا بێ بنەما نییە، بەڵام بنەماكە ڕاستەقینە نییە، چونكە نە لە قورئاندا ئاماژەی پێدراوە نە لە سونەتی صەحیحدا لە فوقەها باس كراوە.

كەوتنەوەی گرفتەكانی زاخۆو بادینان و كەوتنەوەی توندوتیژی ئاینی بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە كە بەرپرسانی پێوەندار هەڵسەنگاندنی پێش وەختەیان نەبووە، بە بیروڕای من نە دەسەڵاتی سیاسی نە مامۆستا ڕووناكبیرەكان و دڵسۆزەكان پێشبینی ئەوەیان نەبووە كە ئەم وتارانەی ئەوان دەیڵێن ڕۆژێك دەبێت دەقۆزرێتەوەو دەبێتە كردەوەو نزیكیشە، من پێش ساڵێك لەگەڵ مامۆستایان و زانایان وتوومە كە خەڵكانێك هەیە وا خراونەتە مێشكیانەوە كە بێ دەنگ بن بەرامبەر فرۆشتنی هەر شتێكی خراپ یا دیاردەیەك ئە وا وەكو ئەوان موحاسەبە دەكرێت، هەربۆیە بەبۆچوونی ئەوان پێویستە بچێت لاییبات، ئەم ڕووداوانەی دوایی دەریانخست كە كەسانێك هاندراون و گەیشتوونەتە قۆناغی تیرۆر، ئەوەی ڕوویدا ڕاستە خۆشبەختانە كوشتنی لێنەكەوتەوە، بەڵام خوێنی تێدا ڕژاو بریندارو زیانمەند هەبوو گەر تیرۆر ئەمە نەبێت ئەی چی تیرۆرە.

ئومێدەوارم بەهەموو لایەك خزمەتی نەتەوەو ئیسلامی پیرۆز بكەین و خەسڵەتی ئاشتیخوازانەو بۆچوونی شارستانیەتمان بۆ ئیسلام بپارێزرێت، كەسێكیش پێی ناكرێت بڵێت یەك خوێندنەوە بۆ ئیسلام هەیە، بەڵام بۆ ئەو خوێندنەوەیە هەڵبژێرین كە وڵاتەكەمان تێك دەدات و دژی مرۆڤایەتییە، خوێندنەوەیەك بۆ ئیسلام هەڵدەبژێرین كە لەگەڵ خودی قورئاندایەو دوورە لەو خورافیاتانەی بۆ مەرامی سیاسی دروست كراوە.

*** سەرۆكی كۆڕبەندی هزری ئیسلامی لە هەرێمی كوردستان**


**خوێندنەوەیەك بۆ ئیسلام هەڵدەبژێرین كە لەگەڵ خودی قورئاندایەو دوورە لەو خورافیاتانەی بۆ مەرامی سیاسی دروست كراوە**

**باوەڕم بەوە نییە لەبەرنامەو پرۆگرامی حزبێكی دیاریكراوەوە ئەمە بەبەرنامەڕێژی ئەنجام درابێت، چونكە لە بەرژەوەندی ئەویشدا نییە، بەڵكو تەنیا لەبەرژەوەندی توندڕەوەكانە**


Coexist
Coexist
Coexist

# تێکدەرانی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی دوژمنی ئازادی و مێژووی بێگەردی کوردستانن

((من تایبەتمەندم لەسەر ئەفریقیای باشوور و خۆشم لەباشووری ئەفریقیا دەژیم، بۆیە ئەوەی ئێوە مەترسیتان لەسەری هەیە، لەسەر شێواندنی لێبوردەیی بۆ توندوتیژی پێوەندییەکی تەواوی بەئەفریقای باشوورەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ئێستاش هەندێک خەڵکی توندڕۆ لەو وڵاتەدا هەن دەیانەوێت بواریان پێبدرێت بەردەوام ئەو دروشمانە بڵێنەوە کە داوا دەکات پێویستە(BORES) بکوژرێن کە مەبەستیان ئەفریقای سپی پێستەکانە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم دروشمانە بانگێشە کردنە بۆ توندوتیژی و کوشتن، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا پێویستە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی لێبوردەبێت لەبەرامبەر ئەم جۆرە گوزارشتکردنانەدا؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا من پێموایە پێویستە بوار بەهەموو گوزارشتکردنێک بدرێت، بەڵام کاتێک ئەم گوزارشتکردنە بگۆڕێت بۆ کردار یان ببێتە هاندەر بۆ ئەوەی بەکردار توندوتیژی ئەنجامبدرێت، ئەوا ئەرکی دەوڵەتە کە بەهەموو هێزێکییەوە دەستێوەردان بکات و ڕێگە لەتوندوتیژی بگرێت)).




پرۆفیسۆر جامیس گیبسۆن بۆ گوڵان

کاتێك سەردانی شـــوێنەواری (خنس)ی ســـەر بەپارێزگای دهۆك دەكەین، بەئاشكرا ئاســـەوارەكانی ئەو هەوڵانـــە دەبینرێت كە ڕژێمەكانی پێشـــووی عێراق، بۆ شێواندنی ئـــەو مێژووەی لەســـەر تاشـــە بـــەردەكان هەڵكەنـــراون بەبۆمب و فیشـــەكەوە جێیان هێشتووە، ئامانجی بەعسیەكان لەشێواندنی ئەو مێژووەی ســـەر ئەو تاشـــە بەردانە بۆ ئەوەبوو پێكهاتـــە جیاوازەكانی ئەو ناوچەیە وەك (كـــوردی ئێزدیی، كوردی شـــەبەك، ئێزدیی، كلدۆ ئاشـــوور و كریســـتیانەكان) هەمووی بكاتە عەرەب و (تصحيح القومية) یەیان بـــۆ بكات، بۆیە كاتێك ئەو مێژووەی دەبینـــی كە هەزاران ســـاڵە لەســـەر بەرد هەڵكەنراوەو ڕاســـتی گیانـــی پێكەوە ژیان

**ئایا هەوڵدانی بەعس بۆ تێكدانی مێژووی سەر تاشە بەردی چیاكانی كوردستان و سووتاندنی مزگەوت و كەنیسە و پەرستگای ئێزدییەكان پێكەوە. توانی گیانی لێبوردەیی و پێكەوە ژیان لەنێو گەلی كوردستان بسڕێتەوە؟**


و لێبوردەیـــی لەنێوان ئەو پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینیە جیاوازەكاندا دەپارێزێت، هەســـتی دەكرد هەوڵەكانی بەبا دەچێت، بۆیە هەموو هێزی خۆی دەختەگەڕ بۆ ئەوەی نەخشی هەڵكەنراوی سەرتاشـــە بـــەردی چیاكانی كوردستان بشێوێنێت و مێژووی پێكەوەژیان و لێبوردەیی بســـڕێتەوە، بـــەڵام بەعس ئەم كارەی نـــەك هەر بـــۆ نەكـــرا، بەڵكو بەو ڕەفتارەی بەرامبەر ئەو شـــوێنەوارە دێرینە كردویەتی، لاپەڕەیەكی ڕەشی خۆی خستە ناو ئەو مێژووە كە دەیســـەلمێنێت ئامانجی ئەو پێكەوە كوشتن و پێكەوە ژینۆسایدكردنی هەموو گەلی كوردستان و پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەكانی بووە، هەروەها ئێســـتا كە شـــوێنەواری (خنـــس) ئاوەدانكراوتەوەو گەشـــتیاری ناوخۆو بیانـــی بەبلیت دەچن ســـەیری دەكەن، هەســـت دەكەن ئەو تاشە بەردانـــەی ئـــەو دەســـتدرێژیانەی لەلایەن بەعســـەوە كراوەتە سەر، بەشێكە لەو زوڵم و زۆرداریەی كە ڕژێمی بەعس بەبێ جیاوازی دژ بە هەموو پێكهاتەو ئایینەكانی كوردستان ئەنجامیداوە، بەڵام پرســـیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هەوڵدانی بەعس بۆ تێكدانی مێژووی سەر تاشە بەردی چیاكانی كوردستان و سووتاندنی مزگەوت و كەنیســـەو پەرستگای ئێزدییەكان پێكەوە،

**پێكەوە ژیان و لێبوردەیی نێوان پێكهاتەكانی گەلی كوردستان مانای ئازادییە و كاتێك ئازادن. كەنیسە و مزگەوت و پەرستگا هەمووی پێكەوە پارێزراون و كاتێكیش ئازادی زەوتكراوە هەموو پێكەوە كاولكراون**



توانی گیانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لەنێو گەلی کوردستان بسڕێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دوای کشانەوەی دامودەزگاکانی بەعس لەکوردستان دەیداتەوەو خەڵکی کوردستان و تێکڕای ئەو خەڵکانەشی دێنە کوردستان ئەو ڕاستیە بەچاوی خۆیان دەبینن، ئیرادەی گەلی کوردستان بەتەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیە جیاوازەکانەوە توانییان جارێکی دیکە وڵاتی خۆیان لەسەر بنەمای پێکەوەژیان و لێبوردەیی ئاوەدان بکەنەوە، بێگومان ئەمەش وانەیەکی بەسوودە بۆ تێکڕای ئەو گەشتیارانەی سەردانی ئەو شوێنەوارە دەکەن بەگشتی و هەروەها برایانی عەرەبی عێراقیش کە بەردەوام بۆ گەشتکردن دێنە کوردستان، لەبەر ئەوەی کاتێك بەکوردستاندا دەگەڕێن، دەبینن لەزۆر شوێن و لەمەودای بینینی زوومی کامێرەدا جارێکی دیکە مزگەوت لەشوێنی خۆی و کەنیسە لەشوێنی خۆی و پەرستگای ئێزدییەکان لەشوێنی خۆی دروستکراوەتەوە، بێگومان کاتێکیش دەڵێن لەمەودای زوومی کامێرەدا مزگەوت و کەنیسە و پەرستگا جێگەی دەبێتەوە، مەبەست ئەوەنییە لەشوێنەواری خنس دووربکەوینەوە، بەڵکو تەنیا گەشتیار هێندە خۆی ماندوو بکات و بچێتە سەر چیاکە لەمەودای زوومی کامێرەکەیدا سێ شوێنی پیرۆزی مزگەوت و کەنیسە و پەرستگا دەبینێت و دەتوانێت وەك وێنەیەکی فۆتۆگرافی تۆماری بکات.

هەربۆیە کاتێك لەیەك شوێندا پاشماوەی هەوڵی تێکدەرانە بۆ شێواندنی مێژووی پێکەوەژیان و لێبوردەیی و لەهەمان شوێندا چاومان بەئیرادەی گەلی کوردستان دەکەوێتەوە کەدوای کاولکردنی شارو دێهاتەکانیان، دووبارە لەشوێنی خۆیان ئەم شوێنە پیرۆزانە دروستکراونەتەوە، ئەمە مانای ئەوەیە، پێکەوە ژیان و لێبوردەیی نێوان



**نە هیچ هێزێك هەیە بتوانێت نەخشی هەڵکەنراوی مێژووی سەر تاشەبەردەکان بسڕێتەوە. نەهیچ هێزێکیش هەیە بتوانێت بەتوندوتیژیی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی لەنێوان خەڵکی کوردستاندا بشوێنێت و تێکی بدات**



پێکهاتەکانی گەلی کوردستان مانای ئازادییەو کاتێك ئازادن کەنیسەو مزگەوت و پەرستگا هەمووی پێکەوە پارێزراون و کاتێکیش ئازادی زەوتکراوە هەموو پێکەوە کاولکراون.

کەواتە ئەم واقیعە ئەوەمان فێردەکات کە بڵێین مێژووی هەڵکەنراوی سەر تاشەبەردەکان و ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ بەردەوامیدان بەپێکەوەژیان و لێبوردەیی لەکوردستان، نە هیچ هێزێك هەیە بتوانێت نەخشی هەڵکەنراوی مێژووی سەر تاشەبەردەکان بسڕێتەوە، نەهیچ هێزیکیش هەیە بتوانێت بەتوندوتیژیی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی لەنێوان خەڵکی کوردستاندا بشێوێنێت، یان تێکی بدات.

**توندڕۆیی کاتێك دروست دەبێت بە تەنیا هەڕەشە بۆ سەر لایەك دروست ناکات. بەڵکو سەرتاپای ژیانی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسیەوە و ترس دەکاتە بەشێك لەپێکهاتەی نەسیجی کۆمەڵایەتی هەر تاکێك لەکۆمەڵگەدا**

لەوانەیە هەندێك بەخراپ سوود وەرگرتن لەو ئازادییەی ئێستا لەکوردستان بەدیهاتووە، هەوڵێك بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی لەسەر زەمینەی لێبوردەیی و پێکەوەژیان توندوتیژی پیادە بکات یان هاندەر بێت بۆ دروستکردنی توندوتیژی، بەڵام ئەم هەوڵانە چەندە بەهێزبن یان چەند دەستی ئەملاو ئەولای لەپشتەوە بێت، وەك شوێنەواری گوللەو بۆمبەکانی ڕژیمی بەعس بەسەر تاشەبەردەکانی (خنس)ـەوەیە، ڕق و قینی ناحەزان دژی بەم ئازادی و پێکەوەژیانە تۆمار دەکات و لەبەرامبەریشدا دووبارە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ بەگژداچوونەوە زیاتر دەکات.

**دوژمنانی ئازادی**

**ڕقیان لەلێبوردەیی و پێکەوەژیانە**

لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان لەپێگەیەکی جیۆگرافی دیاریکراودا بەرپرسیاریەتییەکی ئەخلاقی و ویژدانیە لەناو کۆمەڵگەدا، ئەم بەرپرساریەتیە ئەخلاقی و ویژدانیە زەمینەی ئەوە دەڕەخسێنێت بتوانرێت لەگەڵ ئەو پێکهاتانەی دیکە کە جیاوازن لەگەڵتا، هەڵسوکەوت بکەیت و چۆن بیروباوەڕی خۆت لا پەسەندو پیرۆزە، بیروباوەڕی بەرامبەریش بەهەمان شێوە، ئەمەیە کاتێك ڤۆڵتێر دەڵێت: »دەشێت لەبۆچوونم لەگەڵ تۆ جیاواز بم، بەڵام ئامادەباشیم تێدایە لەپێناوی بەرگریکردن لەڕای تۆ خۆم بەکوشت بدەم« ڤۆڵتێر کاتێك ئەمە دەنووسێت، دەیەوێت ڕووبەڕووی ئەو دڕندە وەحشیە بێتەوە کە لای ئەو دڕندەی وەحشی (توندڕەوییە)، ئەمەیە کاتێك دەڵێن لێبوردەیی و پێکەوەژیان بەرهەمی هەستکردنە بە بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی و ویژدانی، مانای ئەوەیە ئەم بەرپرسیاریەتیە ئەخلاقی و ویژدانیە فەرزی دەکات لەسەرمان هەموومان یەکدەست و یەکڕیز ڕووبەڕووی ئەو دیاردەی توندڕەوییە

**لێبوردەیی لەدیموکراتیدا واتە ڕێز لەمافی ئەو کەسانەش دەگرین کە خۆشمان ناوێن و هاوڕانین لەگەڵماندا. ئەمەش واتە هەمان ئەو ئازادییەی بۆ خۆتی داوا دەکەیت بۆ بەرامبەرەکەشتی داوا بکەیت**




ببینەوە کە ڤۆڵتیر بەدڕندەیەکی وەحشی ناوی دەبات، لێرەوە ئەگەر وەك دڕندەیەکی وەحشی سەیری دیاردەی توندڕۆیی بکەین، ئەوا هەست دەکەین هێشتا دڕندەی وەحشی لەپیادەکردنی توندڕۆیی و بەرهەمهێنانی توندوتیژی باشترە، لەبەر ئەوەی ئەو زیانەی ئێستا توندڕۆیی بەمرۆڤایەتی دەگەیەنێت، لەچوارچێوەی بەرهەمهێنانی تیرۆردا، بەدرێژایی مێژوو و لەنێو ئەفسانەکانیشدا هیچ دڕندەیەکی وەحشی نەیتوانیوە لەماوەی کەمتر لەچەند کاتژمێرێکدا شارێکی گەورەی وەك نیۆیۆرك خەڵتانی خوێن بکات و هەموو مرۆڤایەتی پێکەوە بتاسێنێت، کام دڕندەی وەحشی هەبووە بەئاستێك هەموو مرۆڤایەتی بترسێنێت تا ئازادییەکانی مرۆڤ لەپێناوی خۆپاراستن لەو دڕندەیە بکەونە ژێر پرسیارەوە، بێگومان لەم چوارچێوەیەدا کوردستانیش لەمەترسی ئەم دڕندە وەحشیە بێبەش نەبووە، هەموومان کارەساتی یەکی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ مان لەبیرە کە چۆن ئەم دڕندە وەحشیە لەماوەی کەمتر لەچەند خولەکێکدا جەژنی قوربانی کوردستانی گۆڕی بۆ پرسەو پیرۆزی ئایین و جەژنی خەڵتانی خوێن کرد، هەروەها ڕووداوەکانی ڕۆژی ٢ی ئەم مانگەی زاخۆشمان لەبەرچاوە چۆن ئەم دڕندە وەحشیە(توندڕۆیی ) لەماوەی کەمتر لەچەند کاتژمێرێکدا شاری زاخۆی چی لێکرد و پاشان بارودۆخێکی خولْقاند کە پریشکی ئەو ئاگرەی ئەو دڕندە وەحشیە هەڵیگیرساندبوو تا ناوچەکانی دیکەش بگرێتەوەو تا دەگاتە سلێمانی کە لەوێش هەڵکوتانە سەر دوکان و شوێنە گشتییەکان هەبووە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوە نییە ئایا ئەو زیانانە چەندن کە ئەم دڕندەوەحشیە بەهەموو لایەکی گەیاندووە؟ بەڵکو پرسیاری سەرەکی ئەوەیە چۆن ئەم دڕندە وەحشیە پەلبەست بکرێت و ڕێگە نەدرێت تێکەڵاوی کۆمەڵگەی

**ماناى لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لەکوردستان مانایەکی فراوانتری هەیە لەچاو زۆربەی شوێنەکانی دیکەی جیهان و هەر ئەمەش وایکردووە کە شانازی بەو پێکەوەژیان و لێبوردەییەوە بکەین**

کوردستان بێت و تۆڕی کۆمەڵایەتی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەکانی کوردستان نەگرێتەوە؟ قسە لەسەر ئەوەیە چۆن ڕێگە نەدەین جارێکی دیکە ئەم دڕندە وەحشیە(توندڕۆیی ) سەر لەکون بێنێتە دەرەوەو هەڕەشە لەئارامی و لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی هەزاران ساڵەی ئەم گەل و نەتەوەیە نەکاتەوە.

### ڕووبەڕووبوونەوەی دڕندەی وەحشی توندڕۆیی بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی و ویژدانی هەموومانە

توندڕۆیی کاتێك کە دروست دەبێت هەڕەشە بۆ سەر لایەك دروست ناکات، بەڵکو سەرتاپای ژیانی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسیەوەو ترس دەکاتە بەشێك لەپێکهاتەی نەسیجی کۆمەڵایەتی هەر تاکێك لەکۆمەڵگەدا، بوونی ترس لەناوپێکهاتەی نەسیجی کۆمەڵایەتی، واتە دروستبوونی ترس لەناخدا بەرامبەر دیاردەیەك، ئەم دیاردەیەش لەناو ناخماندا ئازاری ویژدانی و ئەخلاقیمان دەدات، ئەو ڕاستیەش هەیە کە تاکێك یان لایەنێك بەتەنیا ناتوانێت بەرامبەر ئەو ترسە ڕابوەستێتەوە یان بیرەوێنێتەوە، بۆیە پێویستی بەوە هەیە هەموو هەست بەو



**لێبوردەیی وەك چەمكێك دەكرێت باسكردن بێت لەپێوەندی نێوان دراوسێكان، نێوان تاكە كەسەكانی گرووپە جیاوازەكان كە پێكەوە كاردەكەن لەهەمان شوێنی كار**

ویژدانی و ئەخلاقیە بکەین کە توندڕۆیی بەهەمووماني گەیاندووە، لەم چوارچێوەیەدا توندڕۆیی تایبەت نابێت بە ئایدلۆژیەتێکی دیاریکراو یان خوانەخواستە ئایینێکی دیاریکراو، بەڵکو تایبەت دەبێت بەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئایدلۆژیەتە یان چۆنیەتی پیادەکردن و تێگەیشتن لەو ئایینە، هەروەها سەرهەڵدانی توندڕۆیی یان هاندان بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە حکومەت ناچار بێت هەندێك ڕێوشوێنی یاسایی توند بگرێتە بەر، کە تائێستاش حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم لایەنەی لەبەرچاو نەگرتووە، مەسەلە ئەوەنییە کەمتەرخەم بووە یان ئەم دیاردەیەی بەمەترسی نەزانیوە، نەخێر مەسەلەکە ئەوەیە ئەم دیاردەیە بوونی نەبووە، بەواتایەکی دیکە مەزندەی ئەوە نەکراوە لەسەر مێژوویەکی هەزاران ساڵەی پێکەوەژیان و لێبوردەیی، توندڕۆیی بگاتە ئەو ئاستەی لەسەر بنەمای ناسنامەی ئایینی هەڕەشە لەپێکهاتەکانی ناو یەك کۆمەڵگە بکرێت، پرۆفیسۆر جامیس گیبسۆن ئوستادی حکومەتە لەزانکۆی سات لویس و خۆی بەرەگەز خەڵکی باشووری ئەفریقیایە، ڕاشکاوانە لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەم مەترسییە کردەوەو ئاماژەی بەوەکرد «من لەو مەترسییە تێدەگەم کە ئێوە پرسیارم لێدەکەن و ئەو پرسە ئێستا لەباشووری ئەفریقیا بوونی هەیەو هەموو کات مەترسی ئەوە هەیە توندوتیژی لەئاکامی توندڕۆییەوە سەر هەڵبداتەوە»، لەمبارەوە بەمجۆرە ئەو پرسەی بەگوڵان ڕاگەیاند: (من تایبەتمەندم لەسەر ئەفریقیای باشوورو خۆشم لەباشووری ئەفریقیا دەژیم، بۆیە ئەوەی ئێوە مەترسیتان لەسەری هەیە، لەسەر شێواندنی لێبوردەیی بۆ توندوتیژی پێوەندیەکی تەواوی بەئەفریقای باشوورەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ئێستاش هەندێك خەڵکی توندڕۆ لەو وڵاتە هەن دەیانەوێت بواریان پێبدرێت بەردەوام ئەو دروشمانە بڵێنەوە کە داوا دەکات پێویستە (BORES) بکوژرێین کە مەبەستیان ئەفریقای سپی پێستەکانە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم دروشمانە بانگێشە کردنە بۆ توندوتیژی و کوشتن، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا پێویستە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی لێبوردەبێت لەبەرامبەر ئەم جۆرە گوزارشتکردنانەدا؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا من پێموایە پێویستە بوار بەهەموو گوزارشتکردنێك بدرێت، بەڵام


کاتێك ئـــەم گوزارشـــتکردنە بگۆڕێت بۆ کردار یان ببێتە هانـــدەر بۆ ئەوەی بەکردار توندوتیـــژی ئەنجامبدرێت، ئـــەوا ئەرکی دەوڵەتە کە بەهەموو هێزێکییەوە دەستێوەردان بکات و ڕێگە لەتوندوتیژی بگرێت)).

ترسی پرۆ فیســـۆر گیبسۆن لەو خاڵەوە ســـەرچاوە دەگرێت کـــە گوزارشـــتکردن لەبیروبۆچوونێکی جیـــاواز ببێتە هاندەرێك بۆ توندوتیژی، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکات کە پێویستە حکومەت دەستێوەردان بکات و سەرچاوەی توندوتیژییەکە نەهێڵێت، ئەمەش ڕاشـــکاوانە واتە کاتێك دیاردەی توندڕۆیی وەك هاندەرێك بۆ توندوتیژی سەرهەڵدەدات، دەبێـــت هەموومـــان لەبەرامبەریـــدا یەك هەڵوێستمان هەبێت و پشتگیری هەوڵەکانی حکومـــەت بکەین بۆ ئەوەی ســـەرچاوەی ئـــەو توندوتیژییە نەمێنێـــت، هەربۆیە لەم چوارچێوەیـــەدا پرســـیارێکی دیکەمـــان ئاراستەی پرۆفیسۆر گیبسۆن کرد، بۆچی لەم کەشوهەوای لێبوردەییدا زۆرجار دیاردەی توندڕۆیـــی ســـەرهەڵدەدات، لەوەڵامی ئەم پرسیارەشـــدا پێی وتین:(لێبوردەیی بریتییە لەتەحەمولکردنی ئەو کەسەی جیاوازە لەگەڵ تـــۆ، لەگەڵتدا، لێبوردەیـــی ئەوە دەخوازێت کە ئێمە لەســـەر میکانیزمێك ڕێکبکەوین بـــەوەی جیاوازین و جیاوازییەکانی یەکتری قبوڵ بکەین، هەروەهـــا لێبوردەیی مانای ئەوەنییە ئێمە لەیەکتـــری خۆش دەبین یان یەکتریمان خۆش دەوێـــت، بەڵکو لێبوردەیی لەکۆمەڵگـــەی دیموکراتـــی مانای ئەوەیە ڕێز لەیەکتـــری بگریـــن و جیاوازییەکانی یەکترمان قبوڵ بێت، ئەگەر ڕاشـــکاوانەتر بدوێم دەتوانـــم بڵێم لێبوردەیی لەدیموکراتیدا واتـــە ڕێز لەمافی ئەو کەســـانەش دەگرین کە خۆشـــمان ناوێن و هاوڕانین لەگەڵماندا، ئەمەش واتـــە هەمان ئـــەو ئازادییەی بۆ خۆتی داوا دەکەیت بۆ بەرامبەرەکەشتی داوا بکەیت، من ئەمە ناو دەنێم بەر تەســـکترین مانای لێبوردەیی، لەبەر ئەوەی تەنیا داوای ئەوەمان لێدەکات تەحەمولی جیاوازییەکانی یەکتری بکەین).

بەڵام ئەو واقیعەی لەکوردستان بەدرێژایی مێژوو هەبـــووە، پێناســـەیەکی فراوانتری لێبوردەیی دەکات و ئەوەی خۆمان بەچاوی خۆمان دەیبینین ئـــەو لێبوردەیی و پێکەوە ژیانەی لەنێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردســـتان هەبووە زۆر لەوە زیاتر بووە کە لەوەی ئێستا پرۆفیســـۆر گیبسۆن لەسەر واقیعی باشووری ئەفریقیا



**ئەگەر گەشتیار هێندێك خۆی ماندوو بکات و بچێتە سەر چیاکە، لەمەودای زوومی کامێرەکەیدا سێ شوێنی پیرۆزی مزگەوت و کەنیسە و پەرستگا دەبینێت و دەتوانێت وەك وێنەیەکی فۆتۆگرافی تۆماری بکات**




جامیس گیبسۆن بۆ گوڵان:

> **نابێت کۆمەڵگەی دیموکراتی لێبوردەبێت لەبەرامبەر توندڕەویی و هاندان بۆ کاری تێکدەرانە، دەبێت دەوڵەت بەهەموو هێزێکییەوە دەستێوەردان بکات و سنووری بۆ دابنێت**

باسی دەکات، لەبەر ئەوەی هەر بۆ ئەم ڕاپۆرتە پەیامنێرانی گوڵان قسەیان لەگەڵ قەشە(فلیپ ئەلخوری) کردووە لەپارێزگای دهۆك و ئاماژە بەوە دەکات ماوەی ٢٠٠٠ساڵە پێکەوەژیان و لێبوردەیی نێوان ئایینەکان لەکوردستان بوونی هەیەو گوندەکانیان تیکەڵاوەو هەموو وەك هاووڵاتی یەك نیشتمان پێکەوەدەژین و پێکەوە گوند و وڵاتی خۆیان ئاوەدان دەکەنەوە، لەمەش زیاتر هەر لەسەردانی پەیامنێرانی گوڵان لەچەند هەفتەیەك پێش ئێستا بۆ ناوچەی دێرەلوك، لەوێ دانیشتووانی یەکێك لەگوندەکانی ئەو ناوچەیە بەپەیامنێرانی گوڵانیان ڕاگەیاندبوو، کە لەیەکێك لەگوندە موسڵمانەکانی ئەو ناوچەیە نەیانتوانیوە بیری ئاو لێبدەن، دانیشتووانی گوندەکەی دراوسێیان کە لەبرا کریستیانەکانن لەگوندی خۆیانەوە بیریان هەڵکەندووەو ئاویان بۆ گوندە موسڵمانەکە دابینکردووە، بۆیە ئەم واقیعەی خۆمان لەکوردستان دەیبینین ئەوەمان پێدەڵێت کە مانای لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لەکوردستان مانایەکی فراوانتری هەیە لەچاو زۆربەی شوێنەکانی دیکەی جیهان و هەر ئەمەش وایکردووە کە شانازی بەو پێکەوەژیان و لێبوردەییەوە بکەین.

بۆ زیاتر هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر لۆرین لی بریگەر ئوستادی ئایینەکان لەجیهاندا لەزانکۆی ئۆهایۆ کرد بەوەی ئایا لێبوردەیی چەند ئاست دەگرێتەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا پرۆ فیسۆر لی بریگەر بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە:(دەکرێت چەمکی لێبوردەیی لەسەر دوو ئاست وەڵام بدرێتەوە، ئاستی یەکەم بریتییە لەئاستی تاکە کەسەکان، بەو مانایەی لێبوردەیی وەك چەمکێك دەکرێت باسکردن بێت لەپێوەندی نێوان دراوسێکان، نێوان تاکە کەسەکانی گرووپە جیاوازەکان کە پێکەوە کاردەکەن لەهەمان شوێنی کار. کەواتە ئەمە تێڕوانینی تاکە کەسەکانە بۆ ژیان، فەلسەفەی ژیانە، کرانەوەیە بەڕووی ئەو خەڵکانەی خەلفیەتی جیاوازیان هەیە و بیروباوەڕی جیاوازیان هەیە و ئامادەیە بۆ ژیان و قبوڵکردنی جیاوازی، جیاوازی ئایینی، جیاوازی ئیتنی و جیاوازی زمان. ڕەنگە ئەمە لەسەر ئاستی تاکەکەس هەوڵدان لەخۆبگرێت بۆ فێربوونی زمانی جیاواز، بۆ نموونە ڕەنگە لەعێراقدا بتەوێت نەك تەنیا عەرەبی بزانیت، بەڵکو کوردی و ڕەنگە تورکی و زمانەکانی دیکە، وەك کلدانیش بزانیت. فێربوونی زمانیش لەسەر ئاستی تاکەکەسە بۆ نزیکبوونەوەیە لەکەسانی دیکەو فێربوونی کەلتورەکانی دیکەیەو فێربوونی ئەوەیە کە چۆن مومارەسەی ئەو کەلتورە دەکەن، ئەگەر تۆ سوننە بیت ڕەنگە بتەوێت فێری ئەوە بیت شیعەبوون چۆن پیادە دەکرێت و قبوڵی بکەیت، ئەگەرچی تۆ پیادەشی نەکەیت و بەپێچەوانەوە. ئەگەر تۆ موسڵمان بیت فێری ڕێوشوێنی مەسیحیەت بیت، واتە تەنیا بەوە نەوەستایت کە قورئان و فەرموودە لەبارەی مەسیحیەتەوە چی دەڵێن، بەڵکو بڵێیت من دەمەوێت لەڕێی ئینجیلیشەوە، لەڕێی تەعالیمی قەشەکانی کڵێساشەوە لەمەسیحیەت تێبگەم، کەواتە هەوڵبدەیت ئینجیل بخوێنیتەوەو هەوڵبدەیت تەفسیری ئینجیل بخوێنیتەوەو قسە لەگەڵ مەسیحیەکان بکەیت، نەك پێت وابێت لەمەسیحیەت تێگەیشتووی، تەنیا لەبەر ئەوەی قورئانت خوێندۆتەوە. کەواتە ئەمە نموونەیەکە بۆئەوەی چۆن لێبوردەیی لەسەر ئاستی تاکەکەسەکان کار دەکات).

هەر لەم چوارچێوەیەدا سەبارەت بەدروستبوونی توندوتیژی لەنێوان شوێنکەووتوانی ئایینە جیاوازەکان کە زۆرجار توندوتیژی بەرهەم دێنێت، پرۆ فیسۆر لی بریگەر لەدرێژەی لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوەکرد کە ئایینەکان توندوتیژی بەرهەم



لۆرین لی بریگەر بۆ گوڵان:

> **ئایین توندوتیژی دروست ناکات و کێشە نییە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کاتێک باس لەو گرووپانە دەکەین کە توندوتیژی بەکار دەهێنن و پاساوی ئایینی بۆ دەهێننەوە**

ناهێنن، بەڵکو خەڵکانێك هەن بۆ مەبەستی سیاسی جیاواز تەفسیری جیاواز بۆ ئایینەکان دەکەن لەم بارەوە وتی :(ئایین خۆی لەخۆیدا کێشە نییە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کاتێك باس لەو گرووپانە دەکەین کە توندوتیژی بەکار دەهێنن و پاساوی ئایینی بۆ دەهێننەوە، دەبێت لەکۆمەڵە هۆکارێکی ئاڵۆزتر بڕوانین، دەبێت بزانین هۆکاری ئەوە چییە گرووپێك توندوتیژی بەکار دەهێنێت، لەبەر ئەوەی لەڕووی کۆمەڵناسییەوە توندوتیژی فۆرمێکی دیکەی پێوەندیکردنە لەغیابی ئامرازەکانی دیکەی پێوەندیکردندا. بەدڵنیاییەوە گرووپی دیکە هەن کە پاڵنەری ئایدۆلۆجیان هەیەو کار بۆ ئەوە دەکەن شێوازێکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەسەر دەوڵەتدا بسەپێنن، بەڵام دووبارە دەبێت ئەو پرسیارە بکەین تا چ ڕادەیەك ئەم گرووپە پشتیوانی لێدەکرێت و بۆچی پشتیوانی لێدەکرێت و تا چ ڕادەیەك پەنا بۆ ئایین دەبات بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی، لەگەڵ کۆمەڵێ فاکتەری دیکەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا کە ڕەنگە پێوەندیدار بن بەم مەسەلەیەوە، کەواتە ئەمە پرسێکی ئاڵۆزترەو من باوەڕم وانییە بەزەرورەت ئایین سەربکێشێت بۆ توندوتیژی لەبواری سیاسیدا)).



قەشە ئەلخوری فلیب لەکەنیسەی مار نرکس لەدهۆک بۆ گوڵان:

# کاتی ئەوە هاتووە هەموومان پێکەوە لەگەڵ حکومەت ئەو پێکەوەژیانە قووڵتر بکەینەوەو ڕێگا لەهەر مەبەست و مەرامێکی تێکدەرانە بگرین

**سەبارەت بەلێبوردەیی ئایینی و پێکەوە ژیانی نێوان موسڵمان و کریستیان وەك دوو ئایینی جیاواز لەکوردستاندا و پێوەندی نێوان هاووڵاتیانی موســڵمان و کریستیان، قەشە فلیب ئەلخوری لەکەنیســەی مارن رکس لەشاری دهۆك باسی لەپێوەندی دێرینی برایانەی نێوان موســڵمان و کریســتیانەکان کرد و ئاماژەی بەوەکرد ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠٠ساڵ لەمەوبەر و موســڵمان و کریستیانەکان هەردوولایان خۆیان بەهاووڵاتی ئەم وڵاتە دەزانن، لەم چوارچێوەیەدا و لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن.**

((مێژوو ســەلماندویەتی کە ٢٠٠٠ ساڵە کریســتیانەکان لەم هەرێمەدا ژیان بەســەر دەبەن و وەك برا لەگەڵ کوردە موســڵمانەکان لەناخۆشــی و خۆشــیدا پاڵپشــتی یەکتر بــوون، بەڕاددەیەك نموونــەی پێکەوە ژیان بوون لەناوچەکــەدا، لەبزووتنەوەی خەبات و شۆڕشــی ئازادیخوازیشــدا خاوەنی چەندین شــەهید و قوربانیدانــن و گوندەکانــی مەســیحیش وەکو گوندە موســڵمانەکان بەر شاڵاوەکانی گواســتنەوەو لەناوبردن هاتوون. کریســتیانەکان زۆربــەی جــار بەنێروانی و ڕێکانــی و بەرواری لــەم ناوچەیەدا خۆیان ناســاندووە، واتا دواتر ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئاشــوورین یا مەسیحین، تەنانەت لەبۆنە ئایینیەکاندا ســەردان و هاتوچۆی یەکتریان کــردووەو ڕێزیــان بەرامبەر هــەردوو ئایین هەبووە، لێرەدا نابێت ڕۆڵی پیاوانی ئایینی و مامۆستاو زانایانی هەردوو ئایینی مەسیحی و ئیسلام لەبیر بکەین، ئەو زانا ڕووناکبیرانەی دوور لەتوندڕەوییــەوە بەشــدارییان لەبۆنەو ناخۆشی و خۆشی و پرسەی یەکتردا کردووە. مەسیحیەکان لەهەموو کوردستان زیاتر لە٥٠ هەزار کەسن و بەسەر ناوچە جۆراوجۆرەکان و شاروشارۆچکەکاندا دابەشبوون و تێکەڵیەکی تەواویــان لەگــەڵ موســڵمانەکان هەیــەو بەستراونەتەوە بەم خاکەوەو ڕێزو خۆشەویستیان بۆ نەتەوەو خاکەکەیان هەیە، لەمەش گرنگتر

ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەك سەرچاوەی کێشەو نانەوەی پشێوی نەبوون واتا پرەنسیپی ئاشتیان پیادە کردووە. ئایینی مەسیحی زۆر تەئکیدی لەسەر پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبوردەیی هەبووە، تاوەکو هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە بەجیاوازی بیروبۆچوونی ئایینی کار بۆ ئەم خاڵانە بکەن، دینی مەسیحی هەمووی لێبووردەییە بەڕادەیەك تەئکیدی لەوەش کردۆتەوە گەر بێتوو زوڵم و ئازاریش دراین ئێمە تەئکید لەسەر ڕێزگرتن و ئاشتی بکەینەوە.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دەرکەوتنی گرووپە توندڕەوەکان، زوڵم بەرامبەر مەسیحیەکان دەستی پێکرد، لەم چەند ساڵەی ڕابردوو تا ئەمرۆ ئەم توندوتیژی و تیرۆرە بەبەرنامە دانراوە، گەلێك کاریگەری خراپی لەسەر مەسیحیەکان هەبوو، ئەوەبوو چەندین مەتران و قەشەو پیاوانی ئایینی و مەسیحیەکان هاتنە کوشتن و دەربەدەر بوون و ڕوویان لەهەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەرەوە کرد، واتا کۆچێکی فراوان دەستی پێکرد، ژمارەیەکیش لەمەسیحیەکان ڕوویان کردە کوردستان بەو پێیەی بەپێچەوانەی موسڵ و بەسراو بەغداوە کە لەوێ دەکوژران و لێرە ڕێزیان لێدەگیرا، تەنانەت هەرێمەکە بەهەرێمێکی ئاشتیخواز ناوبانگی دەرکردبوو، بەڕادەیەك بەناوچەیەکی جیاواز لەعێراق دادەنرا. ڕووداوەکانی ئەم دواییەو مەترسی سەرهەڵدانی گرووپی توندڕەو ئەگەرەکانی لەدەستدانی ئەم هەموو دەستکەوت و واقیعەی ئەمرۆ زیاتر دەکات، زۆرجار باس لەدوژمن و دەستێوەردانی دەرەکی یا ناوخۆو نانەوەی ئاژاوە دەکرێت، گەر بێتوو ئێمە یەکگرتوو بین و کەسە ئاشتیخوازەکان ڕۆڵ و دەنگیان هەبێت، ئەوا هیچ لایەن و کەسێك ناتوانێت ئەم واقیعەی ئەمرۆ لەهەرێمەکەدا هەیە، بیشێوێنێت.

ئایین بیروباوەڕێکی دوور لەحزبایەتیەو نابێت تێکەڵ بەحزبایەتی و سیاسەت بکرێت، بەتایبەتی هەردوو ئایینی مەسیحی و ئیسلام کە پێویستە تێکەڵ بەسیاسەتی نەکەن، ئەمەش لەبەرئەوەی ئایین دینێکی ئاسمانییەو پیرۆزی خۆی هەیە، هەردوو ئایینەکە تەئکید لەلێبووردەیی و پێکەوەژیان و ئازادی و ئاشتی و پێوەندی برایەتی دەکاتەوە، بۆیە کاتێك تێکەڵ بەحزبایەتی دەکرێت دەشێوێنرێت. لەهەرێمی کوردستان کە تاڕادەیەکی باش ئازادی و دیموکراسی هەیە نابێت مامۆستایانی ئایینی و زانایان ڕێگا بەچەند کەسێك بدەن لەپێناو ئامانجە دنیاییەکاندا دین بشێوێنن و لەو پەیامەی کە هەڵگرێتی دووری بخەنەوە،

**ئایین بیروباوەڕێکی دوورە لەحزبایەتیەوە نابێت تێکەڵ بەحزبایەتی و سیاسەت بکرێت، بەتایبەتی هەردوو ئایینی مەسیحی و ئیسلام، پێویستە تێکەڵ بەسیاسەتی نەکەن**

ئەوەی لەزاخۆ ڕوویانداو هانی گەنجانێك درا کە لەئایین تێنەگەیشتوون مەترسی گەورەی بۆ هەڵگیرسانی کاری تێکدەرانە هەبوو، ئێمە وەکو مەسیحیەکان درك بەو جموجوڵ و دەرکەوتنی بزووتنەوەی توندڕەوانە دەکەین کە لەپەنای ئایینەوە دەرکەوتوون و لەکوردستان هانی گەنجەکان دەدەن، ئیسلام بەهیچ شێوەیەك وا توندڕەوی تێدا نییە کە ئەوان ئیدعای بۆ دەکەن، بەڵکو دینێکی ئاشتی و لێبووردەییە، هەندێك کەس هەیە تەماشای ئەو واقیعەی سوریاو میسرو لیبیاو هەندێك وڵاتی عەرەبی دەکەن بەوەی حزبی توندڕەوی ئیسلامی سەرهەڵدەدات، ئەوان لەوە تێنەگەیشتوون کە هەرێمی کوردستان و پێکهاتەو واقیع و پرۆسە دیموکراسیەکە زۆر جیاوازە بەراورد بەو وڵاتانە، گەر بێتوو لەوێ پشێوی هەبێت، ئەوا لێرە ناتوانرێت ئەو پشێوییە سەربگرێت بەوەی لەم هەرێمە دیموکراتیەت هەیەو هەموو لایەك ئازادە لەڕێگای پەرلەمان و دەزگاو ڕێکخراوو شوێنە ئایینیەکان و ڕاگەیاندنەوە مومارەسەی ئەو بیروباوەڕە بکات کە ئارەزوویەتی، ڕەنگە بەهۆی کرانەوەی سنوورەکان و بوونی ژمارەیەك لەئایین و ئایینزاو بیروباوەڕی جیاواز مومارەسەی ژیان و بۆنەو بیروباوەڕ جیاوازی هەبێت، بۆ نموونە بوونی فرۆشگاکانی ئەلکحولی کە دەکرێت لەڕێگای



یاسایی و پەرلەمانییەوە قسەی لەسەر بکرێت نەك لەڕێگای پشێوی و سووتاندنی ماڵ و دوکانی خەڵکییەوە.

ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە پیاوانی ڕووناکبیری ئایینی و ڕۆشنبیر و سەرۆك هۆزەکان و بەرپرسانی حکومەت ئەو پێکەوەژیانە قووڵتر بکەنەوەو ڕێگا بگرن لەهەر مەبەست و مەرامێکی تێکدەرانەو پشێوییەك کە هەڕەشەیە لەسەر میللەتێك، ئەو ئازادی و دیموکراتیەی لەناوچەکەدا هەیە تێکەڵی بزووتنەوەو جموجوڵی توندڕەوانەی ناوچەکانی دەوروبەرمان نەکرێت. لەهەموو دەوڵەت و میللەت و هۆز و حزب و ئایینێکدا هەندێك خەڵکی خراپ هەیە، بەڵام زۆربەی باشن و دەکرێت لەڕێگای پیاوانی ڕووناکبیری ئایینی و مامۆستایانی شارەزاو کەسانی ناسراو و بەتواناوە ڕێگا لەو کەسە خراپانە بگیرێت و هەموو وەکو برا بەیەکەوە بژین، حەزرەتی مەسیح هاتووە بۆ ئاشتی و ئازادی و لێبووردەیی و لەهەموو کاتێکدا تەئکید لەسەر پێکەوەژیان و خۆشەویستی لێبووردەیی کردۆتەوە، هەربۆیە ئێمە هەر لەسەر ئەو بنەما جوانانە بەردەوام دەبین و ڕێزیش لەهەموو ئایین و کەسەکانی تری ناو کۆمەڵگەی کوردستانی دەگرین.

**وەکو مەسیحیەکان درك بەو جموجوڵ و دەرکەوتنی بزووتنەوەی توندڕەوانە دەکەین کە لەپەنای ئایینەوە دەرکەوتوون و لەکوردستان هانی گەنجەکان دەدەن**



# تێنەگەیشتن لەبنەماو مەفاهیمەکانی ئیسلام پێکەوەژیانی ئایینی و ئاینزاکان دەشێوێنێت



دکتۆر محەمەد شاکر*



لێبوردەیی واتە قبوڵکردنی کەســی بەرانبەر، ئەگەر بە شێوە گشــتییەکەی وەری بگرین لە هەر کاتێك هەڵە یا کێشــەیەك هەبێت ئــەوە دەبێت کەســی بەرانبەر لێبوردەیــی هەبێت و لە کەســەکەی تر خۆش بێت، لێــرەدا باســی لێبوردەیی ئایینی دەکەین، کاتێك لە کۆمەڵگەیەك دوو یا زیاتر لە ئایینێکی جیاواز بەیەکەوە هەبوون، ئاینێك لە ئایینەکان لەم کۆمەڵگایەدا ژمارەی زیاتربوو یا باڵادەســتتر بوو هەر وەکو لەکوردستان کە موسڵمان زیاترەو باڵادەســتن و حوکم دەکەن ئەوە دەبێت بۆ پێکەوە ژیان و ئاشــتی و بەرقەراری ئاسایش و پاراستنی ئازادییەکان بەرانبەر بە ئایینەکانی تر لێبوردەییان هەبێت و بەرانبەرەکەی قبوڵ بکات و ماوەی پێبدات بۆ ئەوەی بەئازادی مومارەســەی بنەماکانی ئایینی خۆی بکات، بۆیە لێبوردەیی ئایینی ئەوەیە کە پێویستە هەمــوو ئایینەکان لەم وڵاتەدا لەگەڵ یەکتــر پێکەوە وەکو برا بژیــن و مافی خۆیان هەبێت و بە ئازادی و بە پێی پێویســت مومارەسەی شێوازو بنەماکانی ئایینی خۆیان بکەن.

هەموو ئایینەکان لەپێش هەموانەوە ئایینی ئیسلام تەئکیدی لەسەر پێکەوە ژیان کردۆتەوە، ئایینی ئیسلام بەرانبەر بە عەقیدە کە لە هەموو شــتێك گرنگترە، ئیسلام ئەوەی فەرزنەکردووە کە یەکێك بەزۆر بکەیتە موسڵمان، بۆیە مەسیحییەك یا یەهودییەك ئــەوە باوەڕو ئایینی خۆیەتی و خۆی ئازادە چی هەڵدەبژێرێت، هەر بۆیە لــە قورئان خوای گەورە بڕیــار دەدات(لا اكراه فی الدين)، چونکە هەموو کاتێك ئیسلام جەختی لەسەر ئازادییەکان کردۆتەوەو ئایینی ئیسلام هەر لە ناوەکەشی ڕا دیارە کە ئایینی ئاشــتی و پێکەوە ژیانەو لەمبارەیەوە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزمــان هەیە هەر بۆ نموونە لــە ئایەتێکی تر خوای گەورە ئەمر دەکات(و لو شاء ربك لجعل الناس امة واحدة)، ئەگەر خوا بیویســتایە ئەو کۆمەڵگایەی سەر ڕووی زەوی هەر هەمووی لەســەر یەك میللەت و یەك عەقیدەو بیروباوەڕ دروســت دەکرد، بــەڵام کە تۆ یا یەکێك یا کۆمەڵە کەســێك بە زەبرو زۆری وا لەخەڵك دەکەن کە ئیســلام بن ئەوە ڕەوا نییەو لە ئایینی ئیسلام بوونــی نییە، بەڵکو جیاوازی لە بیروبڕواو عەقیدە ســونەتێکی کەونییــەو ئیرادەی خوای گەورەی لەســەر بووە، ئەگەر خوای گەورە بیویســتایە هەموو کەس موســڵمان بێت ئەوە خەڵکی بە بیروبڕوای جیاواز دروست نەدەکرد، تاوەکو لە ئایەتێکی تر باس لەوە دەکات کە ئەو بیروبــاوەڕە جیاوازە بۆ ئەوەیە لە چاکەکردن مونافەسە بکەن، لەلایەکی ترەوە ئەو جیاوازی بیروباوەڕە سوودی زۆرە بەتایبەتــی بۆ ئاڵوگۆڕکردنی چاکەکردن و ئەزموونەکانی یەکترو، هەروەها کە ئیسلامیش هاتووە، ئایینەکانی پێش خۆی لانەبردووە، هەروەها کە باسی قورئانی پیرۆز دەکرێت دەڵێت قورئان کتابێکی ئیلاهیە کە هاتۆتە خوارەوە و پەسەندی پەڕتووکەکانی تر دەکات کە لە پێش خۆی لەلایەن خواوە هاتونەتە خوارەوە، واتە پەســەندی تەورات و ئینجیل دەکات و قورئان بۆ ئەوە نەهاتۆتە خوارەوە کە ئیلغای مەســیحی و یەهودی لە بنەڕەتەوە بکات. خەڵك ئــازاد بووە کە چ بیروباوەڕێك بۆ خــۆی هەڵدەبژێرێت، ئەگەر تەماشای مێژووی ئیسلامیش بکەین دەبینین ئەو ئازادییە هەر هەبووە، پێغەمبەر(د.خ)لەدەوڵەتی مەدینە کە پێکهاتەکەی موســڵمان و جوو بوون وەســیقەیەکی دەرکرد کە بە دەستووری مەدینەش ناسراوە لەم دەســتورەدا تەئکیدی لەسەر پاراستنی مافەکانی جوولەکە کردۆتــەوە، هەروەها پێغەمبەر(د.خ) ئەمر دەکات(یهود بنی عوف امه كالمســلمين)، واتە جوولەکەکانی بنی عەوف خەڵکانێکن وەکو موسڵمانەکان، هەر پێغەمبەر(د.خ) لــە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێت(لهم مــا لنا وعليهم ما علينــا)، واتە مافەکانیان دەبێــت بپارێزرێت و نابێت بە زەبری شمشــێر کاریگەرییان لەسەر دروســت بکرێت، بەڵکو ئازادن و بە ئارەزووی خۆیان دەتوانن مومارەســەی شــەعائیری ئاینی خۆیان بکەن، لە ســەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدینیش ماف و ئازادیەکانی مەسیحیەکانیش بەهەمان شێوە پارێزراو بوون، هەر بۆ نموونە جارێکیان کۆمەڵە مەســیحییەك داوایان لە ئیمامی عومــەری کوڕی خەتاب(ر.خ) دەکەن کە نوێژ لە کەنیســەی بــکات، بەڵام کاتێك کە ئیمامی عومەر(ر.خ) چوو نوێژ بکات پەشیمان دەبێتەوەو دەڵێت دەترسێم ڕۆژێك لە ڕۆژان موسڵمانەکان بڵێــن ئیمامی عومەر(ر.خ)نوێژی لەو کەنیســەیە کردووە ئەوە موڵکی موســڵمانانەو لەبەر بەرژەوەندی ئێــوە نوێژ لێرە ناکەم، هاوکات زانایانی ئیسلامیش باس لەوە دەکەن ئەو ئازادییەی کە بۆ مەسیحی یا جوو یا هەر ئەو کەسانەی کە ئیسلام نین هەیە ئەوە پێویســتە ئەو ئازادییە شمولی ئەوە بکات کە ڕاوبۆچوونی خــۆی دەرببڕیت و بەرگری لە ئاینی خــۆی بکات و هەقی ئەوەیان هەیە کە ڕۆژنامەو گۆڤار بۆ خۆیان دەربکەن و دەتوانن موناقەشــەش لەگەڵ موســڵمانان بکەن بەمەرجێك هەســتیان بریندار نەکەن.

هــەر وەکو مەبدەئی جیهاد کە لە ئیســلامدا هەیە، بەڵام ئــەوەش موتڵەق نییە، بەڵکو هۆکاری خــۆی هەیە، بۆیە کە جیهاد لە ئیســلام تەشــریع کراوە بۆ مافی مانەوەو ئاسایشەو مومارەســەکردنی شــەعائیری خۆتە، ئەوەش ئەو کاتەی کە بەرانبەرەکەت هاتوو و ویســتی زوڵمــت لێ بکات، لەو کاتەدا مافت هەیە بەرگری لە خۆت بکەیت، بەڵام لەســەر شــەڕی هێرش بردن نە ئیســلام نە قورئانی پیرۆز بڕیاری لێ نەداوە، بۆیە لە چەند ئایەتی قورئاندا هاتووە(وقاتلوا فی ســبيل الله الذين يقاتلونكم)، گەرچــی بەداخەوە زۆر لە توێژەرانی بیری تەکفیری یان پارتە ئیســلامییە توندڕەوەکان زۆر جار ئایەتەکان لە ســیاقی خۆی دەبەنە دەرەوە و بە کورتکراوەیی دەیخوێننەوە هەر وەکو(وقاتلوا فی ســبيل الله) و ڕادەوەســتن، لەکاتێکدا ئەگــەر ئایەتەکە تەواو بکەیت ئــەوە دەزانیت هۆکاری هاتنی ئەم ئایەتەو شــەڕەکە لە پێناو چییە، واتە شەڕی ئەوانە بکەن کە شەڕتان لەگەڵ دەکەن، لێرەدا ئەوەی شەڕ دەکات بەرانبەرەو موســڵمان بەرگری لە خۆی دەکات، بەڵام شــەڕی هێرشبەر لەبەر عەقیدە بەهیچ شــێوەیەك ئیسلام بڕیاری لەسەر نەداوە، ئــەو کەس و لایەنانە بۆیــە ئەو ئایەت و دەقانە بەم شــێوەیە دەخوێننــەوە تاوەکو لەگەڵ بیروباوەڕو ئامانجە سیاســییەکەی خۆیان بگونجێت و بەشــێوەیەکی نابەجێ ئایەتەکە دەخەنەڕوو کە ماناو لێکدانەوەکەی وەکو خۆی نابێت و دوورە لە ســیاقی ڕاســتەقینەی خۆی، گەرچی ئیسلام لەگەڵ ئەو کارە نییە و دوورە لێی، لەلایەکی ترەوە کەســانێکی تریش هەیە کە هیچ لە قورئانی پیرۆز نازانن و دوورن لە بیری ئایینی ئیسلام و یەکسەر ئــەو لێکدانەوە ناتەواوانەش لە تەکفیریەکان و حزبە ئیســلامیە تونــدڕەوەکان وەردەگرن و دەچێتە بیــرو هزریان و قبوڵی دەکەن

زۆر لە توێژەرانی بیری تەکفیری یان پارتە ئیسلامییە توندڕەوەکان زۆرجار ئایەتەکان لە سیاقی خۆی دەبەنە دەرەوەو بە کورتکراوەیی دەیخوێننەوە

و هەڵســـوکەوتی پێوە دەکەن، شەڕی هێرشکەری و کوشتاری خۆت دەستی پێ بکەیت ئەوە بە هیچ شێوەیەك ئیسلام ئیقراری لەسەر نەکردووە و دوورە لە ئەخلاقیاتی ئیسلامیشەوەیە.

هەروەکو ئاماژەم پێدا مەبدەئی بنەڕەتی ئیسلام هەڵسوکەوتی ئاشتییانەیە هەروەکو لە قورئانی پیرۆز هاتووە(لا ینهاکم الله عن الذین لم یقاتلوکم فی الدین ولم یخرجوکم من دیارکم ان تبروهم و تقسـطوا الیهم ان الله یحب المقســطین)، واتە خوای گەورە نەهیتان لێ ناکات (ئەهلی کتاب) ئەگەر لەگەڵ مەسـیحی و جولەکە باشـبن، لێرەدا مانای وشەی قسط تەنیا ئەو نییە کە لەگەڵیـان دادپەروەربن، بەڵکو مانـای ئەوەیە کە زوڵمی لەســەر لاببەیت و بەرگریشـی لێ بکەیت بۆ ئەوەی زوڵمی لێ نەکرێت. پێویســتە حزبی ئیسلامی ئەگەر ڕاست دەکەن و لەگەڵ بنەماکان و سیستەمی ئیسلامی دەگونجێن ئەوە نابێت ئەو ئاراسـتە توندوتیژیەیان هەبێـت، لەبەر ئەوەی توندوتیژی بیروباوەڕلە ئاڕاســتەی ئیســلام نییەو نابێت بە هیچ جۆرێك ئیسلام بەکاربێت بۆ مەرامی سیاسی، کێشەی سەرەکیش لەگەڵ حزبی ئیســلامی ئەوەیە کە ناوی ئیسلامیان لە خۆیان ناوە و ئایینی ئیســلامیش بۆ ئەوە نەهاتووە سیستەمێکی دیاریکراو بەسەر خەڵك بسـەپێنێت، لەبەر ئەوەی لەکاتێکدا سیستەمێکی دیاریکراوبوایە، بۆی هەیە لەگەڵ سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) و خەلیفەکانی ڕاشیدین بگونجایە، بەڵام لەگەڵ سەردەمەکانی تر نەگونجایە کە پێشـکەوتوو ترە و سەردەمی تەکنەلۆژیایەو ئایینی ئیســلامیش خوای گەورە دایناوەو دەزانێ کەون چی بەسەر دادێت و هەندێ شـتی بە جێگیری دانا وەکو عەقیدەو ئەخلاقیات کە ئەوانە نابێت بگۆڕدرێن، بەڵام سیاسەت لەناو ئەو شتانەیە کە گۆڕانکاری بەسەر دادێت، هاوکات ئایینی ئیسلام عەقیدەیەکی پاك و ئەخلاقیاتێکی نموونەیی و بەرزە و ئیســلام بۆ ئەوە نەهاتـــووە دەوڵەتێکی ئیســلامی دابمەزرێنی، بەڵکو ئایینی ئیســلام بۆ ئەوە هاتووە ڕەوشــتە بەرزەکان پەرەپێبدات، ئەوانە کارو ئەرکی ئیســلامە، بەڵام سیاسەت شتێکی دنیاییە، بەڵکو ئەو توندوتیژیانەی کە لەلایەن حزبە ئیسـلامییەکان بە تایبەتـی تونڕەوەکان بەکاری دەهێنن بۆ گەیشـتن بە هەندێ ئامانجی ســەرەکی سیاسی خۆیانە و ناکرێت حزبی ئیسلامی بڵێت من حوکم دەکەم بە ناوی ئیســلام، چونکە ئیســلام وەکو وتمـان سیســتەمێکی دیاری نەکردووە. بەڵام ئاینی ئیســلام لەبەرانبەر سیاسەت چەند شتێکی باسکردووە (واذا حکمتم بین الناس ان تحکمـوا بالعدل)، واتـە دادپەروەربن و چاکە بکەن و بەرژەوەنـدی خەڵـك ڕەچاو بکەن و خزمــەت و گوێڕایەڵی وەلـی ئەمرتان بکـەن و ئەوانە بنەمای ســەرەکی و بنەڕەتی ئایینی ئیســلامەو هەر حزب و لایەنێکیش بگریت(ئیســلامی یا عیلمانی یا دیموکراتی یا کۆماری بێت) کە ســەیری پەیڕە و پرۆگرامی ناوخۆی دەکەیت ئەو خاڵ و بنەما ســەرەکیانەی لە خۆ گرتووە، بەڵام ئەو حزبە ئیســلامیانەی ئێستا کە ناوی ئیســلامیان لە خۆناوە، لە بنەڕەتە نەدەبوو بە ناوی ئیسلامەوە بێنە گۆڕەپانی سیاســی و نەدەبوو ئەو پەردەو جلوبەرگە لەبەر بکـەن بۆ ئەوەی خەڵکی پێ چەواشــە بکەن کە گوایە ئەوان بەرگری لە ئایینی ئیســلام دەکەن، چونکە سیستەم و بواری ئایین دیارە، گەرچی ئەو حزبە ئیســلامیانەو ئەو حزبانەی تر کە لە بەرانبەریان هەیە وەکو حزبە عیلمانییەکان ئەوە بە کافری دادەنێن و ئەمەش دوورە لە ڕاسـتی، لەبـەر ئەوەی ئەو حزبە کافر دەبێت کە عەقیدەی نەبێت و باوەڕی بە بنەماکانی ئیسلام نەبێت، بـەڵام حزبێك باوەڕی بەعەقیـدەو بنەماکانی ئایینی ئیســلام هەبێت و مومارەسەی شـەعائیرەکانی ئیسلام پیادە بکات ئەوە ناوی ئیســلامیش نەبێت ئەوە هەر موسڵمانە، بۆیە خوای گەورە ئەمری کردووە(واذا حکمتم بین الناس ان تحکموا بالعدل) ونەیگوتووە بەپێی شەریعەتی ئیسلامی، لەبەر ئەوە هەر کەسێکی حاکم کە دادپەروەری لە ناو کۆمەڵگا بەرپابکات ئەوە حوکمەکەی لە ١٠٠٪ ئیسلامییە و ئامانجی ئایینی ئیسلامی پیرۆزیش ئەوەیە.

ئەرکی حکومەت و مامۆســتایانی ئاینی ئیسلام و هەموو لایەکمانە ئەو تێکەیشـتنە هەڵانەی لەسەر ئاینی ئیسلام هەیە چارەسەری بکەن یا ئەو توندوتیژیانەی بە هەر هۆکارو ڕێگایەك لە ناو کۆمەڵگا دێتە پێشـــەوەو بڵاودەکرێتەوە ئەوە بنبڕ بکرێت، کەســانێك هەن کە زانیارییان لەســەر ئاینی ئیسلام و قورئانی پیرۆز نییە کە ئێزیدیەك یا مەســیحییەك دەبینن ئەوە وادەزانن ئەوە گوناهە کە ئەوانە دەژین و بە پێویستی دەزانن ئەوانە نەبن، گەرچی بە پێچەوانەوە ئاینی ئیســلام ئــەو مافەی پێداون و پێغەمبەر(د.خ) جارێکیان لەبەر جەنازەیەکی جوولەکە هەستایەوە لەو کاتەدا ئەسحابەکان وتیان ئەوە جوولەکەیە بۆ هەستایتەوە و پێغەمبەر(د.خ) لەوەڵامدا وتی ئەدی ئەوەش نەفس نییە، بەڵکو تەکریمەکە هەمووی دەگرێتەوە، هەروەها نابێت مامۆســتایانی ئایینی لەسەر مینبەر هانی خەڵك بۆ توندوتیژی بدەن و دەبێت مەفاهیمەکان وەکو خۆی بــە خەڵك و کۆمەڵگا ڕابگەیەنن و وابکەن هەر یەکە ڕێز لە بەرانبەرەکەی خۆی بگرێت، پێویســتە بە جوانی و ڕێکوپێکی هەڵســوکەوت لەگەڵ برا مەسیحیەکان بکات بۆ ئەوەی پێکەوەژیان و ئاشــتی و لێبوردەیی لە ناوماندا هەروەکــو خۆی و باشــترو زیاتر جێگیر بێــت و ببێتە مایەی خۆشی و ئاسوودەیی بۆ هەموو کۆمەڵگاکەمان و وڵاتەکەمان.

لەلایەکی ترەوە ئەوەی لە کوردستان جێگای دڵخۆشییەو هەموو لایەکمان شانازی پێوە دەکەین ئەو پێکەوەژیان و برایەتییەیە کە بەدرێژایی مێژوو لــە ناوماندا هەیە، هەموو ئایین و ئاینزاکان بە بێ کێشــەو گرفـت وەکو برا پێکەوە ژیاوین کەس دەســت درێژی نەکردۆتە ســەر یەکتر بە بیانــوی ئایین و عەقیدەوە کوردســتان بۆتــە پەناگاو ماڵــی ئەو مەســیحیانەی کە لە شارەکانی تری عێراق زوڵمیان لێ دەکرێت، هەرێمی کوردستان نیشــتمانی هەموو ئاین و ئاینــزاکان بووەو ماف و بیروباوەڕی هەموو لایەکی تێدا پارێزراوە. بەڵام پێویستە حکومەت و لایەنی بەرپرس و ئایین و ئاینزاکان لە هەرێمی کوردســتان ئاگاداربن ئەگەر پلانێك هەبێت بۆ شــێواندن و تێکدانی ئەو پێکەوەژیانە ئەوە بە بەزووتریــن کات و بەبەرنامەیەکی تۆکمەو ورد هەوڵی دۆزینــەوەی دەستەگێرەشــێوێنەکان بــدەن و ڕێــگا چارەی کێشــەو گرفتەکان بدۆزنەوەو پێش لەهەموو چەواشــەکارییەك و دوژمنکاریــەکان بگیرێت بۆ ئــەوەی پێکەوەژیانی نموونەی هەرێمی کوردســتان پارێزراو بێت و زیاتر بەرەوپێشەوە بچێت و برایەتی و ڕێزگرتن زیاترو گەورەتر بکرێت و ئەو کێشەیەی بەم دواییــە لە دهۆکی بادینان ڕوویدا ئەنجامی تێنەگەیشــتنە لە بنەمــاو مەفاهیمەکانی ئاینی ئیســلامی پیرۆز و دەبێت هەوڵبدرێت ئەو کەلێنەی هەیە کە تێیدا دوژمن و چەواشەکاران کاری لەسەر دەکەن بدۆزرێتەوەو کەلێنەکەش بە بەرنامەو کاری باش و جیدی چارەســەرو پڕ بکرێتــەوە، چونکە ئەوەی کە ڕوویدا شــتێکی ئاســایی و بچووك نەبــوو و دەبێت پێش لەو ڕووداوانە بگیرێت دنا تەشەنە دەکات و زۆر مەترسیدارەو دەبێت ڕۆڵی یاســاش لەبەرچاو بگیرێت و بە دادپەروەرانەو بە وردی کێشــەکان چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی قەت لە ناو کوردستان ئەو توندوتیژییە نەبووەو نابێت دروستیش بێت.

*** مامۆستای کۆلێژی شەریعە لە زانکۆی سەلاحەدین**

**کێشەی سەرەکی لەگەڵ حزبی ئیسلامی ئەوەیە کە ناوی ئیسلامیان لە خۆیان ناوەو ئایینی ئیسلامیش بۆ ئەوە نەهاتووە سیستەمێکی دیاریکراو بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت**

**ئیسلام بۆ ئەوە نەهاتووە دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنی، بەڵکو ئایینی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە ڕەوشتە بەرزەکان پەرەپێبدات**

# بارودۆخی پاش کشانەوەی ئەمەریکا؟



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

بە نزیــك بوونەوەی وادە چاوەڕوانکراوەکەی ســەری ئەمساڵ، کاتژمێر لە سفر نزیك دەبێتەوەو کۆتایی دێت بەمانەوەی بوونــی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراقدا، لە پێناوی خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی سەنگین و هێمنانەو لەسەرەخۆ بۆ ئەگەرو شیمانەکانی ئەو شتانەی لە پاش تەواوکردنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکەونەوە..

گرنگە کۆمەڵێك حەقیقەتی تایبەت بە ئامارو داتای وردەوە بخەینــەوە بیری خۆمان، ئەو حەقیقەتانە پێمان دەڵێن:

عیــراق هێزێکی زۆرینــەو بێشــوماری چەکداریی هەیــە، بەڵام ئامێرو کەلوپەلی ســەربازیی نییە، بەو زۆرینەیەی ژمارەی ســەربازەوە، نە هێزی ئاسـمانی و نە چەکە ســتراتیژییە قورســەکان بە شــێوەیەکی یەکلاکــەرەوەو گەوهەرییانە ســازو ئامــادە نەکراون، ئــەوەش بەهۆی نەبوونی خودی جۆرو بڕی چەکەکان و گۆڕینی فێرگەکان و بڕوای سەربازییانەو زەرورەتی دۆزینەوەی ئەو ڕاهێنەرە مەشقدەرانەی پسپۆڕن لەسەر چەکە چاوەڕوانکراوە نوێیەکان، لەگەڵ بەجێگەیاندنی ئەو مەشقانەی ماوە زەمەنییەکان چڕوکورت دەکەنەوە، ئەوەش لە پێناوی وەرگرتنی ئەزموونە پێویستەکان بۆ ئەو ڕووبەرەی کەدرێژ بۆتەوە..

هیچ شتێك لە حەقیقەتەکە ناشێوێنین لەکاتێکدا گەر بێــت و بڵێین: تواناکانی هەواڵگری نیشــتمانی زۆر نالەبارەو لە ئاستی پێویستدا نین و لەوانەشە داهێزراویش بن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەمووچەکەکانی ناو سوپا هێماکانی گەندەڵییان پێوە دیارەو لەم ساڵانەی دواییشدا لەسەر ئەم چەکانە کۆمەڵێك ڕیسوایی ئاشکرا کراون، هەروەها هەندێك خروقات ئەنجام دراون، ئەوەش بەهۆی فرەیی ژێدەرو ســەرچاوەکان و بەهۆی دابەشــبوونی هەنــدێ لەهێزە سیاســیەکانەوە کەلەلایــەن چەندین جەمســەری هەمەجــۆرو لایەنی حزبییــەوە فەرمان وەردەگرن، نەك لە لایەنە پیشەییەکانی سەربازییەوە..

کەواتــە واقیعیەتێکــی ســەربازیی لەســەر زەمین ئامادەگــی نییە، ئەوەشــی دێتە ســەر کە تێکڕای بارودۆخی گشتی بەشێوەیەکی دروستانە سازو ئامادە نەکراوە تا بتوانرێت خزمەت بــە دامەزراوەیی کردنی دەوڵەتییانە بکرێت، بەشێوەیەکی وا کەیاسا فەرمانڕەوا بێت لە دامەزراوەکاندا، تا کاروبارەکان پیشەییانەو بەپێی پسپۆڕی و کەفائەت و ئامانجەکان بەڕێوەبچن..

لێــرەوە بۆمان دەردەکەوێت کــە بارودۆخی عێراق پڕو تژییە بەهەڕەشەو کۆمەڵێك مەترسی چاوەڕوانکراو بۆ داهاتوویەکی نزیك..

دیارترینیــان ئەو هەڕەشــانە نین کــە لەناو هێزی تیرۆریزمیدا خۆیان دەشــارنەوە، چونکــە بە لۆژیك وا دەردەکەوێت کە لەڕووی لۆجیســتیەوە ڕێکخراوی قاعیــدە ڕووبەڕووی چەندین زەبــرو پێکەوتن و لێدان بوونەتەوە، چ لەســەر ئاستی ســەرکردایەتییەکەیان و هەروەها لەسەر ئاستەکانی تری ڕێکخراوەییان، ئەمەش وایکردووە ڕۆڵە کاریگەرەکــەی جارانیان بپووکێتەوە، هەروەهــا ڕێکخــراوە توندڕەوەکانی تریــش بەهەمان شــێوەی قاعیدەیان لێ بەســەر هاتووە، بە نموونەش بەعســیە ســەدامیەکان و ڕێکخراوو هێزەکانی سەر بەبەعس کە بەچەندین شــێوەی هەمەجۆرەوە زۆربەیان پاکتاوکراون، یان لەهەمــوو لایەکەوە گەمارۆ دراون، وەکوجارانیش پشتگیرییان نەماوە، هەر وەك چۆن ئێستا لە دەرەوەی سنوورەکانیشــەوە پشتگیری ستراتیژییان لە ڕێکخســتنەکانی بەعسی ســوریاوە پێڕاناگات، کەواتە هەڕەشــەکان لە لاوازی نێوخۆمانەوە دروســت دەبن، هەروەها هەندێك مەترســی ترهەن کە لەچەندین تەوەری تردا خۆیان مەڵاس داوەو لەچەند مەیدانێکی تری ململانێی گەرمەوە دروست بوون و لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەون:

١- یەکێــك لــەو مەیدانانە بەهۆی دەســتێوەردانی هەرێمییەوەیە کە دەســت و پەنجــەی درێژکردۆتە ناو دامودەزگا ئەمنی و ســەربازییەکانەوە، ناشبێت هەروا بەســانایی لە قەبارەی جۆرایەتــی زەق و دیاری ئەو دەستێوەردانە مەترسیدارە پوچ و کەم بکرێتەوە.

٢- دووەمیــن مەیــدان لــەو ناکۆکییە سیاســییە لۆکاڵیانەوە سەرچاوە دەگرن کە لە نێوان جەمسەرە زۆرو زەبەندەکانی ناو دەسەڵاتەوە دروست دەبن، ئێستا لەلایەن جەمســەرێکی ناو دەسەڵاتەوە مەیل خوازییەکی ڕوون و ئاشــکرا هەیە بۆ تاکڕەوێتی لە پێناوی قۆرخکردن و گرتنە دەســتی تاکڕەوانەی دەســەڵات لە بەغدادا، لەوانەشــە ئەم مەیلە زاڵە باڵەکانی واڵا بکات و ببێتە هەڕەشەی هەمەجۆر بۆ فیدراڵیەتی کوردستان هەروەها لەکاتی مامەڵەکردنیدا لەگەڵ پارێزگاکاندا باڵی زیاتر بکێشێت بۆ ستەمکاری و مەرکەزیەتێکی بێزراو.

٣- ســێیەمین مەیدانــی ململانــێ و تاوســەندنی گرێ ئاگرەکە ڕەنگبێت لەو زەمینەســازییە فشەڵەوە ســەرچاوەبگرێت کە نــاو خــودی هێزەکانی ناوخۆو هێزەکانی پاراستنی ســنوورەکانی گرتۆتەوە، هەروەها لــەو نارێکییە بونیادییــەی لەتواناکانی هەواڵگرییدا دروســت بووە، زۆربــەی کارمەندان و کەســانی ناو ئــەم دەزگا هەســتەوەرانە لە پێنــاوی بەرژەوەندی و ئاســۆ تەســکەکەکان، لەکاری پیشــەیی نیشتمانی دوورکەوتوونەتەوە.

٤- مەترســییە بنەڕەتییەکانی نەبوونی ڕێکخستن لە کابینەی حکومــەت، هەروەها نەبوونی بەرنامەڕێژی جیددی بــۆ کاری وەزاریی، کەموکورتی لەکاروباری دەزگاکانی مەدەنــی و ملکەچبوونی دامودەزگاکان بــۆ کۆمەڵێك میکانیزمی وا کە بە هیچ شــێوەیەك وەڵامــدەرەوەی ئامانجەکانی دامودەزگای مەدەنییانە نیــن، زیاتر هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە وەك دەســکەوتێك هەموو کێکەکە بۆ خۆیان ڕابکێشــن و لەنێوان هەندێك

جەمسەرو کەسانی نزیك بەخۆیان پارچەکانی دابەش بکەن، بێ ئەوەی ئەو جەمسەرو کەسانە هیچ شتێك دەربارەی پسپۆرایەتی و بەرنامەڕێژی و مەدەنیەت بزانن، بۆ جەخت کردنەوە لەسەر ئەم قسەیە: ئەمجۆرە کارە نەشیاوە گەرچی ڕەهایی تەواوی وەرنەگرتووە، بەڵام ئێستا زۆر باو بووە واتا دامودەزگا نیشتمانییەکان لە پەرەسەندنە ئەرێنییەکان خاڵی نین، با کەمیش بن بەڵام ناگاتە ئاستی ئەرکە فیعلیەکان و هەروەها ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان بەدی ناهێنێت.

دیارترین هێزە هەرێمییەکان کە لەدیمەنی گشتی عێراقیدا بەڕوونی و ئاشکرایی دەرکەوتون، هێزەکانی ئێرانن، کە لەناو مەیدانەکانی عێراقدا ململانێیەکی درێژخایەنیان لەگەڵ ئەمەریکیەکاندا درێژە پێداوە، بە واتایەکی ترخاکی عێراق بەپیت و سازدراو بووە بۆ گەمەکردن لە ڕێگای بەکارهێنانی فاکتەرە ئاینیەکانەوە، ئەو فاکتەرانەی کە هەندێك لە هۆزە سیاسییەکان ئاڵا هەڵگرین و هەندێك هێزی سیاسی بە بەرنامەوە ئەم فاکتەرە دەقۆزنەوە. هەروەها بەپشت بەستنی تەواو بەهێزە میلیشیاییەکان خۆیان تەیارداوە، بە تایبەتی ئەوانەیان کە بۆماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ لەناو خاکی ئێراندا مەشق ئەدرێن و هەر لەوێش ژیابوون و گۆشکراون. هەروەها هێزە هەواڵگرییە سەربازیەکانێتی کەلەسەر خاکی عێراق و لە ژێر ناوی کۆمپانیای ئابووری و پیاوانی ئاینی کاراکراون، هەروەها ئەم باڵە دزەی کردووەتە ناو دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی عێراقەوەو لەسەرشێوازی میلیشیا کار دەکەن، چ ئەوانەیان کە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقین یا ئەوانەی تریان کە بەڕەسەن عێراقی نین.

مەترسی سەرەکیتریش، لەومامەڵەکردنە لاوازو سلبیانەدایە کە لەبەرامبەر وەڵامنەدانەوەی هەر دەستێوەردانێکی هەرێمییەوە دێن چ لەوڵاتانی دراوسێوە یان لەوڵاتانی ترەوە بێت، یەکەمین ڕێگای دەربازبوون لەم مەترسییانە تەنیا بەهۆی گۆڕانکارییەوە دەکرێت تا لە ناو بونیادەکانی حکومەتەوە دەست پێبکات، ئەوەش بەپشت بەستنی تەواو لە ڕێگەی سیستمی هاوبەشی کردنەوە، هەروەها سەرخستنی کارەکان لە ڕێگای بەرنامەیەکی یەکگرتووی هاوبەشەوە کە وردەکارییەکانی ئەو بەرنامەیە سەرخستنی بونیادییانەی دامودەزگای دەوڵەتییانەی نیشتمانی تێدا وەدی بێت، بۆ ڕزگار بوون لەهەموو شێوازەکانی تری گەندەڵی و پاککردنەوەی دامودەزگا نیشتمانیەکان لەم دەردە پیسەی گەندەڵێتی. دواترداوای هاریکاری نێودەوڵەتی بکەین..

تاکو دڵسۆزانەش دەستوور هەموار نەکرێتەوە، هیچ ڕێگا چارەیەکی تر بۆ ئەو گرفتە ئاڵۆزانە بوونی نییە، دەستورێك هەر بەپێی تێکستەکانی ناو خۆی، ماوەی ٧ ساڵە لەچاوەڕوانی هەموارکردنیداین، تا بە ئاراستەی دارشتنەوەی یاسای حزبەکان و هەڵبژاردن و دەزگا قەزائیەکان بچێت، لە پێناوی ئەوەی یاسایەکی تایبەت لە ئەنجومەنی فیدراڵییەوە دەربچێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نیشتمانی عێراقی کە نیسابی یاسایی تەواو بێت و لە هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتی فیدراڵی پێکهاتبێت، تاکو قۆناغی دامەزراندنی نیشتمانی تازەمان ئازادانەو سەربەخۆ بێت..

ڕەنگە ئەو یاسایانەی ئاماژەمان پێدان، کاتێك ئەنجام بدرێت کە لەلایەن دەزگا قەزائیەکان و سەربەخۆیی قەزاوە بپارێزرێن، هەروەها بواری خوێندن نوێ بکرێتەوەو بەئاراستەی پرۆژەکانی بونیاتنانەوەی نیشتمانی و داخوازییەکانی ئەم بونیاتنانەوەیەوە بچێت.

ئیرادەی نیشتمانی وا دەخوازێت دیالۆگی نێوان سەرکردایەتیەکان بە ئاراستەی دروستی کاروانی دیموکراتی ڕاستەقینەوە ببرێن نەك دیموکراتی ساختە، هەروەها بەخێراییەوە هەموو لایەنەکان بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی فراوان بانگهێشت بکرێن کە تێیدا هەموو ئەو هێزانەی دڵسۆزن بۆ بونیاتنان و سەرخستنی بنەماکانی کاری سیاسی نیشتمانی بەشداربن تێیدا، لەوێدا سێکوچکەی گەندەڵی و تیرۆرو تائیفیەت ڕەت بکەنەوە.

بەخێرایی کاروانی کارو بونیادنانەوە پێش هەر کاروبارێکی نەرێنی تر بکەوێت بە تایبەت ئەو کاروبارانەی هەڕەشەن بۆ یەکێتی نیشتمانی وڵات و سەروەربوونی، بەڵکو هەڕەشەن لە ناسنامەو بوونی نیشتمانیمان..

نامانەوێت بەهۆی خاوبوونەوەو شلبوونەوەی کارەکانەوە، بەرەو بارودۆخێك بچین کە هەڕەشە بێت لە هەموومان، نغرۆبوونی کەشتییەکە بێ ئاوارتە (بێ ئیستیسنا) هەڕەشەیە بۆ لەناوبردنی هەموان، لەبەرئەوە باشترە هەمووان ڕەچاوی ئەو کاروانە لەسەرخۆو بابەتیانەی کوردستان بکەین و چاویشی لێ بکەین، ئەو کاروانە وەك مۆدێلێکی نیشتمانی عیراقی وایە بۆ پاراستنی هەموو بەشەکانی عیراقی فیدراڵی و هەمووان دەخاتە سەر ڕێگەی پێشکەوتن و هاریکاری کردنی دراوسێیەکان لەسەر بناغەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی بونیادنەر، ئەمەش بکرێتە ئەلتەرناتیڤی ئەو دەستێوەردانانەی کە کەلێن دەخەنە کاروانی پەرەپێدانەوە و پەرەسەندنەکانیش بە پەراوێز دەخەن!

باشترە ئاگاداربین و دەست بخەینە ناو دەستی یەکترەوەو بۆ بەرزڕاگرتنی ناسنامەی نیشتمانی هەنگاوەکانمان گورجتر بکەینەوە، هەروەها بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی لە عیراقێکی دیموکراتی فیدراڵیدا، هەوڵ بۆ عیراقێك بدەین کە لە ئاسەوارە ستەمکارییەکانی ڕابردووی خۆی دابڕانێك ڕابگەیەنێ، دابڕان لەو ڕابردووەی مافەکانی هاووڵاتیان و ئازادی و داخوازییە ڕەواکانیانی پێشێل دەکرد..؟

لەوانەیە ئەمە بێتە دی، بێگومان ئەگەر بە نیەتی پاکەوە ئەم کاروانی ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ زات دەست پێبکات، ڕەنگە بێتەدی، ئەو کاتەش هەموومان لە هەڕەشەکانی لەناو بردنی خۆمان ئاگادار دەبینەوە .

*** سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە هۆڵەندا**

**خاکی عێراق بەپیت و سازدراو بووە بۆ گەمەکردن لە ڕێگای بەکارهێنانی فاکتەرە ئاینیەکانەوە**

**باشترە هەمووان ڕەچاوی ئەو کاروانە لەسەرخۆو بابەتیانەی کوردستان بکەین کە وەك مۆدێلێکی نیشتمانی عیراقی وایە بۆ پاراستنی هەموو بەشەکانی عیراقی فیدراڵی**



*** ماوەیەکە باس لەوە دەکرێت، پارێزگای سەڵاحەدین وەك هەرێمێکی سەربەخۆ خۆی ڕابگەیەنێت، ئایا بیرۆکەی دامەزراندنی هەرێمی سەڵاحەدین چۆن دروستبوو؟**

- بیرکردنەوە لەوەی پارێزگای سەلاحەدین بکەینە هەرێمێك، بیرۆکەیەکی تازە نییە، چەند ئاڕاستەیەکیش هەبوون بۆ ئەم بیرۆکەیە، بەتایبەتی کە بینمان کەموکورتیەکی زۆر لەپێداویستییەکانی خەڵکی پارێزگاکە هەیە و ئەم شێوازەی ئێستا کە پشتی بەیاسای ٢١ی حکومەتی عێراق بەستووە ناتوانێت ئەو کێشەو کەموکورتیانە چارەسەربکات، لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە هەر لەسەرەتاوە کە داوای دەسەڵاتی لامەرکەزی بۆ پارێزگاکان دەکات لەلایەن حکومەتەوە پەکخراوە و کاری پێناکرێت و هەموو کارەکان بەشێوەیەکی مەرکەزی بەڕێوە دەبرێن، ئەمە لەکاتێکدایە یاسای ژمارە ٢١ بۆ ئەوە هاتۆتە ئاراوە کە کاروباری پارێزگاکان بەشێوەیەکی نامەرکەزی بەڕێوە ببردرێن، کەچی ئەمڕۆ دەبینین هەموو کێشەکان بەشێوەیەکی مەرکەزی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بەڕێوە دەبردرێن ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە دەبینین زۆر دەسەڵاتی هاوبەش هەیە لەنێوان وەزارەت و پارێزگاکان کە بەشێوەیەکی ڕەوا بەپارێزگای سەڵاحەدین نەدراوە بۆیە وەزارەتەکان سوودێکی زۆریان لێ بینیوە لەبابەتەکانی دامەزراندن و دووبارە دانانەوەی پەیکەری فەرمانگەکان لەپارێزگاکەمان کە دەسەڵاتی تەواویان هەیە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەپەکخستنی یاسای ژمارە ٢١ کە دەسەڵاتی بەپارێزگاکان داوە. ئێستا ئەنجوومەنی پارێزگا ناتوانێت لێپرسینەوە لەسەر ئەو کەموکوڕیانە بکات کە هەن.

***بەڵام وەك کاردانەوە بەرامبەر بەم داوایەی ئێوە، بەشێك لە ئەندامانی کوتلە سیاسییەکان و سیاسەتمەداران دەڵێن، پارێزگای سەڵاحەدین ئەو توانایەی نییە ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، چی دەڵێی بۆ وەڵامدانەوەی ئەم کەسانە؟**

- ئەمە شتێکی ورد و ڕاست نییە، چونکە هیچ شتێك نییە بەناوی مقەوەماتی هەرێم لەڕووی داهاتەکانەوە، بۆ نموونە هەرێمی کوردستان بوونی

**هەموو کێشەکان بەشێوەیەکی مەرکەزی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بەڕێوە دەبردرێن**

**زۆر دەسەڵاتی هاوبەش هەیە لەنێوان وەزارەت و پارێزگاکان کە بەشێوەیەکی ڕەوا بەپارێزگای سەڵاحەدین نەدراوە**

## عەمار یوسف

## سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سەڵاحەدین بۆ گوڵان:

# ڕەتکردنەوەی هەرێمی سەڵاحەدین لەلایەن حکومەتی عێراقەوە زۆر جێگای سەرسوڕمان نییە، بەڵکو جێبەجێنەکردنی دەستوور جێگەی سەرسوڕمانە

**پارێزگای سەڵاحەدین (تکریت) ئێستا لەهەوڵی خۆ ئامادەکردندایە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسیەك لەسەر ئەوەی ئەم پارێزگایە بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، ئەم ڕاپرسیەش سەرەتایەك دەبێت بۆ ئەوەی بوونی پارێزگای سەڵاحەدین بەهەرێمێك بکەوێتە چوارچێوەیەکی دەستوورییەوە، ئەم هەنگاو هەڵگرتنە بۆ ڕاپرسی دوای ئەوە دێت کە حکومەتی ناوەندی عێراق داوای پارێزگای سەڵاحەدینی بۆ بوون بەهەرێم ڕەتکردەوە، بەڵام ئێستا پارێزگای سەڵاحەدین بەوە ڕازی نییە و دەیەوێت ڕێگەی دیکە لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا بگرێتەبەر، هەروەها لەکاتێکدا کە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی بەم شێوازەی ئێستای حکومەتی عێراق مامەڵە لەگەڵ پارێزگاکان دەکات، ناتوانرێت خزمەتگوزاری پێویست بۆ هاووڵاتیان دابین بکرێت، یان ئەو کەموکورتیانەی کە هەن چارەسەر بکرێت، بۆقسەکردن لەسەر هەوڵەکان بۆ بوونی پارێزگای سەلاحەدین بەهەرێمێکی سەربەخۆ، گوڵان ئەم پرسەی لەگەڵ عەمار یوسف سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سەڵاحەدین تاووتوێ کرد، ئەمەش دەقی وتووێژەکەیە.**

هەیەو ئەگەر داهاتەکان زیاتر بێت لە١٧٪ی بودجەی وڵات، ئەوا بەهەرێم بوونی خۆی ڕادەگەیەنێت، چونکە زیاتر لەمەی پێ نابەخشرێت، عێراق بودجەیەکی گشتی هەیە ئەمەش سیاسەتی دارایی حکومەتە، بەمەش هەرێمەکان بەپێی ژمارەی دانیشتووان بەشی خۆی بەردەکەوێت، هەروەك چۆن هەرێمی کوردستان بەپێی ژمارەی دانیشتووان لە١٧٪ی بودجەی عێراقی بەردەکەوێت، بەهەمان شێوە پارێزگای سەڵاحەدینیش کە ژمارەی دانیشتووانی زیاتر ٤،٥٪ی کۆی دانیشتووانی عێراق پێکدەهێنێت، ئەو بڕی ٤,٥٪ی لەکۆی گشتی بودجەی عێراقی بەردەکەوێت، ئێستاش کە داوای بەهەرێم بوونی سەڵاحەدین دەکەین مەبەستمان ئەوە نییە حکومەتێکی سەربەخۆ و وەزارەتی دارایی سەربەخۆ و سەرچاوەی داهاتی سەربەخۆمان هەبێت جیا لەوەی حکومەتی ناوەندی هەیەتی

ئەم قسانە زۆر دوورن لەڕاستییەوە، بۆ نموونە ئەو نەوتەی لەکوردستان دەردەهێنرێت داهاتەکەی هەمووی بۆ هەرێمە، یان ئێستا زیاتر لە٦٠٪ی نەوتی عێراق لەبەسرایە، ناکرێ بەسرە بەهەرێم بوونی خۆی ڕابگەیەنێت و هەموو ئەم داهاتە بۆ خۆی بێ، چونکە سەرچاوەی بودجەی عێراق نەوتە، مادام نەوت ئەو گرنگییەی هەیە ئەوا دەبێ نەوتەکە بۆ هەموو عێراق بێت، بەڕاشکاوانەش دەڵێم ئەو قسانەی دەوترێن سەبارەت بەیەك سیاسەتی ئابووری، دارایی، بەرگری، ناوخۆ، بۆیە ئەو قسانەی دەکرێن گوایە ئەم کارە دەبێتە هۆی دابەشبوونی عێراق و نەمانی یەکڕیزی عێراقییەکان لەپارێزگای سەڵاحەدین خەڵك زۆر گرنگییان پێ نادات.

> **ئەو قسانەی دەوترێن گوایە ئەم کارە دەبێتە هۆی دابەشبوونی عێراق و نەمانی یەکڕیزی عێراقییەکان لەپارێزگای سەڵاحەدین خەڵك زۆر گرنگییان پێ نادات**

*** ئایا هیچ ڕێگا چارەیەکی دیکەتان هەیە ئەگەر هاتوو حکومەت بەردەوام بوو لەڕەتکردنەوەی دامەزراندنی هەرێمی سەڵاحەدین؟**

- ئێستا ڕۆشنبیران و چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنی پێیان وانییە پێویست بێ ئیمزا کۆ بکرێتەوە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەر داواکاری دامەزراندنی هەرێمی سەڵاحەدین، پێموایە ئێستا لەبەرژەوەندی کەسدا نییە لەسەر دەستوور باز بدات، ئێمە ئێستا لەقۆناغێکی جیادا دەژین و داواکاری بەهەرێم بوونی سەڵاحەدین زۆر ئاساییە و کوتلە سیاییەکانیش ئاگادارن و خودی سەرۆك کۆماری عێراق کە سەردانمان کردووە

پشتگیریی خۆی بۆ ئەو هەنگاوە دەربڕی بەو پێیەی ئەمە مافێکی دەستوورییە و خۆیشی وەك سەرۆك کۆمار پارێزەری دەستوورە و پشتگیری لەو داوایەی پارێزگای سەلاحەدین دەکات.

*** سەلاحەدین شوێنی سەرۆکی ڕژێمی بەعس بوو، بەڵام سنووری ئەم پاێزگایە جۆرێك لەسەقامگیری پێوە دیارە لەڕووی ئەمن و ئاسایشەوە، چۆن توانیوتانە ئەم بارودۆخە بەو شێوەیە ڕابگرن؟**

- ئێمە دەمانەوێ بەو بارودۆخە ئارامەی کە هەیە وەڵامی ئەو کەسانە بدەینەوە کە پێیانوایە سەلاحەدین بووەتە مۆڵگەی تیرۆریست و کۆنە بەعسییەکان

**پارێزگای سەڵاحەدین پێشەنگ بووە بۆ لەناوبردنی تیرۆریستان و جارانیش دڵسۆزییان بۆ وڵات هەبووە. نەك بۆ چەند کەسێك و هەر بەو شێوەیەش دەبێت**

و ئێمە چۆن توانیومانە بارودۆخەکە بەو شێوەیە ڕابگرین، بێگومان ئەم بارودۆخە بەهەوڵ و هیممەتی هەموو لایەك هاتۆتە ئاراوە، چونکە چەندین حوکمی لەسێدارەدان دەرچووە، هەروەها خەڵکی ئەم شارە چەندین قوربانی داوە بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە هێمن و جێگیرە بێتە ئاراوە، پێویستە ئەوەش بڵێین کە پارێزگای سەلاحەدین پێشەنگ بوو بۆ لەناوبردنی تیرۆریستان و جارانیش دڵسۆزییان بۆ وڵات هەبوو نەك بۆ چەند کەسێك و هەر بەو شێوەیەش دەبێت بەهەموو چین و توێژ و لایەن و ئایین و مەزهەبەکانەوە.

*** لەسەرەتای ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەمیشە سوننەکان دژی فیدراڵی بوون و باسیان لەوە دەکرد کە کوردەکان داوای جیابوونەوە دەکەن، کەچی ئێستا سوننە خۆیان داوای هەرێمی فیدراڵی ئەنبار و هەرێمی فیدراڵی سەلاحەدین دەکەن ئەو گۆڕانکارییە چۆن بوو لەو کاتەوە هاتە ئاراوە؟**

- کاتێك کە ئێمە دژی فیدراڵی بووین ترسی ئەوەمان هەبوو عێراق لەسەر بنەمای نەتەوەیی و تائیفی دابمەزرێتەوە ئێستاش دژی ئەوەین کە بکرێتە سێ هەرێمی (کوردی- سوننی – شیعی)، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی لێکترازانی عێراق، بەڵام ئەگەر عێراق بەو شێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە واتە هەرێمی کوردستان و هەرێمی سەلاحەدین و چەند هەرێمێکی دیکەش هەبن ئاساییە و مایەی ترس و نیگەرانی نییە، چونکە ئەگەر سەیری جیهان بکەین دەبینین زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان پەیڕەوی سیستەمی نامەرکەزی دەکەن تەنانەت لەوڵاتە عەرەبییەکانیش ئەمە هەیە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئیماراتی عەرەبی بکەین دەبینین جووڵەیەکی ئابووری و سیاسی و بونیادنانەوەی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و پەیڕەوی سیستەمی نامەرکەزی دەکات، بۆیە ئێمە ئێستا لەگەڵ ئەو ئاڕاستەیەین کە سیستەمی نا مەرکەزی پیادە بکرێت و هەموو پارێزگاکان ببن بەهەرێم، هەر وەك چۆن یاسا ڕێگای بەپارێزگاکان داوە کە گوند بکات بەناحیە و ناحیە بکات بەقەزا، چی تێدایە ئەگەر پارێزگاش بکرێت بەهەرێم بۆ زیادکردنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆی.

***وەك بینیتان حکومەتی ناوەندی داوای ئێوەی بۆ دروستکردنی هەرێمێك ڕەتکردەوە، ئایا ئێوە ڕەتکردنەوەی دامەزراندنی هەرێمی سەلاحەدینتان چۆن لێکدایەوە؟**

- ڕەتکردنەوەی ئەم داوایە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بۆ ئێمە جێگای سەرسوڕمان نەبوو، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە بۆ ئێمە جێبەجێ نەکردنی بڕگەکانی دەستووری عێراقە، چونکە تەنانەت لەنێو خودی پارێزگای سەلاحەدینیش کەسانێك هەن دژی

**ئەگەر عێراق بەو شێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە واتە هەرێمی کوردستان و هەرێمی سەڵاحەدین و چەند هەرێمێکی دیکەش هەبن ئاساییەو مایەی ترس و نیگەرانی نییە**

**ئەو کێشەو گرفتانەی کە لەسەڵاحەدین هەیە لەنەجەف و کەربەلا و واست و هەموو پارێزگاکانی دیکەش هەیە**

ئەم بیرۆکەیەن، بەهەمان شێوە لەلایەن سیاسییەکانیشەوە، ڕەتکردنەوەی ئەم داوایەش لەلایەن حکومەتی ناوەندی هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەتی ناوەندی نایەوێ دەسەڵاتی پارێزگاکان زیاد بکرێت و دەیەوێ ئەم دەسەڵاتانە بۆخۆی بهێڵێتەوە کە بەڕای من ئەمە هۆکاری سەرەکی ڕەتکردنەوەی ئەم داوایە.

*** ئەگەر بەهەرێم بوونی سەلاحەدین پەسەند کرا، ئایا ئێوە شارەزایی و پسپۆری لەو ئاستەتان هەیە کە بتوانن بەڕێوەی بەرن؟**

- بێگومان ئێمە کەسانی پسپۆڕ و لێهاتوومان هەیە کە لەماڵەکانی خۆیان کەوتوون و نازانین چۆن و لەکوێ بەکاریان بهێنین و چۆن سوود لەتواناو بەهرەکانیان وەربگرین، ئەمەش بەهۆی ئەو کۆت و بەندانەی کە خراونەتە سەرمان.

*** پارێزگای سەلاحەدین لەڕووی کشتوکاڵییەوە تایبەتمەندییەکی هەیە، ئێستا ئاستی کشتوکاڵی چۆنە؟**

- سەبەتەی خۆراکی عێراق بریتییە لەپارێزگای سەلاحەدین، بەڵام ئایا حکومەتی ناوەندی چ پلانێکی ستراتیژی داناوە بۆ پارێزگای سەلاحەدین بۆ گێڕانەوەی ئەم سەروەتە کە هیچی نەماوە و بووەتە بەشێك لەڕابردوو، پێویستە حکومەتی ناوەند گرنگی بەم مەسەلەیە بدات و بیر لەپەرەپێدانی زیاتری بواری کشتوکاڵ بدات، بەداخەوە ئەمەی نەکردو ئێمەش نەمانتوانی سوود لەو زەوییە بەرفراوان و ئەو ئاوە زۆرە وەربگرین کە لەو پارێزگایە هەیە، ئێمە وەك پارێزگا توانای ئەوەمان نییە پرۆژەی ستراتیژی ئەنجام بدەین بەو بودجەیەی کە لەبەر دەستماندایە، بۆیە دەبینین ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەجووتیارانی ئەم پارێزگایە لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.



*** ئایا دەتوانین بڵێین حکومەتی ناوەندی بەئەنقەست بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ پارێزگاکانی سەڵاحەدین و ئەنبار دەکات یان بەیەك ئاست مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات؟**

- بەئەمانەتەوە دەڵێم ئەو کێشە و گرفتانەی کە لەسەڵاحەدین هەیە لەنەجەف و کەربەلا و واست و هەموو پارێزگاکانی دیکەش هەیە، چونکە ئێمە چەندین دیدارو چاوپێکەوتنمان ئەنجامداوە لەگەڵ زۆربەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، لەو دیدارانەدا ئێستاشی لەگەڵدابێ ئێمەو ئەوان هەمان کێشەوگرفتمان دەخستە ڕوو، گەیشتینە ئەو ڕایەی کە تەنیا بە نامەرکەزی و فیدراڵییەت کێشەکانمان چارەسەر دەبێت، بۆیەش داوای فیدراڵییەت دەکەین، چونکە نامەرکەزییەکە جێبەجێ نەکرا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست، واتە لەبەر جێبەجێ نەکردنی یاسای ژمارە ٢١ ناچاربووین پەنا بەرینە بەر دامەزراندنی هەرێمەکان.

*** واتە پێتانوایە چارەسەر بریتییە لەدروستبوونی هەرێمەکان نەك بەتەنیا هەرێمی سەڵاحەدین؟**

- چارەسەر بریتییە لەدەسەڵاتی زیاتر دەسەڵاتیش لەهەرێمەکاندا هەیە، بۆیە پەنا دەبەینە بەر حکومەتی ناوەندی و نامانەوێ هیچ گرفت و کێشەیەك لەنێوان حکومەتی ناوەند و پارێزگاکان هەبێت، ئێمە تەنیا پەنا بۆ پەرلەمان و حکومەتی خۆمان دەبەین لەم مەسەلەیەدا، بەڵام لەوانەیە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەنا بۆ لایەن و شوێنی تر ببەن وەك حزبە سیاسییەکان و هۆزەکان و هەر شوێنێکی تر کە ئەمەش مافێکی سروشتی خۆیانە، بەڵام ئێمە وەکو ئیدارەو پارێزگا تەنیا پەنا بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی دەبەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە و دامەزراندنی هەرێمی

# لەبەهاری عەرەبییەوە بۆ زستانی ئیسلامیی



برنارد لویس لەکتێبی (ئیسلامی ئوسوڵی)دا، کە بەهاوبەشی لەگەڵ ئیدوارد سەعید نووسیویانە، باس لەوە دەکات کە تۆماس جیفرسۆن یەکەم کەس بووە تێبینی ئەوەی کردووە لەحاڵەتی پێکەوە گرێدانی ئایین و سیاسەت حکومەتی مەدەنی تێکدەشکێت، لەحاڵەتی لێکجیاکردنەوەی ئایین و سیاسەتدا حکومەتەکە دەژییێتەوە، بەپێی ئەم تێڕوانینەی برنارد لویس، جیفرسۆن بنەمایەکی پراکتیکی بۆ جیاکردنەوەی کەنیسە و دەوڵەتی لەفیکری حکومڕانی ئەمریکادا داڕشت، ئەم فیکرە (جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت، یا جیاکردنەوەی کەنیسە و دەوڵەت) لە پێش جیفرسۆنیشەوە لەلایەن چەندین فەیلەسوفی دیکەی وەك سبینۆزا و جۆن لۆك و ڕۆسۆ باسی لێوەکراوە، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکەم دەوڵەت بوو هێزی یاسایی بەچەمکی جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت بەخشی، بۆیە لەم ڕووەوە دەکرێت فیکرەکەی جیفرسۆن بەتازە بناسرێت، ئێستاش دوای تێپەڕبوونی ٢٠٠ ساڵ ئەمە بۆتە ڕاستی و واقیعی بنەمای دەوڵەتی هاوچەرخ.

بەڵام ئەوەی سەبارەت بەم مێژووە وەك دیاردەیەك لەوڵاتانی عەرەبی سەریهەڵداوە ئەوەیە کە گۆڕانکارییەکان لەڕووخانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانەوە نەبۆتە هۆکاری ئەوەی ئایین و سیاسەت لێکجیابکرێتەوە و هەنگاو بەرەو حکومەتی مەدەنی هەڵبگیرێت، بەڵکو گۆڕانکارییەکانی ئەوەی پێیان دەوت بەهاری عەرەبی دوای ئەوەی هاوینێکی گەرمی بڕی ئێستا بەرەو زستانی دەرکەوتنی هێزە ئیسلامییەکان هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دەرکەوتنی هێزە ئیسلامییەکان بەرێگەی سندوقی دەنگدان هیچ مەترسییەك لەسەر ئازادییەکانی کۆمەڵگە دروست دەکەن، وا پرسیاری لەبارەوە دەورووژێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێینەوە بۆ بردنەوەی ڕێکخراوی حەماس لەهەڵبژاردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فەلەستین لەساڵی ٢٠٠٦، ئەوکات تۆماس فریدمان نووسەری واشنتۆن پۆست ئاماژەی بەوەکرد «لێگەڕێن با حەماس حکومەتی خۆی دروست بکات و ئەزموونی حەماس لەحکومڕانی ببینین»، بێگومان هەموو جیهان ئەزموونی حکومڕانی حەماسی بینی کە نەك هەر نەیتوانی ئەزموونێکی باش پێشکەش



## پارتە ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەبی بەرهەمی ژینگەیەکی دیموکراتی یان نیمچە دیموکراتی نین و ئەوان لەسەر بنەمای کاری چەکداری و تیرۆرکردن هەنگاویان بۆ میانڕۆیی هەڵگرتووە

بکات، بەڵکو کێشەی فەلەستین و پرۆسەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیشی پاشەکشە پێکرد، بۆیە کاتێك هەڵکشانی حزبە ئیسلامییەکان لەهەڵبژاردنەکان دەبینین، هەست بەجۆرە ڕەشبینییەك دەکرێت لەوەی کە بەهاری عەرەبی بەرەو ئاراستەیەکی دیکە هەنگاو هەڵبگرێت، لەم چوارچێوەیەدا هەندێك ئاماژە بەپارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا (AKP) دەکەن و پێیانوایە، ئەزموونی حکومڕانی (AKP) نموونەیەکی سەرکەوتووی حکومڕانی پارتە ئیسلامییەکانە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا حزبە ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەبی بەپارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا بەراورد دەکرێت؟ هەندێك لەوانەی کە نایەنەوێت خۆیان بەقوڵایی ئەم پرسیارەدا شۆڕبکەنەوە، ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکەن بەڵێ حزبە ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی ئیخوانەکانی میسر دەتوانن هەمان ئەزموونی تورکیا لەمیسر دووبارە بکەنەوە، بەڵام کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ باکگراوندی ئیخوان و چۆنییەتی دروستبوونی پارتە ئیسلامییەکانی تورکیا بەپارتی داد و گەشەپێدانیشەوە، دەبینین پارتە ئیسلامییەکانی تورکیا بەرهەمی هەڵبژاردن و پرۆسەی دیموکراتین، با دیموکراتیەکەش نیشانەی پرسیاری لەسەر بێت، بەڵام پارتە ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەبی بەرهەمی ژینگەیەکی دیموکراتی یان نیمچە دیموکراتی نین و ئەوان لەسەر بنەمای کاری چەکداری و تیرۆرکردنەوە هەنگاویان بۆ میانڕۆیی هەڵگرتووە، بۆیە مەترسییەکە لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، جارێ ڕوون نییە ئایا پارتە ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەبی هەنگاو بۆ بونیادی دەستوورێکی مەدەنی هەڵدەگرن کە هەموو ماف و ئازادییەکان بپارێزێت، یان هەنگاو بۆ ئەوە هەڵدەگرن هەڵبژاردن وەك هۆکارێك بەکاربهێنن بۆ گەیشتن بەدەسەڵات و پاشان کە گەیشتنە دەسەڵات دیموکراتی وماف و ئازادییەکان پێشێل بکەن.

### ئاکامی بەهاری عەرەبی و ڕەشبینییەکانی

کە بەهاری عەرەبی دەستی پێکرد، زۆر کەس بەوە گەشبین بوو کە باهۆزی دیموکراتی دوای ٢٠ ساڵ بەسەر ڕووخانی دیواری بەرلین وڵاتانی عەرەبیش دەگرێتەوە، بەڵام وا نزیکەی ساڵێك بەسەر ئەو گۆڕانکارییانە تێدەپەڕێت، خەریکە نائومێد بوون و ڕەشبینی بە سەرهەڵدانی دیموکراتی لەم ناوچەیە دەست پێدەکاتەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر تۆماس ئەمبرۆسۆی ئوستادی زانستی سیاسەت و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی نۆرس داکۆتا کرد، بەوەی ئایا تاچەند ئەو گۆڕانکاریانە بەرەو ڕەشبینی دەچن؟ لەوەڵامدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (پێموایە لەسەرتاوە پێشبینییەکان زۆر زۆر ئیجابی بوون، بەڵام ئێستا هەندێك شت ڕوویانداوە لەتونس و میسر و هەروەها توندوتیژییەکانی سوریا هەست دەکەین بارودۆخەکە بەرەو ئاراستەیەکی دیکە دەڕوات، پێموایە ئەوەی تا ئێستا لەمیسر ڕوویداوە سلبیە، لەو ڕووەوە کە پێشبینی کرانەوەیەکی دیموکراتی لیبراڵی دەکرا لەجیهانی عەرەبدا، بەڵام ئێمە پێچەوانەکەی دەبینین، کە سەلەفیەکان لەسەدا ٢٥ی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە و ئیخوان موسلمینیش نزیکەی لەسەدا ٤٠. بۆمن جێی سەرسوڕمان نییە کە لەئێستادا ئەمە ببینین.



میهرزاد بۆرۆجیردی بۆ گوڵان:

**کێشەی پارتە ئیسلامییەکان ئەوەیە وادەزانن هەڵبژاردن و دەنگدان یەکجارە کە گەیشتنە دەسەڵات ئیدی دیموکراتی پشتگوێ دەخەن**

## ئەگەرێکی باش هەیە کە لەزۆرێك لەوڵاتاندا پارتە ئیسلامییەکان بگەنە دەسەڵات و دیموکراسی لاواز بکەن

لەبەر ئەوەی لەبەشێکیدا خەڵکی لەبەر ئەوە دەنگ بۆ ئەم پارتە ئیسلامیانە دەدەن لەبەر ئەوەی ڕێکخراوترین پارتن، هەروەها لەبەر ئەوەی پەیامەکەیان دەنگدانەوەی هەیە لەناو خەڵکدا، بەتایبەتی ئەوەی پێوەندی بەئیخوان موسلمینەوە هەبێت، کە ڕێکخراوێك بوو هاوکاری خەڵکی هەژاری دەکرد، کە کاتێك خەڵکی دەنگ دەدەن، ئەوا مەیلێکی سروشتیان بۆ ئەو کەسانەی هاوکاریان کردوون هەیە، ئەگەرچی من باوەڕم وایە ئەو پارتانە نابنە پارتگەلێك کە مافە دیموکراتیە لیبرالییەکان بپارێزن، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەست دەکەن بەسەپاندنی تێڕوانینی خۆیان کە خەڵکی دەنگیان بۆ ئەوە نەداوە، بەڵام بارودۆخەکەش لەهەر وڵاتێکدا جیاوازە، دۆخەکە جیاوازە لەتونس، لەبەر ئەوەی هاوپەیمانێتی پێکهێنراوە، لەحاڵەتی میسردا ئێمە نازانین چی ڕوودەدات لەپێوەندیدا بەسوپاوە، کە ڕەنگە سوپا ڕێگە نەدات بەڕاستی ئیسلامییەکان حکومڕانی بکەن، بەڵام ئەگەر ڕێگەش بدەن، ئەوا متمانەیەکی زۆرم نییە کە دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینە دێتەئاراوە، کەواتە پێموایە چاوەڕوانییەکان لەئاستێکی زۆر بەرزدان، بەڵام واقیعەکە زۆر جیاوازە. هەروەها زۆر زەحمەتیشە ئیسلامییەکان بتوانن دەستوورێکی مەدەنی ئەوتۆ دابڕێژن کە مافەکان بپارێزێت، بۆیە من زۆر ڕەشبینم لەبارەیەوە، ئەگەری زۆر ئەوەیە دەستوور بایەخێکی ڕواڵەتی بەماف و ئازادییەکان بدات، بەڵام ڕەنگە چەند بڕگەیەك لەدەستووردا هەبن کە تەجاوزیان بکەن، ئێمە ئەمەمان لەئەفغانستان بینی، کە نابێت هیچ یاسایەك بنەما ئیسلامییەکان پێشێل بکات، کە ئەتوانیت بۆ هەر شتێك بتەوێت ئەم بڕگەیە تەفسیر بکەیت. خاڵی دووەم ئەوەیە ئەو بڕگانە چۆن جێبەجێ دەکرێن، ئایا دەوڵەت مافی ئافرەتان دەپارێزێت، ئایا کەمینەی ئایینی دەپارێزێت، کاتێك بیر لەمیسر دەکەینەوە، ئەوا ئەگەر من مەسیحیەکی قیبتیی بم، ئەوا زۆر زۆر نیگەران دەبم)).

ئەوەی پرۆفیسۆر ئەمبرۆسۆی ئاماژەی پێدەکات حاڵەتێکی ڕەشبینییە، بۆیە سەبارەت بەسەرهەڵدانی کەلتوری دیموکراتی



پرسیارمان لێکرد، بەوەی ئایا تاچەند ئەم گۆڕانکارییانە زەمینەی لەبار بۆ ئەم حاڵەتە خۆش دەکات، لەوەڵامدا پێی وتین: (بونیادی کەلتوری دیموکراتی زۆر قورسە و کاتێکی زۆر دەخایەنێت و من وای نابینم لەئاییندەیەکی نزیکدا ڕوویدات، لەڕاستیدا جیاوازی نێوان تونس و میسر جێی بایەخە، من باوەڕم وایە تونس دەرفەتی ئەوەی هەیە، بەڵام میسر ئەو دەرفەتەی نییە. دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین کە مەرج نییە خەڵکی میسر ئەو جۆرە کۆمەڵگەیەیان بوێت. پێموایە ئەوەی لەئێستادا دەیبینین لەمیسر سوود وەرگرتنێکی تەواوە لەبارودۆخەکە، چۆن بیانەوێت دەتوانن ئەوا بەکاری بهێنن، هەر بۆ نموونە دەتوانرێت دەسەڵات لەڕێی فیشەکەوە بەدەست بهێنیت، هەروەها ئەتوانیت لەڕێی سندوقی دەنگدانیشەوە، پێموایە ئەگەری زۆرە بەهاری عەرەب بگۆڕێت بۆ زستانی

**ئەگەر ئیسلامییەکان بگەنە دەسەڵات و وەک دیکتاتۆرەکان ڕەفتار بکەن و ماف بەخەڵکی نەدەن، ئەوا خەڵکی ئەمە قبووڵ ناکەن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش فشار لەسەر ئەو حکومەتە ئیسلامییانە دەکەن بۆ ئەوەی ڕێز لەمافی مرۆڤ بگرن**

ئیسلامی و پێموایە ئێستا ئەوە دەبینین)).

هەر لەهەمان بازنەدا بۆ زیاتر وەرگرتنی بیروڕای جیاواز لەسەر ئەم پرسە هەستیارە، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر کرایگ وەرکینتین ئوستادی زانستی سیاسەت لەنیویۆرك کرد و سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: (پێموایە پارتە ئیسلامییەکان، موحافیزکارەکان یان ئوسوڵییەکان هەوڵدەدەن سوود لەو دۆخە گۆڕاوەی دروست بووە وەربگرن، ئەویش بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بەڵام باوەڕم وایە خەڵك بەو شێوەیەی دەیانەوێت بارودۆخەکە دەگۆڕن، واتە خەڵك بۆ مەودایەکی دوورودرێژ تەحەمولی ئەوە ناکەن مامەڵەی خراپیان لەگەڵدا بکرێت، ئەو ڕاستییەی کە شۆڕش لەئارادایە و ئەم گۆڕانانەی لەم وڵاتانەدا لەئارادن، بەڵگەن لەسەر ئەوەی خەڵکی بێزار دەبن لەوەی

مامەڵەی خراپیان لەگەڵدا بکرێت و چیتر قبوڵی ناکەن. کەواتە خراپترین شتێك کە ڕوویدات ئەوەیە پارتە ئیسلامیی موحافیزکار کۆنترۆڵی ئەو وڵاتانە بکەن کە بەهاری عەرەبی تێیاندا ڕوویدا، ئەمەش دەگۆڕێت بۆ زستانی ئیسلامی، ئەو کاتەش دۆخێك دێتەئاراوە کە مامەڵەی خراپ و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ڕوودەدات، دوای ماوەیەك خەڵك تەحەمولی ئەوە ناکەن و گۆڕانکاری دەکەن. لەمەودای دووردا باوەڕم بەتوانای خەڵك کە گۆڕانکاری بکەن و باوەڕم وایە خەڵکیش گۆڕانکاریی لەپێناو باشترکردنی دۆخەکەدا دەکەن. مێژوو ئەوەمان پیدەڵێت، هەندێ جار ئەمە کاتێکی زۆری دەوێت و باوەڕم وایە لەکۆتاییدا کەسی خراپ شکست دەهێنێت و کەسی باشیش سەرکەوتوو دەبێت و هەندێ جار ئەمەش ماوەیەکی زۆری دەوێت، کە ڕەنگە بەهاری عەرەبی ڕاستەوخۆ نەگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکراسیەتی شێوە ئەورووپی لەم وڵاتانەدا، بەڵام دەبێتە هەنگاوێك بەرەو ئەو ئامانجە. هەربۆیە من لەو بڕوایەدام ئەگەرێکی باش هەیە کە لەزۆرێك لەوڵاتاندا پارتە ئیسلامییەکان بگەنە دەسەڵات و دیموکراسی لاواز بکەن، من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا. بەڵام من نازانم ئایا لەدەسەڵاتدا دەمێننەوە بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ یان نە. پێموایە خەڵکانێکی زۆر لەو وڵاتانەدا چاوەڕوانیان هەیە لەبارەی دیموکراسی و ئازادییەوە، ئەگەر ئیسلامییەکان بگەنە دەسەڵات و وەك دیکتاتۆرەکان ڕەفتار بکەن و ماف بەخەڵکی



تۆماس ئەمبرۆسۆی بۆ گوڵان:

**ئەگەری زۆرە بەهاری عەرەب بگۆڕێت بۆ زستانی ئیسلامی سیاسی و پێموایە ئەوەی ئێستاش دەیبینین سەرەتای زستانی ئیسلامی سیاسییە**

نەدەن، ئەوا خەڵکی ئەمە قبوڵ ناکەن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش فشار لەسەر ئەو حکومەتە ئیسلامییانە دەکەن بۆ ئەوەی ڕێز لەمافی مرۆڤ بگرن، باوەڕم وایە ئەوە چەند ساڵێکی دەوێت، ئەوە ماوەیەکی دەوێت بۆ ئەوەی بگۆڕێت، بەڵام بەلای منەوە ئیسلامییەکان دەگەنە دەسەڵات و گۆڕان لەو وڵاتانەشدا ڕوودەدات. هەروەها من گەشبینم کە لەمەودای دووردا، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەو وڵاتانە ئازادییان دەوێت و مافەکانیان دەوێت، ڕەنگە ئەمە چەند ساڵێك بخایەنێت بۆ ئەوەی فشار لەسەر حکومەتەکانیان بکەن تاوەکو ئەو کارە بکەن)).

**چاوەڕێکردن بۆ دەرکەوتنی ئاکامەکان**

لەبەر ئەوەی پارتە ئیسلامییەکان لەمیانەی پرۆسەیەکی دیموکراتی دەنگیان پێدراوە، ئەوا هەموو جیهان دەبێت سەیری ئەوە بکات بزانن حزبە ئیسلامییەکان چۆن لەگەڵ دەسەڵاتدا مامەڵە دەکەن، ئەمە ڕای بەشی زۆری ئەو پسپۆڕانەیە کە چاودێری ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، هەربۆیە سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر جیزاد بۆرۆجێردی ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ماکسویل کرد سەبارەت بەم لایەنە لەوەڵامی پرسیارێکی گوڵاندا بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن و وتی: ((گۆڕانکارییەکان زۆر گەورە و بەرچاو و گرنگن و بارودۆخەکان بەرەوپێشەوەچوونیان بەخۆیانەوە بینیوە. بەڵام هەروەك دەزانن کە ئەم «بەهاری عەرەبی»یە کاریگەریی لەسەر نزیکەی ٪٦٠ لەجیهانی عەرەبی هەبووە، کە بەگشتی ناوچەیەکی نادیموکراسییە لەجیهان، بۆیە پێموایە کە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە زۆر گرنگ و بەرچاو و گەورەیە، بەڵام بێگومان هەر کاتێك ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە ڕوویدات ئەوە بالانسی هێز دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە و هەربۆیە نازانین ئەنجامی کۆتایی چی دەبێت، لەبەرئەوەی هەندێك هێزی موحافزکار لەوڵاتانێك هەیە بۆنموونە «میسر» کە لەهەوڵدانە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئازادییەکان و هاوکات لەدژ ئەو لایەنانە ڕەفتاردەکات کە پاڵپشتی لەکرانەوە و مافە دیموکراسییەکان دەکەن، بۆیە بەڕای من پێویستە جارێ چاوەڕوان بین بۆئەوەی بزانین ئەنجامەکان چی دەبن. ئاکامی هەڵبژاردنەکانیش وەك دەیبینین لە»میسر» و «تونس» و «مەغریب» کاتێك پارتە ئیسلامییەکان نزیکەی ٪٤٠ لەدەنگەکانیان وەدەستهێنا، ئەمەیش نیشانەیە لەسەر ئەوەی کە لایەنگری جەماوەرییان هەیە، بەڵام




کرایگ وەرکینتین بۆ گوڵان:

**لەوانەیە لەزۆرێک وڵاتانی عەرەبیدا پارتە ئیسلامییەکان بگەنە دەسەڵات و دیموکراسی لاواز بکەن، بەڵام نازانرێت ئایا لەدەسەڵاتدا دەمێننەوە بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ یان نە**

پێویستە مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە بکەین کە کۆمەڵگەکان کۆمەڵگەی ئاینین و تیایدا پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان دەنگ بەدەست دێنن، بەڵام من لەوە دڵنیام کە ئەگەر بێت و پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان هەوڵبدەن بۆ دووبارەکردنەوەی هەمان ئەوەی کە لەهەندێك وڵاتی دیکە ڕوویداوە، مەبەستم سەپاندنی بەهاووڵاتیبوونی موحافزکار ئەوە بەتێپەڕبوونی کات کاردانەوەی لێ دەکەوێتەوە و ئەو جەماوەرەی جارانیان نامێنێت، پێدەچێت سەرکردایەتی لە «تونس» و «مەغریب» لەم ڕاستیە بەئاگابن، بۆیە پێویستە چاوەڕوان بین و بڕوانین بزانین «ئیخوانی موسلمین» لە«میسر» و شوێنەکانی دیکە چۆن ڕەفتار دەکەن. بۆیە پێموایە بەگشتی پاش ئەوەی پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان بگەنە دەسەڵات هەوڵدەدەن بۆ بەستنەوەی مافەکانی ئافرەتان و مافی کەمینەکان ...وتاد. و لەئاکامیشدا زۆربەی لایەنگرەکانیان لەدەست دەدەن لەنێو چینەکانی ناوەندی کۆمەڵگەکانیان و لەنێو چینەکانی دیکە کە پاڵپشتییان دەکەن، بۆیە پێویستە جارێ چاوەڕوان بین بۆئەوەی بزانین ئەنجامەکەی چۆن دەبێت)).

بەڵام پرسیارێکی گرنگ لێرەدا خۆی لەو دووخاڵەدا چڕدەکاتەوە ئەویش ئەوەیە هەم چاودێران و پسپۆڕان هەست بەمەترسی دەکەن، هەمیش دەیانەوێت چاوەڕێی ئەوەبن ئەوەی لێی دەترسن ڕوویدات، لەمبارەوە و لەدرێژەی

لێدوانەکەیدا پرۆفیسۆر بۆرۆجیردی وتی: (ئەم مەسەلەیە هەمیشە مایەی نیگەرانییە لەبارەی پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان، لەبەرئەوەی هەمووان پێیانوایە کە ئەمە «یەك جارە و یەك دەنگدانە» بەوشێوەیەی کە تۆ پێتوایە پاش ئەوەی دەنگ بەپارتە سیاسییە ئیسلامییەکان بدەیت ئەوان دێنە سەر دەسەڵات و پاشان پرۆسەی دیموکراسی پشتگوێ دەخەن، بەڵام بەڕاشکاوانە دەڵێم کە بەڕای من پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان بۆحاڵی حازر ئەو شتە ناکەن لەبەرئەوەی پێموایە کە دەرهاویشتەکانی «بەهاری عەرەبی» مایەی سەرسامییە و لەناکاو روویدا و هیچ پسپۆڕێك یان چاودێرێك پێشبینیی رووداني نەدەکرد، بەڵکو ئەم ئۆپۆزسیۆنە بەخۆرسکی سەریهەڵدا، بۆیە من پێموایە کە نەك تەنیا دەستەبژێری دەسەڵاتدار، بەڵکو تەنانەت پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانیش لەهەڵەکانی رابردوو فێربوون، لەورووەوە بۆنموونە کە لەوانەیە نموونەکەی «ئێران» و «عەرەبستانی سعودیە» گونجاو نەبێت و ئەگەری هەیە نموونەکەی «تورکیا» گونجاوتر بێت، بەڵام هاوکات گومانم هەیە لەمبارەیەوە لەبەرئەوەی وڵاتێك کە ٨٠ ساڵ ئەزموونی هەیە وەك وڵاتێکی عەلمانی جیاوازە لەگەڵ جیهانی عەرەبی و بەراوردکردنی زەحمەتە، بۆیە لەوانەیە لەمڕووەوە جیاوازیی هەبێت، بەڵام پێموایە کە هێشتا کاتەکە زووە بۆئەوەی رەشبین بین یاخود حوکمی پێشوەختە بدەین. لێرەدا حەزدەکەم ئاماژە بەشۆڕشی فەرەنسا بکەم، کە «شۆڕشی فەرەنسی» سەریهەڵدا «فەرەنسا» وڵاتی خەڵکانێکی خوێندەوار و تێگەیشتوو و دیموکراسی نەبوو، بەڵکو رێژەی لە٨٠٪ هاووڵاتیان نەخوێندەوار و بێ بڕوانامە بوون، بۆیە من پێموایە کە دەتوانرێت هەندێك لە کەلێنەی مێژوویی ببەزێندرێت بەتێڕوانین لەوڵاتە مۆدێرنەکان کە ئەزموونێکی درێژیان هەبووە لەڕووی لێبوردەیی و ئەم جۆرە بابەتانە، بەڵام مەرج نییە هەموو وڵاتێك بەهەمان ئەو پرۆسانە تێپەڕێت کە وڵاتانی دیکە پێی تێپەڕیون، دەکرێ شتەکان جیاوازبێت، دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم کە هەندێك لەم وڵاتانەی لەوڵاتانی دیکە زیاتر مایەی گەشبینن بۆنموونە لەوڵاتێك وەکو «یەمەن» کە کەلتورێکی عەشایەریی زۆر بەهێز هەیە و وڵاتێك وەك «لیبیا» بارودۆخەکان بەتەواوەتی شێوا لەبەرئەوەی کەلتوری عەشایەریی بەهێز هەبوو و برە چەکێکی زۆر لەدەست هاووڵاتیان هەبوو، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە ئایینەدی دیموکراسی بکەوێتە ژێر هەڕەشەوە، بەڵام لێرەدا دەمەوێ قەناعەتم پێ بهێنی بزانم بۆ وڵاتانێك وەك «تونس» و «مەغریب» و ئەو وڵاتانە ناتوانن ببن بەوڵاتانێکی دیموکراسی، بەڕای من تواناکانی کۆمەڵگەی تونسی لە«تورکیا» کەمتر نییە لەڕووی پرۆسەی بەدیموکراتەزەکردن، بۆیە ناکرێ بەگشتی حوکم لەسەر وڵاتانی عەرەبی بکەین و بڵێین ئەم وڵاتانە ناتوانن دیموکراسییەت بونیاد بنێن، هەڵبەتە ژمارەیەك لەوڵاتەکان دەتوانن بونیادی بنێن. بەڵام وەك لەسەرەتاشدا ئاماژەم پێکرد من هێشتا گەشبینم لەبارەی ئایینەدی ئەم وڵاتانە، ئەمە دوایین بەشی ئەو کتێبەیە



جی دالی تۆماس بۆ گوڵان:

**زۆر رەشبینم، لەبەر ئەوەی لای من جێگەی سەرسوڕمان دەبێت حزبێکی ئیسلامی دەسەڵات بگرێتە دەست و دوای چەند ساڵێک بەئاشتیانە واز لەدەسەڵات بێنێت**

کە هێشتا نەنووسراوە، بۆیە پێویستە جارێ چاوەڕوانبین بۆئەوەی بزانین چی روودەدات. بەڵام پێموایە کە ئێمە لەمامەڵەکردنین لەگەڵ جەماوەرێکی تێگەیشتووتر و بەئاگاتر و هۆشیارتر لەڕووی سیاسییەوە و لەئاکامدا ئەوان هەڵگری ئەم بەرپرسیارەتییە دەبن، پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانیش بژاردنیان لەبەردەمدا هەیە، ئەمڕۆ رێژەی ٤٠٪ لەدەنگەکانیان هەیە و دەتوانن ببن بەزۆرینە، بۆیە پێویستە چاوەڕوان بین و بڕوانین بۆئەوەی بزانین بەشێوەیەکی ئاستبەرز و «راقی» رەفتار دەکەن یانیش هەوڵدەدەن بۆ سەپاندنی رێسا و یاساکان کە ئەمەیش لەئایندەدا کێشەیان بۆ دەخوڵقێنێت لەسندووقەکانی دەنگدان)).

بۆچوونەکانی پرۆفیسۆر بۆرۆجیردی هەم جۆرێك لەگەشبینی پێوە دیارە هەمیش مەترسییەکان ناشارێتەوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە تاچەند لایەنە ئیسلامییەکان دەتوانن ئەو ئیرادەیەی بەهاری عەرەبی دروستی کرد دەستەمۆی بکەن؟ ئەم پرسیارەمان رووبەڕووی پرۆفیسۆر جی دالی تۆماس ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی باشووری کارۆلینا کرد و بەمجۆرە وەڵامی داینەوە: (لەڕوانگەی منەوە هیچ گۆڕانێکی راستەقینە روونەداوە لەپێوەندیدا بەپێشبینییەکانمەوە لەبارەی بەهاری عەرەبییەوە. واتە پێشبینییەکانی من لەئاست گۆڕانکارییانەدا نەك گەشبینتر بوونە و نە رەشبینتر. باوەڕم وایە ئەو خەڵکانەی بەشداران لەبەهاری عەرەبدا کۆشش بۆ هێنانەئارای سیستمێك دەکەن بۆ ئەوەی پێداویستیە بنەڕەتییەکانی خەڵك دابین بکات کە رژێمەکانی پێشوو دابینیان نەکرد. لەئێستاشدا رژێمێکی نوێ دێتەسەر دەسەڵات یان شێوە دەگرێت، کە بەڵێنی دابینکردنی پێداویستیەکانیان دەدەن، لەبنەڕەتدا دیموکراسی پەیوەستە بەرێساکانی گەمەکەوە، کە براوە رێگە بەهەڵبژاردنێك بدات ململانێ لەخۆبگرێت و رووبەڕووی تەحەددی ببێتەوە و لایەنی دۆڕاویش ئەنجامەکە قبوڵ بکات و متمانەی ئەوەی هەبێت دەرفەتی ئەوەی هەیە لەئایندەی نزیکدا ئەتوانێت تەحەددی پارتی حکومڕان بکات. بوونی دەستوورێکی نووسراو پێویست نییە بۆ ئەوەی دیموکراسی سەرکەوتوو بێت، بەڵام قبووڵکردنی هەندێ رێسا پێویستە، تا ئەو رادەیەی پارتەکان لەوڵاتە عەرەبییەکاندا دۆڕان لەهەڵبژاردنەکاندا قبوول بکەن و لایەنە براوەکانیش ئەوە قبوول بکەن لەداهاتوودا هەڵبژاردن بکرێت و واز لەدەسەڵات بهێنن ئەگەر دۆڕان، ئەوکاتە دیموکراسی گەشە دەکات. من شەخسی خۆم زۆر رەشبینم لەم رووەوە، بۆمن جێی سەرسوڕمان دەبێت ئەگەر ئەو پارتەی بەهۆی بردنەوەی هەڵبژاردن لەئێستادا، یان لەساڵی یاخود دوو ساڵی داهاتوودا دەسەڵات بگرێتەدەست ئامادەبێت واز لەدەسەڵات بهێنێت. بەڵام من باوەڕێکی پتەوم هەیە بەوەی پارتە ئیسلامییەکان سوود لەم دەرفەتە وەردەگرن، ئەوەی جێی داخە رژێمە عەلمانییەکان کە بۆ دەیان ساڵ حکومڕانی ئەم وڵاتانەیان کرد، نەیانتوانی پێداویستی بنەڕەتی خەڵك دابین بکەن. باوەڕی شەخسی من ئەوەیە پارتە ئیسلامییەکان ئەتوانن کۆنترۆڵی دەسەڵات بکەن لە وڵاتە عەرەبییەکاندا و بۆ ماوەیەکیش درێژە بەو دەسەڵاتە دەدەن)).

## کەریم کنیۆ بۆ گوڵان:

# کۆمەڵگەی مۆدێرن پەیوەستە بەبنەمای سەروەریی یاسا دامەزراوەش بونیادنراوە تا ماف و ئازادییەکانی تاک بپارێزێت



**د.کەریم کنیۆ بەئەسڵ خەڵکی لوبنانە و ئێستا تۆژەری باڵای سیاسییە لەئامۆژگای دیراساتی سیسیۆلۆژی (ISS) لەزانکۆی (Erasums) لەهۆڵەندا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرسە سیاسییەکانی چەسپاندنی دیموکراتی لەوڵاتانی ئەرورپا و دەریای سپی ناوەڕاست و هەروەها وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی سیاسی، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت و جارێکی دیکە تێکەڵاو بوونەوەی لەئاکامی گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی، پێوەندیمان بە د.کەریم کینۆ کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** یەکێك لەکێشە گەورەکانی ئەوروپای پێش سەردەمی ڕێنیسانس، کێشەی توندڕەوی ئایینی بوو، بەڵام پاش جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین ئەو کێشەیە بەکۆتاهات، بەڕای تۆ بۆچی تێکەڵاوکردنی ئایین و دەوڵەت هەمیشە مەترسیدارە؟**

- پێش هەمووشتێك، ئەگەر مەبەستمان کۆمەڵگەی مۆدێرنە بێت، ئەوە کۆمەڵگەی مۆدێرن پەیوەستە بەبنەمای سەروەری یاسای دەستووری، سەروەری یاسای دەستووری بەواتای پاراستنی ئازادی تاکەکان، هەربۆیەیش لەژیانی مۆدێرندا دامەزراوە بونیادنراوە بۆ پاراستنی مافەکان و چەسپاندنیان بەیاسا، هەڵبەتە هەندێك دەوڵەت ناتوانن ئەمە وەدیبێنن و وڵاتی دیکە هەن بەشێوەیەکی باشتر وەدییانهێناوە.

سەبارەت بەمەسەلەی ئایینیش، بێگومان باسکردنی ئایین چەند کاتژمێرێکی دەوێ و ئەمە پرسیارێکی زۆر زەحمەتە، بۆیە ئەگەر بەشێوەیەکی سادەتر باسی بکەین، ئەوا دەبینین لەسەردەمی پێش ڕێنیسانس کێشەی ئایین لەوەدابوو کە پیاوانی ئایینی هەوڵیان دەدا بۆ دۆزینەوەی پێوەندی لەنێوان تاکەکان و دەوڵەت و هەروەها لەنێوان تاکەکان و خودا، ئەمەش لەڕوانگەیەکی زۆر دیاریکراوەوە، بۆیە ئەگەر بێت و هاووڵاتیانی ناوچەیەکی دیاریکراو پابەند نەبووبن بەحوکمی ئەو تەفسیرە دیاریکراوەوە، ئەوکات ئەو هاووڵاتیانە لەکۆمەڵگەکەیان دەردەکرێن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە یاسای کەنیسە لەیاسای مەدەنی جیا دەکرێتەوە، هۆکاری ئەمەش لەبەرئەوەیە، یاسای مەدەنی دەستکردی مرۆڤە، یاسای مەدەنی زیاتر پەیوەستە بە پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان، بۆیە ئێستاش لەبەرئەوەی یاساکان دەستکردی مرۆڤە، ئەوا مرۆڤ دەتوانێت بەچەند ڕێوشوێنێکی دیاریکراو دژی ئەو یاسانە ڕابوەستێ یاخود ڕەخنەی لێ بگرێ تەنانەت دەتوانێ بشیگۆڕێ، بۆیە یاسای مەدەنی هیچ شتێکی پیرۆز و ئیلاهیی تێدانییە، بەڵام کێشەی یاسا ئیلاهییەکان ئەوەیە کە ناتوانی دەستکاریی بکەی، بۆنموونە ناتوانی ئەمڕۆ سەبارەت بەشتێك بڵێیت «حەرام»ە و پاش ٤ یان ٥ساڵی دیکە بێیت و بڵێی کۆمەڵگە بیر و ڕای گۆڕییە و «حەرام» نییە و پێویستە یاساکە بگۆڕدرێت، ئەمە لەیاسای ئایینی ناکرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە من پێموایە جیاکردنەوە لەنێوان دەوڵەت و ئایین گرنگە. لەسیستەمی کۆمەڵگەی مۆدێرندا، لەبەرئەوەی مەسەلەکە تەنیا پەیوەست نییە بە پێوەندییەکانی نێوان یاسا و کۆمەڵگەوە، بەڵکو هەروەها پەیوەستە بە پێوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگە و یاسا، لەبەرئەوەی ئەگەر هات و بیروبۆچوون و بەهاو کەلتوورەکانی کۆمەڵگە گۆڕا، ئەوکات پێویستە یاسا-کەیش بگۆڕێت، هەر لەبەرئەوەیە کە پێویستە ئەو یاسا-یە یاسای دروستکراوی مرۆڤ بێت بۆئەوەی

**ناتوانین لەئیسلامیزم تێبگەین بەبێ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ ئەو هەموو کاولکارییەی کە ڕژێمەکانی پێشتر بەناوی قەومیەی عەرەبییەوە کردویانە**

بتوانرێت بگۆڕدرێت.

*** فرەیی ئایینی و نەتەوەیی فاکتەرێکە بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگـە، بەڵام کاتێک گــرژی لەنێوان گرووپە ئایینی و ئیتنییە جیاوازەکان ســەرهەڵبدات ئــەو فرەییە دەبێتە کارەسـات، ئایا بۆچــی زۆرجار گرژیی ئایینی توندوتیژی و خوێنڕشتی لێ دەکەوێتەوە؟**

- بەڕای من پێویســتە سەیری جیهان بکەین و هەروەها ئاوڕێك بۆ مێژوو بدەینەوە، ڕاستە کە هەندێکیــان زۆر توندوتیژن، بەڵام ناکرێ بڵێیــن هەموویان وان، بۆیە ئەم مەســەلەیە زیاتر پەیوەستە بەهەندێك پێوەرەوە لەبارەی چۆنیەتی بەســەربردنی ژیان، ڕەفتارەکان، بــاوەڕ، بەهاکان، بۆیە ئەو کەسانەی کە مشتومڕیان دەبێت لەسەر ئەم بەها و پێوەرانــە، زۆرجار توندوتیژی لەنێوانیاندا سەرهەڵدەدات لەبەرئەوەی ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە ناسنامەی مرۆڤ و چۆنیەتــی بەســەربردنی ژیان لەگەڵ بەهاکان لەڕووی چۆنیەتی ڕێکخســتنی کۆمەڵگە، بۆیە ئەم مەسەلەیە زیاتر دەبێت بەشتێکی کەسی و لەڕووی بەرژەوەندییەکان و ژێرخانەکان ســەیری کۆمەڵگە ناکەن، بۆیە لێــرەدا وەڵامەکەم دوو لایەنی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە ئێمــە لەوە دڵنیانین کــە هەموویــان توندوتیــژن لەبەرئەوەی پانتاییەکی فراوان هەیە لەسەرتاســەری جیهان کە پێویستە سەیریان بکەین، هەروەها پێویســتە بەمێژوو بگەڕێینەوە ســەیریان بکەین، بەڵام بەگشــتی مــن هاوڕام لەو ڕووەوەی کە نەزعەی توندوتیژییان هەیە، لایەنی دووەم، هۆکارەکان، هەروەك پێشــتر ئاماژەم پێکرد هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەبێت بەمەسەلەیەکی کەسی و پەیوەست دەبێت بەپێوەر و بەهاکانی ژیان و چۆنیەتی بەسەربردنی ژیان ...و تاد.

*** «ماکــس ڤیبــەر» پێیوایــە کــە هەتا توندڕەوەکان نەگەنــە بێئومێدی و نەگەنە ئەو تێگەیشــتنەی کە توندوتیژی نایانگەیەنێتە هیچ شوێنێك ئەوە واز ناهێنن لەتوندوتیژی، بەڵام هەست بەوە دەکرێت کە پارتە سیاسییە ئیســلامییەکان لەوڵاتانی عەرەبــی و ئیسـلامی لەڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت لەتوندوتیژی بێئومێد نەبوونە، بەڕای تۆ ئایا تاچەند پێتوایە ئەم وڵاتانە بەردەوام دەبن لەتوندوتیژی؟**

- لێــرەدا دەمــەوێ باس لەدوو شــت بکــەم، یەکێکیان لــەڕووی تیۆرییەوەیە و ئەوی دیکەیان لەســەر پارتە سیاسییە ئیســلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. لەڕووی تیۆرییەوە، ئێوە باســی «ماکس ڤیبەر»تان کــرد، «ماکس ڤیبەر» خاوەن بۆچوونێکــی دیاریکراو بــوو و زۆربەی ئەکادیمییــەکان بۆچوونەکانی پەســەند ناکــەن، بەڵکو هەندێــك تەنانەت لەگەڵ بۆچوونەکانی «ماکــس ڤیبەر» دژەران، «ماکس ڤیبەر» سۆسیۆلۆژیستێکی زۆر مەزنە، بەڵام ئەو بیرمەندێکە کە پێوەندیی دروســتکردووە لەنێوان بەهای کەلتوری و چۆنیەتی کاریگەربوونی بەها کەلتورییەکان لەســەر دامەزراوە سیاســی و ئابووری و

**یاسای مەدەنی زیاتر پەیوەستە بە پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان. بۆیە مرۆڤ دەتوانێت دژی ئەو یاسانە ڕابوەستێ یاخود ڕەخنەی لێ بگرێ تەنانەت دەتوانێ بشیگۆڕێ. بەڵام کێشەی یاسا ئیلاهییەکان ئەوەیە کە ناتوانی دەستکاریی بکەی**

کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام هەمووان لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوڕانین، خودی خۆم لەگەڵ ئەم بۆچوونە هاوڕانیم لەبەرئەوەی ئەگەر بێت وەك کەلتور ســەیری هەموو شــتێك بکەین، ئەوکات پێویست بەوە دەکات بزانین کەلتور لەکوێیەوە ســەرچاوەی هەڵگرتووە، لەلایەنێکی دیکەوە کەلتور هەندێك فاکتەر لەخۆدەگرێــت وەك بیرۆکە و بەها، ئەمانە لەئاسمانەوە دانەبەزیون، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەیەکی پتەو و هەڵوێست کە ئێمە وەك تاك چەسپاندومانە لەو سیستەمانەی کە تیایدا دەژین، بۆیە لەڕووی تیۆرییەوە دەڵێم بەڵــێ لەوانەیە «ماکــس ڤیبەر» مەبەســتی هەبووبێت بــۆ وروژاندنی ئەو جۆرە پرسیارانە، بەڵام هەموو ئەکادیمیەك لەگەڵ بۆچوونەکانی هاوڕانین، ئەوەشتان پێ ڕادەگەیەنم کە زۆربەی ئەکادیمییەکان ئەمڕۆ کێشــەیان هەیە لەگەڵ ئەم جۆرە بۆچوونانە، ئەمە لەڕووی تیۆرییەوە بوو.

لەڕووی پارتە سیاســییە ئیسلامییەکان، دەڵێم: بەداخەوە پێموایە توندوتیژی بەردەوام دەبێت، بەڵام شــیکردنەوەیەکی دیکەم بۆ ئەمە هەیە و جیاوازە لەشــیکردنەوەکەی «ماکس ڤیبەر»، لێــرەدا من بەتایبەتی و بەتەنیــا باس لەوڵاتانــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت دەکــەم و بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڕای من هۆکارەکــەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو، لەبەرئەوەی زۆربەی ڕژێمە سەرکوتکارەکان کە ئەمڕۆ یەك بەدوای یەکدا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت دەکەون زیاتر جەختیان کردۆتە سەر قەومیەی عەرەبی و هەروەك ئێوەیش دەزانن کە زۆربەی ئــەم ڕژێمانە بەناوی عەرەبالیزم و سۆشــیالیزم بەشــێوەیەکی گشتی دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتبوو، ئەمە نزیکەی هەموو وڵاتەکانی گرتۆتەوە، لــەم حاڵەتەدا ئیســلامیزم بــووە بەجۆرە ناسنامەیەکی دیکە بەشێوەیەك کە لەدژی ئەو ڕژێمە ســەرکوتکارانە وەســتاوەیەوە، بۆیە پێویســتە لەمڕووەوە لەم توندوتیژییە تێبگەین و لەم جۆرە ناســنامەیە تێبگەین کــە وەك دەرهاوێشــتەیەك لەبەرامبــەر ئــەو هەموو ناســنامانەی دیکــەدا بووە لەماوەی ٤٠ یان ٥٠ ساڵی ڕابردوودا، لەم چوارچێوەیەدا ئێمە ناتوانین لەئیســلامیزم تێبگەین بەبێ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ ئەو هەموو کاولکارییەی کە ڕژێمەکانی پێشتر بەنــاوی قەومیەی عەرەبیــەوە کردویانە، هەروەها دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاوبێت کە ڕژیمەکانی پێشتر چالاکوان و هەڵسوڕاوانی ئیســلامیەکانیان زیندانی کــردووە، بۆیە پێویستە لەو ڕووەوە سەیری بکەن کە ئەمە کاردانەوەیە لەبەرامبەر ساڵانێکی یەکجار درێژ لەسەرکوتکاری، من وەك بۆچوونی کەســی خۆم لەگەڵ پارتە ئیسلامییەکان هاوڕانیم، بــەڵام وەك ئەکادیمییەك پێتان دەڵێم کە لەســەرچاوەکانی سەرهەڵدانیان تێدەگــەم. بۆیە من لێــرەدا ناڵێم کە من لەگەڵیان هاوڕام لەبەرئەوەی من لەگەڵیان نیم، بەڵام وەك کەسێکی ئەکادیمی من زۆر تێدەگەم لەبارەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانیان و وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ پرســیارەکانتان دەڵێم لەئایینیدەی داهاتوودا، لایەنی کەمەوە بەم زووانە، پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان بەهێزتر دەبن، سەیرێکی

هەڵبژاردنەکانی «میسر» بکەن دەبینن لەپێشەوەن هەروەها لە «تونس» ئەوان بارەکەیان کۆنترۆڵکردووە، خودی خۆشم ئەو شتە لەچەندین شوێنی دیکە دەبینم، بەڵام هەرگیز نازانین پاشان چی ڕوودەدات لەبەرئەوەی لەوانەیە بارودۆخەکان بگۆڕێت بەڵام خودی خۆم پێموایە بۆ حاڵی حازر ئەم بارە بەردەوام دەبێت.

*** لەپێناو کۆتاهێنان بەتوندوتیژی، لەئەوروپا دەقە پیرۆزەکانیان جارێکی دیکە بەتێڕوانینێکی تازە خوێندەوە، بەڕای تۆ**

**دەقە پیرۆزەکان تەفسیری جیاواز هەڵدەگرن، بەڵام لەوڵاتانی ئیسلامی چەندین بەربەست هەن کە ڕێگە نادەن لەهەموو ڕوویەکەوە دەقەکە تەفسیر بکرێتەوە**

**تاچەند پێتوایە هەمان ڕووداو سوودبەخش بێت لەڕووی تێگەیشتن لەپرەنسیپەکانی ئایینی ئیسلام بەدروستی؟**

- بەڕای من ئەوە زۆر گرنگە، پێموایە ئەمە یەکێکە لەکێشەی ئایینەکان، کە زۆر جار پیاوانی ئایینی یان حزبە ئایینیەکان تەحەمولی ئەوە ناکەن هەموو ماناکانی دەقە پیرۆزەکان کاری پێ بکرێت، من پێموایە ئەمە ناو ئیسلامیشدا بوونی هەیە، بۆیە لێرەدا زۆر بەسادەیی و کورتی وەڵامی پرسیارەکەتان دەدەمەوە، پێموایە ئەوەی کە لەمڕووەوە لەئەورووپا ڕوویدا زۆر گرنگە و پێویستە هەمان شت لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامیش دووبارە بێتەوە، بەڵام لەبەر چەندین هۆکار ئەمە لەم وڵاتانە ڕوونادات، ئێمە دەزانین دەقە پیرۆزەکان تەفسیری جیاواز هەڵدەگرن، بەڵام لەوڵاتانی ئیسلامی چەندین بەربەست هەن کە ڕێگە نادەن لەهەموو ڕوویەکەوە دەقەکە تەفسیر بکرێتەوە، تەنیا لەسەر یەك تەفسیر بۆ دەقەکان جەخت دەکەنەوە کە ئەمەش کێشەیەکی زۆر گەورەیە. بەڵام لەڕووی پرسیارەکەتان کە وتتان چۆن ئەم شتە بکرێت، ئەوە لەڕووی خوێندنەوەی دەقەکان ناتوانین چیتر بڵێین چۆن شتەکان بکەین، بەڵکو پێویستە بڵێین چۆن لەدەقەکان تێبگەین، مەبەستم لەوەدایە لەشیکردنەوەی دەقەکان مانای ئەوە ناگەیەنێت کە یەك دەقی دروست هەیە و ئەو کەسانە «کافر»ن کە پیادەی ئەو دەقە ناکەن، لەبەرئەوەی لەشیکردنەوەی دەقەکان ناکرێت چیتر بەو زمانە قسە بکەی و ناکرێ بپرسی «چۆن بکرێت؟»، لێرەدا «قورئان» لەلایەك دانێ، ئێمە هەموومان کتێب دەخوێنینەوە و ئەگەر هات و من و تۆ هەمان کتێبمان خوێندەوە بێگومان هەردووکمان هەمان



## دیموکراسییەت تەنیا «حوکمی خەڵك» نییە. بەڵکو حوکمی دامەزراوەکانیشە

تێگەیشـــتنمان نابێت لەســـەر هەمان ئەو کتێبە، کەواتە چۆن سەبارەت بە «قورئان» یاخود «وتەکان»؟ بۆیە شـــیکردنەوە زۆر گرنگە، بەڵام بەداخەوە ئەم شتە لەناوچەکە ڕووی نەداوە.

*** پارتە سیاســـییە ئیسلامییەکان دوو جۆرن، جۆرێکیان بەشداری لەهەڵبژاردنەکان و ژیانی مەدەنی ناکەن وەکو «تاڵیبان»، جۆرێکی دیکەیان بەشداری دەکەن لەپێناو بردنەوەی هەڵبژاردنەکان و وەدەســـتهێنانی دەســـەڵات لەڕێگـــەی ســـندووقەکانی دەنگدان، ئێســـتاش لەبەرئـــەوەی ئەم دوو جۆرە پارتە ئیسلامییانە بەپێی «قورئان» مومارەسەی سیاسەت دەکەن، کەواتە چی لەیەکتریان جیادەکاتەوە؟**

- بەڕای من وەڵامەکە پەیوەســـتە بەو وڵاتەی کە مەبەستتانە، هەروەها پەیوەستە بەشـــێوازی تێڕوانین و هەڵوێســـتی پارتە ئیســـلامییەکان، لەبەرئـــەوەی لەوانەیـــە هەندێکیـــان زیاتـــر جەخت بکەنە ســـەر جیهـــادی ســـەربازی و پێیانوابێـــت کە پرۆسەی دیموکراســـی بەفیڕۆدانی کاتە، لەلایەنێکـــی دیکـــەوە هەندێکـــی تریان بۆنموونە «ئیخوان» لە «میسر»، پێمولیە هۆکاری ئەوەی کە ئەمڕۆ ئەوان چالاکن دەگەڕێتـــەوە بۆ ئەوەی کـــە ئەوان دەزانن لەشەقام لایەنگریان هەیە و بەوپێیە دەتوانن پرۆسە دیموکراســـییەکە کۆنترۆڵ بکەن، ئەم مەسەلەیە لەگەڵ «جەزائیر» بەراورد بکە لەســـاڵی، وابزانـــم ١٩٩٢، دەبینین کەیســـێکی جیاواز هەیە، بۆیـــە پێمولیە ئەم مەســـەلەیە زیاتر پەیوەستە بەتێڕوانین و پێگـــەی پارتە سیاســـییەکە و با بڵێین ئەو بازاڕەی کە هەیانە، بۆیە مەســـەلەکە پەیوەســـتە بەوەی کە ئایا یەکسەر جیهاد ڕادەگەیەنن یاخود بەشێوەیەکی تەدریجی دەیچەسپێنن، پلە بە پلە، هاوکات پەیوەستە بەهەڵوێســـتی تاکـــەکان لەکۆمەڵگـــە، بۆنموونە ســـەیری «حـــزب اللە» بکەن لە «لوبنان»، «حزب اللە» لەســـەرەتادا پارتێکـــی زۆر ڕادیکاڵ بـــوو، بێگومان ئامانجەکەیـــان بریتی بـــوو لەئازادکردنی باشـــووری «لوبنان» لە «ئیســـرائیل» بەڵام لەسەرەتاکانی ١٩٨٠کاندا هەوڵیاندا بۆ سەپاندنی شەریعەتی ئیسلامی لەسەر «لوبنان»، مـــن خۆم خەڵکی «لوبنان»م و وڵاتـــی «لوبنان» یەکێکە وەك زۆربەی وڵاتـــە فرەنەتـــەوە و جۆراوجۆرەکانـــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، بۆیە لەئاکامدا کۆمەڵگە گۆڕا و چیتر بەدوای ئەو پارتە ڕادیکاڵە نەکەوتن و ئەوە بوو لەسەرەتاکانی ١٩٩٠کانەوە دەســـتیانکرد بەبەشـــداری لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان و هەڵبژاردنە لۆکاڵەکان، ئەمڕۆیش بڕوانن کە نەك تەنیا بەشداری دەکەن، بەڵکو تەواوی وڵاتەکەیان کۆنترۆڵکردووە، بۆیـــە پێمولیە کە ناکرێ بەو شێوەیە گشـــتگیری بکەن، بەڵکو ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەشێوازی تێڕوانین و هەڵوێستی پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان. بەڵام ســـەبارەت بە «تاڵیبـــان»، پێمولیە «تاڵیبان» زۆر جیاوازە لە «حزب اللە».

## کێشەیەکی گەورە لەنێوان ئیسلامی سیاسی و سێکلیولاریزم هەیە

بۆیـــە بەڕای مـــن ناکرێ بەشـــێوەیەکی گشـــتگیر حوکم لەسەر هەموویان بکەین، بەڵکو پێمولیە کە پێویســـتە لەچوارچێوەی کۆنتێکستەکەی خۆی لەهەموو حاڵەتێك بڕوانین.

*** دواپرســـیار: دیموکراســـی بەواتای «حوکمی خەڵك»، بەڵام هەروەك ئاماژەت پێکرد پارتە سیاســـییە ئیســـلامییەکان داوای حوکمـــی «شـــەریعە» دەکـــەن، بەڕای تۆ ئایا چۆن ئیســـلامی سیاسی دەتوانێت لەگەڵ دیموکراسییەت بگونجێت لەکاتێکـــدا هەردووکیـــان دوو ئامانجی جیاوازیان هەیە؟**

- پێش هەمووشـــتێك، دیموکراسییەت تەنیـــا «حوکمی خەڵك» نییـــە، بەڵکو حوکمی دامەزراوەکانیشـــە، دووەم خاڵ: بۆچوونەکەتان دروســـتە لـــەو ڕووەوە کە ئەگەری ســـەرهەڵدانی مەترســـی هەیە لەنێوان «شـــەریعە» وەکو حوکمی خودا لەگـــەڵ دامەزراوەکانی سیســـتەمێکی کراوە وەك پرۆسەی دیموکراسی، دەمەوێ ئەوە بڵێم کـــە لەوانەیـــە هەندێك پارتی ئیســـلامی هەبێت کە ئیســـلامین، بەڵام باس لەوە دەکەن کە دەکرێ «ئیســـلام» عەلمانی بێـــت، بۆیە لەمڕووەوە، هەندێك پارتی ئیسلامیی دیاریکراو هەن کە زۆر ئیســـلامین و بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە دەتوانن پێوەندییەك لەنێوان ئەو دوو لایەنە بدۆزنەوە، وەك ڕایەکی شەخسی من دەڵێم «نەخێر، ناتوانن»، بۆ؟ لەبەر هەمان ئەو هـــۆکارەی ئێوە باســـتانکرد لەبەرئەوەی لەکۆتاییدا پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان بانگەشـــە بۆ ئەوە دەکـــەن دەبێت بەپێی شـــەریعە حکومڕانی کۆمەڵگە بکرێت، ئەمە لەکاتێکدا لەسیستەمێکی عەلمانی مەســـەلەکە پەیوەســـت نییە بەیاساکانی شـــەریعە، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بەیاسای دەستکردی مرۆڤ کە ژیانمان ڕێکبخات بەو شێوەیەی کە تیایدا مرۆڤ دەتوانێت نوێـــژ و مومارەســـە ئایینییەکانی خۆی پیـــادە بکات، بـــەڵام بەهیچ شـــێوەیەك پێوەندیی بەدەوڵەتـــەوە نەبێت، من لێرەدا وەك ئەکادیمییەك بۆچوونی خۆم دەخەمە ڕوو و پێمولیە کێشـــەیەکی گەورە لەنێوان ئیسلامی سیاسی و سێکلیولاریزم هەیە، من یەکێکم لەو کەسانەی کە زۆر پاڵپشتی لەم بۆچوونە دەکەم، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەندێك پارتی سیاسی ئیسلامی نەرم - Soft هەن کە پاڵپشـــتی لەو بۆچوونە دەکەن کە خودی «ئیســـلام» ئایینێکی عەلمانییە و ئیسلام دەتوانێت لەژینگەیەکی عەلمانی ســـەرکەوتوو بێت، بۆیە پێمولیە ئەم جۆرە پارتە سیاســـییە ئیســـلامییانە زۆر پابەند دەبن بەڕێنماییەکانی «شێخ» و «مەشـــایخ» و «ئیمام»ەکان، پارتی ئیســـلامیی هاوجۆر هەیە کە پابەندنین بەفەتواکانی بۆنموونە «ئەزهەر»، بەڵام ئەو جـــۆرە ژمارەیان کەمـــە، بەڵام من پێمولیە بەڵێ پێکـــدادان هەیە، زەحمەتە بـــۆ پارتـــە سیاســـییە ئیســـلامییەکان بتوانن شـــیبکەنەوە لەڕووی چۆنیەتی ڕەفتارکردن بەپێی ڕێســـاکانی گەمەکە لەپرۆســـەی دیموکراسی، بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ناکرێ بەگشتی حوکم لەسەر هەموویـــان بکەین کە هەموویان وەك یەك نین و هەندێکیان هەیە جیاوازن، هەرچەندە ژمارەکەیان کەمە، بەڵام پێویستە دان بەو ڕاستییە بنێین کە بوونیان هەیە.

# دینارتە ناوچەیەکی گەشتیاری و کشتوکاڵییە؛ بەڵام بێ پرۆژەیە

## نیوەی خانووەکانمان بێ تاپۆیە

## لە کەرتی تەندروستیدا کەموکورتیمان هەیە

## چەندین گوند لەسنووری ناوچەکە بە تەنیا ڕێگای پیادەیان هەیە

## لە دەڤەرەکە زۆرترین باران دەبارێت و کێشەی ئاوی خواردنەوەشمان هەیە

دینارتە لە ساڵی ١٩٤٢ بووە بە ناحیەو پێشتر سەنتەری ناحیەکە لە مێرکەپرا بووە، دینارتە دەکەوێتە نێوان هەردوو چیای ئاکرێ و پێرسەوە، لە ساڵی ١٩٥٣ سەنتەری ناحیەکە بۆ دینارتە گوازراوەتەوە. ژمارەی دانیشتووانی سەنتەری ناحیەو سنوورەکەی ٢٥هەزار کەسەو ڕووبەرەکەی ٨٤٣ کیلۆمەتر دووجایەو٨٢ گوند لەخۆدەگرێت، ئەم دەڤەرە بەناوچەیەکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و گەشتیاریی بەناوبانگەو خاوەنی باخ و بێستانی زۆرەو بە سماق و سێوو ترێ و خۆخ و بەروبوومی ئاژەڵی ناسراوە، لەبواری ئاژەڵداریشەوە زیاتر لە ٦٨هەزار سەرمەڕوبزن و گا و چێڵی هەیە، هەروەها ٤٠هەزار پەلەوەری جۆراوجۆرو ١٥٠٠سندووقی مێش هەنگوینی تێدایە. دینارتە وەکو هەموو شوێنەکانی تری کوردستان کەوتبووە بەر شاڵاوی وێرانکردن و ڕاگواستن، لەدوای ساڵی ١٩٩١و دەستبەکاربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ساڵانە بەپێی بەرنامەو پلان لەلایەن دەزگا پێوەندارەکانەوە لێرەو لەوێ چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ ئەنجام دراوە، بەڵام بەپێی پێویست نەبوون و لەئاست خواستی دانیشتووانی دینارتەدا نییە، وەکو تیمی گۆڤاری (گوڵان) سەردانی ناوچەکەمان کردوو لەنزیکەوە گوێبیستی داواکاری و گلەیی و گازاندەی هاووڵاتیان بووین، بۆ بەدواداچوونی کەموکوڕی و داواکاری خەڵکەکە، چەند تەوەرەو پرسیارێکی ترمان ئاڕاستەی (سەردار شێخ یەحیا) بەڕێوەبەری ناحیەی دینارتە کرد کە لە دووتوێی ئەم ڕاپۆرتەدا بڵاوی دەکەینەوە .



سەردار شێخ یەحیا بەڕێوەبەری ناحیەی دینارتە بۆ (گوڵان):

# ٥٥٠ خانووی زێدەڕۆیی لە ناحیەکەماندا هەیەو بڕیاری پەرلەمانی کوردستانیش بۆ تەملیکردنی زێدەڕۆییەکان لێرە جێبەجێ نەکراوە



**ناوچەیەکی کشتوکاڵی فەرامۆشکراو**

بەڕێوەبەری ناحیەی دینارتە سەبارەت بەگرنگی ناوچەکە بەتایبەتی لەبواری کشتوکاڵیدا وتی: ناوچەکەمان لەڕووی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و باغ و بێستان و پەلەوەرەوە خاوەنی بەرهەمێکی باشە، بەڵام بەپێی پێویست گرنگی بەمبوارانە نەدراوەو کارەکان نەچۆتە چوارچێوەی پڕۆژەی پێشکەوتوو مۆدێرنەوە، ئەمەش بۆ کەموکوڕی هەردوو بواری کەرتی تایبەت و حکومی دەگەڕێتەوە، چونکە تا ئێستا وەزارەتی کشتوکاڵ نەیتوانیوە کۆگایەکی ساردکەرەوە یا کارگەیەکی قوتوبەندیی لەم سنوورەدا جێبەجێ بکات، ئەمە لەکاتێکدا ناوچەکە خاوەنی میوەیەکی زۆرە. لەلایەکی دیکەوە پێویست وابوو وەزارەتی کشتوکاڵ لەم ناوچەیەدا چەند پڕۆژەیەکی ئاودێری بەتایبەتی پرۆژەی دروستکردنی بەنداو جێبەجێ بکات، بەتایبەتی لەبەرئەوەی ئەم ناوچەیە خاوەنی تۆپۆگرافیایەکی تایبەتەو شوێنی زۆر گونجاوی هەیە بۆ دروستکردنی بەنداو، لەوانە لەناوچەی گەلی زەنتە کە دیراسەشی بۆ کراوە.

هەروەها ئێمە وەکو یەکەی ئیداریی دینارتە ئامادەین هاوکاری وەبەرهێنەر بکەین گەر بیانەوێت پرۆژەی وەبەرهێنان لەم ناوچەیە ئەنجام بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش ڕووبەری زەویمان هەیەو دەتوانین بۆ پڕۆژەکانیان تەرخانی بکەین.

**هیچ پڕۆژەیەکی گەشتوگوزاری ئەنجام نەدراوە**

دینارتە جگە لەوەی ناوچەیەکی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە، بەیەکێك لە هەرە ناوچە جوان و گەشتیارییەکانی کوردستان دادەنرێت، بەڵام تا ئێستا هیچ گرنگییەکی پێ نەدراوە، هەر وەکو بەڕێوەبەری ناحیەی دینارتە وتی: دینارتە ناوچەیەکی گەشتیارییەو خاوەنی چەندین شوێنی گرنگ و تایبەتمەندەو زۆر گونجاوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گەشتوگوزاریی بۆ نموونە شوێنەکانی (گربیش و ویسکێ و گری زێوە و کانی تۆزێ و چەندین ناوچەی تر)لەلایەکی ترەوە شوێنەوارو ئەشکەوتی جۆراوجۆریشمان هەیە، لەوانە ئەشکەوتی (چاربۆت و سیوزێ و مزگەوتی میر دابیانیشمان) هەیە کە مێژووەکەی زۆر کۆنەو بەهیچ شێوەیەك لایەنی پیوەنداری شوێنەوار گرنگی پێ نەداوە، لەلایەکی تر خراپی ڕێگاوبان بەتایبەتی ڕێگای سەرەکی کە زۆر خراپەو وایکردووە کەرتی گەشتوگوزار لەم ناوچەیەدا بەرەو پێشەوە نەچێت. هەروەها

**وەزارەتی کشتوکاڵ نەیتوانیوە کۆگایەکی ساردکەرەوە یا کارگەیەکی قوتوبەندکردنی میوەجات لەم سنوورەدا دامەزرێنێت**

بەمەبەستی زیاتر بەرەوپێشچوونی کەرتی گەشتوگوزاری دوو پرۆژەی تونێلمان لە هەردوو چیای ئاکرێ و پێرس پێویستە، بەمەش هەم ڕێگاوبانەکان کورت دەبنەوەو هەم ناوچەکەش دەگەشێتەوە.

**ماستەرپلانمان نییەو**
**کێشەی تاپۆکردنی خانووەکانیشمان زۆرە**

سەبارەت بەماستەرپلانی دینارتەو بوونی کێشەو گرفتەکانی زەویوزارو سەرپێچیەکان بەڕێوەبەری ناحیەی دینارتە وتی: تا ئێستا لەبەڕێوەچوونی کارو پرۆژەکانماندا تەنیا پشت بە نەخشەی بنەڕەتی دەبەستین، چونکە ماستەرپلانمان نییەو بەو هۆیەشەوە کێشەیەکی زۆرمان بۆ دروست بووە، هەر بۆیە پێویستە بەزووترین کات ماستەرپلانی سنووری شارەوانی ناحیەی دینارتە دروست بکرێت، بەتایبەتی پێشتر دینارتە گوندێك بووەو بۆتە سەنتەری ناحیەکەمان و چەندین زێدەڕۆیی تێدا هەیە، بەرادەیەك تەنیا لەناو سەنتەری ناحیەکەدا ٥٥٠ خانووی زێدەڕۆیی هەیە، شوێنی ئەو خانووە زێدەڕۆییانەش بۆتە هۆی نەگەیاندنی خزمەتگوزاری پێویست، تەنانەت ئەو خەڵکەی زێدەڕۆیشی کردووە هاوکاری تەواوی لەگەڵ شارەوانی نییە تاوەکو چارەسەری ئەندازیاریی ئەم زێدەڕۆییانە بکەین و پڕۆژەی خزمەتگوزارییان بۆ ئەنجام بدەین. هەر ئەم هۆکارەشە وایکردووە لە پێشینەی خانووبەرە بێبەش بن. خانووەکانی زێدەڕۆیی لە دینارتە ناتوانن سوود لە پێشینەی خانووبەرە وەربگرن، چونکە زەوییەکانیان نەکووژاونەوەو تەملیك نەکراون و هەروەها نەخراونەتە ناو نەخشەی بنەڕەتییەوە. لەگەڵ ئەمەشدا بۆ کەمکردنەوەی کێشەی زێدەڕۆیی و نیشتەجێبوون توانراوە ٥٤٥ پارچە زەوی نیشتەجێبوون دابەش بکەین و ئێستاکە دینارتە لەڕووی یاساییەوە زەوی و خانووەکانی بەشێکی تاپۆیان هەیەو بەشەکەی تری بێ تاپۆن.

لەبەر کێشەی تاپۆنەکردنی خانووەکان و بوونی ئەو زێدەڕۆییانەش کە لەساڵی ١٩٤٢ ەوە دروستکراون تا ئێستا بەداخەوە بڕیاری ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠٠٢ ی پەرلەمانی کوردستان بۆ تەملیکردنی زێدەڕۆییەکان لێرە جێبەجێ نەکراوە. ئەمە لەکاتێکدا لەزۆربەی شوێنەکانی تری هەرێمی کوردستان بڕیارەکە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەلایەکی ترەوە ئێمە لەسنووری ناحیەکەماندا ژمارەیەك لە گوندەکانمان ئاوەدان نەکراونەتەوە، هۆکارەکانی ئاوەدان نەکردنەوەش زۆرە لەلایەك بۆ سروشتی ناوچەکە دەگەڕێتەوە کە ناوچەیەکی

## خانووە زێدەڕۆییەكانی دینارتە سوود لە پێشینەی خانووبەرە وەرناگرن

شاخاوی و سەختەوە گەیاندنی پرۆژەی خزمەتگوزاری و راكێشانی ڕێگاوبانەكان ئاسان نییە.

### گرفتی هاتوچۆو ڕێگاوبانەكانمان هەیە

كاتێك سەردانی دینارتەمان كرد، ڕوودانی چەند كارەساتێكی ئۆتۆمبێلمان بە چاوی خۆمان بینی و خراپی ڕێگاوبانەكان و نەگونجاندنی بووە جێی سەرنجمان؛ لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری ناحیەكە وتی: وەكو باسم كرد نەبوونی تونێل و خراپی ڕێگاوبانەكان نەك تەنیا بۆتە جێگای مەترسی بەڵكو زیانی لە كەرتەكانی گەشتوگوزاریی و كشتوكاڵیش داوە، چاككردنی ڕێگای گەلی زەنتە و دروستكردنی تونێل لە چیای ئاكرێ و پێرس كاریگەری باشی لەچارەسەركردنی ئەم كێشەیەدا دەبێت، كە چەندین جار كارەساتی دڵتەزێنی ئۆتۆمبێلی لێكەوتۆتەوە. لەلایەكی تریشەوە ڕێگای نێوان قەزای ئامێدی و ئاكرێ كە ڕێگایەكی سەرەكییەو زۆر نارێك و نەگونجاوە، پێویستە ئەم ڕێگایە چاك بكرێتەوە. هەروەها ئێمە گرفتێكی تریشمان لەبواری ڕێگاوبانی گوندەكاندا هەیە كە هەندێك گوندمان هەیە ئاوەدانیشن كەچی تا ئێستا هاتوچۆكردن بە پیادەیەو ڕێگای ئۆتۆمبێلی تێدا نییە، بەشێوەیەكی گشتی بارودۆخی ناوچەكە لەڕووی ڕێگاوبانەوە زۆر خراپ و بێسەروبەرە، تا ئێستا ١٧ گوند لەسنووری ناوچەكەمان هەر ڕێگاوبانی نییەو هاتوچۆكردن بە پیادەیە هەروەها ٣٨ گوندی تر گەرچی ڕێگایان هەیە بەڵام پێویستی بە چاككردنەوە هەیە. سەبارەت بەسەنتەری ناحیەش كە بەهۆی نەبوونی ماستەرپلانەوە وایكردووە نەتوانین هەندێك شەقام و كۆڵانی گەڕەكەكان قیرتاو یا كۆنكرێت بكەین، بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیەش بەخۆشحاڵییەوە پارێزگاری دهۆك ئامادەیی دەربڕیوە بۆ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەك لە ناحیەكەدا كە قیرتاوكردن و كۆنكرێت كردنی چەند شەقام و كۆڵانێكی ناو سەنتەری ناحیەكەمان لەخۆ دەگرێت، لەمەشدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەكانی دهۆك تەنیا ئەو شوێنانە دەخاتە ناو پرۆژەكە كە لەنەخشەی بنەڕەتی دینارتەدان، واتە ئەو شوێنانە ناگرێتەوە كە زێدەڕۆن و لەدەرەوەی پلانن، ئەمەش كێشەیە چونكە خەڵكەكە داوا دەكەن و ئەم زێدەڕۆییە واقیعەو پێویستی بەچارەسەركردن هەیە.لەلایەكی ترەوە پارێزگاری دهۆك بڕیاری داوە بۆ ٤ گوند كە ڕێگاوبانی نییە پرۆژەی ڕێگایان بۆ دروست بكرێت كە لەوەرزی زستان و كەوتنەوەی بەفر بەتەواوەتی ڕێگایان لێ دادەخرا.

### گرفتی قوتابخانەو مامۆستامان هەیە

بوونی گرفتی پەروەردە بەیەكێك لەو كێشە سەرەكیانەی ناحیەی دینارتە دادەنرێت، لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری ناحیەی دینارتە وتی: بەگشتی كەموكوڕیمان لەكەرتی پەروەردە هەیە بەڵام لە دۆڵی نەقەب و ئامادە باس دەكەم كە زیاتر لە ١٨ گوندەو ژمارەی قوتابیانیان زۆرەو تەنیا ١ قوتابخانەی ئامادەییان هەیە. نەبوونی میلاكات و نەبوونی مامۆستا گرفتی سەرەكی ئێمەیەو پێویستە وەزارەتی پەروەردە مشووری بخوات و بۆمانی چارەسەر بكات، هەروەها لەناو سەنتەری ناحیەو شوێنەكانی تریش نەبوونی مامۆستا بەتایبەتی مامۆستای پسپۆڕایەتی وانە زانستییەكان و ئامادەییەكان بەیەكێك لە كێشە سەرەكییەكانمان دادەنرێت.

### نەبوونی پزیشك و دەرمان

سەبارەت بەبوونی گرفتی تەندروستی بەڕێوەبەری ناحیەی دینارتە وتی: دینارتە پێویستی بەنەخۆشخانەیەكی پێشكەوتوو هەیە لە تایپی A، چونكە ئێستا بنكەیەكی تەندروستیمان لە ناو سەنتەری ناحیەكە هەیە كە بنكەیەكی كۆن و خراپەو لە ئاست پێداویستی خەڵكەكەدا نییەو تەنیا یەك پزیشكی لێیەو تەنانەت لەبواری دەرمانیش دا كەموكوڕییەكی زۆرمان هەیە، نەبوونی پزیشكی نەخۆشییەكانی ئافرەتان و منداڵبوون كێشەیەكی زۆری بۆ دروستكردووین. یەكێك لەو گرفتانەی كە لەبواری تەندروستی هەمانە ئەوەیە بەپێی سیستەمی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی كوردستان هەر بنكەیەكی تەندروستی دكتۆری كەم بێت یا نەبێت بەشە دەرمانیشی كەم دەبێت، پێویستە وەزارەتی تەندروستی ڕەچاوی ئەوەمان بۆ بكات كە لەوەرزی زستاندا نەخۆشی لەم ناوچەیە زیاترە، چونكە ناوچەیەكی ساردە.

### گوندەكانمان گرفتی ئاوی خواردنەوەیان هەیە

سەبارەت بە پرۆژەكانی ئاوو كەمی ئاوی خواردنەوە لە هەندێك گوند بەڕێوەبەری ناحیەی دینارتە وتی: ڕاستە دەڤەرەكەمان ناوچەیەكی باراناوییەو لەڕووی ئاوی ژێرزەوی و كانییەوە بەناوبانگەو تەنانەت بەرزترین ڕێژەی بارانبارین لەسنووری پارێزگای دهۆكدا لە دەڤەرەكەمان باریوە، بەڵام گرنگی بە پرۆژەی ئاودێری و دروستكردنی بەنداو نەدراوە، هەربۆیە كێشەی ئاومان هەیەو ئەم كێشەیەش لەدوو تەوەرەدا خۆی دەبینێتەوە، لەهەندێك گوندو شوێندا لێدانی بیری ئاوی خواردنەوە زۆر زەحمەت و قورسە، جاری وا هەیە نازانرێت لەو شوێنەی بیرەكەی لێدەدرێت ئاو هەیە یا ئاو نییە، چونكە هەندێك ناوچەمان هەیە بیریش لێبدەین ناگەینە ئاو، لەم ڕووەوە ١٠ گوندی سنوورەكەمان كێشەی نەبوونی ئەمباری ئاوی ژێر زەوییان هەیە، گوندەكانی تریش كانییان هەیە، بەڵام ئەوانیش

## ئاوەڕۆی ئاوی قورس دەچێتەوە ناو دۆڵی زەنتە

كێشەی تۆڕی ئاوی خواردنەوەیان هەیە، لەم دواییەدا گرفتی كەمئاوی زیاتر دەردەكەوێت، چونكە ڕێژەی دانیشتووان و ژمارەی خانووەكان زیادی كردووەو گوندەكانمان بەرەو فراوانبوون چووە، لەناو سەنتەری ناحیەكەش ناڵێم ١٠٠٪ كێشەی ئاومان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی پێویستی و فراوانبوونی ناحیەكە نییەو كەموكوڕی و گرفتی كەمئاوی لەهەندێك گەڕەك هەیە، بەشێوەیەكی گشتی ناتوانین بڵێین حكومەت لەمبوارانەدا هەرهیچی نەكردووە،



بەڵام فراوانبوونەکەو زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانەکان وا دەخوازێت بودجەیەکی تایبەت بۆ گەیاندنی پرۆژە خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان دابین بکرێت بەتایبەتی بۆ پرۆژەکانی ئاوو کارەبا، کە بەپێی پێشینەی خانووبەرە ئەم پرۆژانە فراوانتر بکرێن. ئەمە لەکاتێکدا تەنیا لەسنووری ئێمەو لەو گوندە ئاوەدانکراوانەی هەمانە ١٣ گوند تۆڕی کارەبای گشتیان نییەو لە ڕێگای موەلیدەوە کارەبایان بۆ دابین دەکرێت، ئێستا پارێزگاری دهۆك بڕیاری داوە پرۆژەی ڕاکێشانی کارەبای نیشتمانی بۆ سەرجەم گوندە ئاوەدانکراوەکان بخرێتە بەرنامەی ساڵی نوێوە. لێرەدا داواکارین پرۆژەی ئاکرێ کە لە زێ وە ئاوی بۆ ڕادەکێشرێت لەوێوە بۆرییەك بۆ ناحیەکەمان ڕابکێشرێت و ئێمە لێی سوودمەند بین، هەربۆیە پێویستە ئەو پرۆژە ستراتیژیەی ئاوی خواردنەوەی ئاکرێ بەزووترین کات بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە ڕاستیشدا ئەو پرۆژەیە زۆر دواکەوتووەو نازانین هۆکارەکەی چییە.

## وەزارەتی ڕۆشبیری و لاوان تاکە یەك پرۆژەی لە ناحیەی دینارتە ئەنجام نەداوە

لەلایەکی تریشەوە گرفتمان لەبواری ئاوەڕۆ هەیە بۆ نموونە ئاوەڕۆی ناحیەکە دەچێتەوە ناو دۆڵی زەنتە، بگرە زیان بەپیسبوونی ئاوەکە دەگەیەنێت، گەرچی ئاوی ئەو زێ یە زیاتر بۆ ئاودانی کشتوکاڵی بەکاردەهێنرێت، بەڵام بۆ ئەم مەبەستەش لەڕووی تەندروستیەوە کارێکی نەگونجاوەو پێویست بەوە دەکات لەداهاتوویەکی نزیکدا چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوەو پرۆژەیەکی پاڵاوتنی ئاوی قورس لەم ناوچەیە دابنرێت یا لەم قۆناغەدا ڕێڕەوی ئاوەڕۆکە لە دۆڵەکە دوور بخرێتەوە.

### بلدۆزەرو شۆفڵ و قەلاپمان پێویستە

سەبارەت بە نەبوونی ئامێرو بینایەی فەرمانگەکان و چارەسەرکردنی کێشەی زبڵ و خاشاك کەموکوڕی لەمبوارانەدا بەڕێوەبەری ناحیەی دینارتە وتی: کەموکوڕی لەبواری ئامێرو ئۆتۆمبێلی خزمەتگوزاری و نەبوونی بینایە زۆرە، لەڕووی ڕێگاوبانەوە ئالیاتی پێویستمان نییەو فەرمانگەی کارەبا و سیانەی ڕێگاوبان بێ ئامێرن، ڕاستە لە وەرزی زستان ڕۆژانە تیمێکی ئامێرەکان بۆ پاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان لەبەفر کار دەکەن، بەڵام لە وەرزی بارانبارینی بەخوڕ گوندەکان ڕێگایان لێدەگیرێت، هەربۆیە لەم بورادا بلدۆزەرو شۆفڵ و قەلاپمان پێویستە زبڵ و خاشاکیش لە ڕێگای کۆمپانیایەکەوە بۆ شوێنێکی دوور دەگوازینەوەو لەبەرنامەدایە کارگەیەکی ریسایکلین دابنرێت، بەدروستکردنی ئەو کارگەیەش گرفتی فڕێدانی زبڵ و خاشاك بەتەواوەتی چارەسەر دەبێت. لەڕووی بینایەوە کێشەی زۆرمان هەیە، لەناو یەك بینایەدا چەندین فەرمانگەو هۆبەو بەڕێوەبەرایەتی هەیە، هاوکات بنکەی ئاو کە زۆر پێویستە لە ناحیەکەمان نییە، ئێستا فەرمانی دامەزرانی بنکەی پۆلیسی هاتوچۆمان هەیە لەبەر نەبوونی بینایە جێبەجێ نەکراوە.

### وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کەمتەرخەمە

سەبارەت بە بواری وەرزش و لاوان و کەموکوڕی و داواکارییەکان لەم بوارانەدا بەڕێوەبەری ناحیەی دینارتە وتی: لە بواری وەرزشی و لاوان سەنتەری ناحیەو سنوورەکە کەموکوڕیەکی زۆری هەیەو بێبەشین لە پرۆژەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێم و ئەو وەزارەتە بەرانبەر بە گەنجەکان و وەرزشوانانی ناوچەکە کەمتەرخەمە، چونکە ژمارەیەکی زۆر وەرزشوان لەسنوورەکەمان هەیەو ئاستی وەرزش لە دینارتە زۆر لە قەزای ئاکرێش باشترەو لە



## گوندمان هەیە تا ئێستا ڕێگای ئۆتۆمبێلی نییەو بە پیادەیی هاتوچۆی بۆ دەکرێت

کابینەی شەشەمدا وەزارەت تاکە یەك پرۆژەو یاریگای بچووکیشی بۆ سنوورەکە دروست نەکردووە، هەروەها چالاکییەکانی هونەری و ڕۆشنبیری لە ناوچەکەدا زۆر لاوازە، چونکە وەزارەتی پێوەندار لەمبوارانەش گرنگی بەو سنوورو ناحیەیە نەداوە، تەنیا سەنتەری ڕۆشنبیری دینارتە بەکاری خۆیان هەڵدەستن، بەڵام ئەوانیش ئیمکانیاتیان دیاریکراوە.

### بڕیارێکی پێویست، بەڵام جێبەجێ نەکرا

لەکۆتاییدا بەڕێوەبەری ناحیەی دینارتە وتی: ناوچەکەمان پێویستی بە پرۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوڕلێدانەوە هەیە، بۆ ئەمە مەبەستەش پێویستە دەسەڵاتە کارگێڕی و داراییەکان دابەزێنرێتە خوارەوەو بەخێرایی داواکاری و پێداویستی خەڵکی جێبەجێ بکەین، لەم ڕووەوە لەسەرەتای ئەمساڵداو لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیارێك دەرچوو بۆ دابەزینی دەسەڵات بۆ خوارەوە بەتایبەتی بۆ یەکە ئیدارییەکان، بەڵام بڕیارەکە نەچووە بواری جێبەجێکردنەوەو هیچ دەسەڵاتێکمان زیادی نەکرد، لەلایەکی ترەوە دابەزینی دەسەڵات بێ پێدانی دەسەڵاتی دارایی و نەبوونی یەکەی ژمێریاری ئاستەنگ لەبەردەم دەسەڵاتە ئیدارییەکانیش دادەنێت، دابەزینی دەسەڵات ئیداری بڕیارێکی پێویست بوو، بەڵام جێبەجێ نەکرا. هەروەها داواکارم لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کە کێشەی تەملیك و کوژاندنەوەی زەوی لە سنوورەکەمان بە تایبەتی ئەوانەی سەنتەری ناحیەو گوندی گربیشمان بۆ چارەسەر بکەن، چونکە ئەو کێشەیە زۆر گەوریەو داواکاری هەموو خەڵکەکەشە. هاوکات پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین بەبۆنەی ئەوەی کە فیلمی کیسەڵەکانیش دەفڕن، دەرهێنان و ئامادەکردنی و لۆکێشنەکانی لە ناحیەی دینارتەو سنوورەکەدابوو، ئەوە ڕێزدارنێچرڤان بارزانی بنکەیەکی تەندروستی بەدیاری لە گوندی سەرگەلی دروستکرد، چونکە نمایشی فیلمەکە لەو گوندەبوو، هەروەها پرۆژەیەکی ئاوەڕۆی بۆ سەنتەری ناحیەکە جێبەجێکرد، ئەم پرۆژانەش کاریگەری باشیان بۆ ناوچەکە هەبوو، بەڵام لەبواری خزمەتگوزاری ئێستاکەش پێویستمان بە کاروپرۆژەی زۆر هەیە. داواکارین لە حکومەت و وەزارەت و لایەنە پێوەندارەکان لە ساڵانی داهاتوودا بەرنامەو پلانی باشتر بۆ برەودان بەو ناوچەیە بە تایبەتی لە بواری کشتوکاڵی و گەشتیاری پیادەبکرێت.

## شیروان عەبدولواحید مەلۆ سەرۆکی شارەوانی دهۆک بۆ (گولان):

# پرۆژەکانی ئاوەڕۆی ئاوی قورس بۆ دهۆک زۆر پێویستە

**کاتێـــك باس لە دهۆك دەكرێت هەموو كێشـــەو گرفتەكان دەگەڕێنەوە شـــارەوانی و لەدیمانەیەكی تایبەت بەگۆڤاری گولان شـــیروان عەبدولواحید مەلۆ ســـەرۆكی شـــارەوانی دهۆك جەختی لەسەر پێداویستی فراوانكردنی دەسەڵاتەكان كردەوە، كە بۆ فراوانكردن و خێراكردنی گەیاندنـــی پـــڕۆژە خزمەتگوزارییەكان بۆ هاووڵاتییـــان بایەخـــی تایبەتی هەیە، هاوكات ئەوەشی راگەیاند فراوانبوونی شاری دهۆك زۆر بەخێراییەو لەساڵانی داهاتوودا پێویســـتی بەئەنجامدانی دەیـــان پـــرۆژەی تر هەیـــە. ئەمەو بەراشكاوانە بەڕێزی وەڵامی چەندین پرسیاری تری داینەوە كە تایبەت بوو بەپرۆژەكانی شارەوانی ..**

**لێـــرەدا پوختەی وەڵامەكانی بەڕێزی بـــۆ خوێنەرانـــی گۆڤارەكەمـــان بڵاو دەكەینەوە.**



### ساڵانە پێویستیمان بە ٢٠٠٠ یەکەی نیشتەجێبوونە

سەرەتا سەرۆكی شـــارەوانی دهۆك سەبارەت بـــە فراوانبوونی شـــاری دهـــۆك و بەرنامە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەكان كە لەگەڵ ئەو گەورەبوونەدا بگونجێت وتی : شـــاری دهۆك دوای ٢٠٠٣ بە شێوەیەكی چاوەڕوان نەكراو دەستی بە گەورەبوون كردووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ ماستەرپلانێك بۆ شاری دهۆك دروستكرا، لەم ماستەرپلانەدا گەشەكردنی ســـاڵانەی ژمارەی دانیشتووانی شاری دهۆكی تێیدا بە ڕێـــژەی ٣،٣٪ هەژماركردووە، ژمارەی دانیشتووانی ناو شاری دهۆك ئێستاكە ٣٣٠هەزار كەسە بەپێی ماستەرپلان و ڕێژەی گەشەكردنی ساڵانەی دانیشتووانەكەی ساڵانە ١٠تا١٢هەزار كەس لە ناو شـــاری دهۆك زیـــاد دەكات و لەو كاتەشدا ساڵانە پێویستمان بە ٢٠٠٠هەزار یەكەی نیشـــتەجێبوونە، جگە لەو زیادبوونەی ناوخۆ، لە شـــارەكانی تری عێراقیش بـــە تایبەتی خەڵكی موســـڵ و بەغـــدا دێنە دهـــۆك و كۆچكردنی گوندەكانیش بۆ شار هۆكارێكی تری زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی شـــارەكەیە. لە ئەنجامی هەموو ئەو هۆكارانە شاری دهۆك بەرفرەوانییەكی زۆری بەخـــۆوە بینیوە، ئەو ماســـتەرپلانەی بۆ دهۆك دانراوە لەلایەن كۆمپانیای فۆیســـینگی ئەلمانـــی جێبەجێكـــراوە كە تا ســـاڵی٢٠٣٢ی تێیدا ڕەچاوكـــراوەو ئەو ڕووبەرەی بۆ شـــارەكە بەپێی ئەو نەخشـــەیە دانراوە ٤٠٠كیلۆمەتر چوار گۆشـــەیە، بەپێی ئەو ڕووبەرەش ماستەرپلانەكە تەنیا ناو شـــاری دهۆك ناگرێتەوە، بەڵكو سێمێل و دۆمیزو میسریكێ و شاریاو تەناهیاو فایدەش لەخۆدەگرێت، هەروەها بەپێی ئەو ماســـتەرپلانە كۆمپانیای فۆیســـینگی ئەلمانی وا چاوەڕوان دەكات تا ســـاڵی ٢٠٣٢ ژمارەی دانیشتووانەی شاری دهۆك ببێتە ٩٥٠هەزار كەس و هەر ئێستا ئێمە بۆ ئیشـــوكارەكان بەپێی ئەو ماســـتەرپلانە خۆمان ئامـــادە دەكەین، تاوەكو شـــاری دهۆك بتوانێ بە شـــێوەیەكی سەركەوت و ئاسایی ئەو ژمارە كەســـە لەخۆ بگرێت و كەمترین كێشەو گرفتی پـــڕۆژە خزمەتگوزاریەكانیشـــی هەبێت، هاوكات بەپێی ئەو ماستەرپلانەی دانراوە هەندێ شوێن هەیە لە ناو شار كە ئێستا خانووەكانی كۆن بووەو تەمەنی بینایەكەی بەسەرچووە، لە كاتێكدا كە خاوەنەكەی تێكی دەدات و دەیەوێـــت بیكاتـــە باڵەخانە ئـــەوە ئێمـــە خاوەنەكەی قەرەبوودەكەینـــەوەو زەوییەكـــە بـــە بەتاڵی جێدەهێڵیـــن و هەندێ بینایـــەی تـــری حكومیـــش هەیە وەكو بینایەی شارەوانی كۆن

## تا ٣٠ساڵی تر ٦٠٠هەزار كەس لە ناو شاری دهۆك زیاد دەكات هەربۆیە جەخت لەسەر یەكەی نیشەجێبوونی ستوونی دەكەینەوە

كە ئێستا تێكدراوەو چەند بینایەی دیكەش لەم سنوورەدا كە رووبەرەكەی بەگشتی ٣٦ كیلۆمەتر دووجایە قۆناغ بە قۆناغ تێكدەدرێن، جگە لە بینایەی پارێزگاو دادگاو قوتابخانەیەك كە ئێستا هونەرەجوانەكانە، هەموو ئەو رووبەرەش دەكەینە باخچەو پارك و جوانكاری و پانتایی سەوزو بەشێكی ژێر ئەو رووبەرە زەوییەش دەكرێتە شوێنی راوەستانی ئۆتۆمبێل بۆ ئەوەی ئەو ژمارە ئۆتۆمبێلە زۆرەی دێتە ناو بازاڕ لەم گەراجە راوەستن و قەرەباڵغی و جەنجاڵی لە ناو سەنتەری شارەكە دروست نەبێت، لەلایەكی ترەوە بەپێی ئەو تێروانینەی هەیە تا ٢٠ساڵی تر ٦٠٠هەزار كەس لە ناو شاری دهۆك زیاد دەكات بۆ شوێنی نیشتەجێبوون جەخت لەسەر یەكەی نیشەجێبوونی ستوونی دەكەینەوە خۆشمانی بۆ ئامادە دەكەین، هەر بۆ ئەو مەبەستەش ئێستا هەندێك لەو یەكانە تەواو بووەو بەشێكیش لەو یەكە نیشتەجێیانە لە قۆناغی جێبەجێكردندایە. هەروەها لە بەشی خوارووی دهۆكیش جێگای ٢٥٠هەزار كەس شوێنی نیشتەجێبوون ئامادە دەكرێت.

### تونێلێك لەچیای زاوە بۆ دهۆك زۆر گرنگە

شاری دهۆك لە نێوان دوو شاخدایە و ئەو دوو شاخەش بۆی هەیە رێگا لە بەرفراوانبوون و ماستەرپلانی شاری دهۆك بگرێت، بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەی جێبەجێكردنی پرۆژەیەكی تونێل پێویستە، تاوەكو چارەسەری كێشەكە بكات و بتوانرێت ماستەرپلانەكە وەكو خۆی جێبەجێ بكرێت؛ لەمبارەیەوە سەرۆكی شارەوانی دهۆك وتی: باكووری شاری دهۆك زنجیرە چیای سپییەو لە خوارووشی چیای زاوەیە كە هەندێ كەسیش پێی دەڵێن چیای رەش و رۆژهەڵاتیشی هەر چیایە، بەڵام رۆژئاوای دەشتە و، دهۆكیش بەدرێژایی بەرەو رۆژئاوا گەورەبووە، بەڵام ئاراستەی درێژیەكەی دهۆك بەرەو رۆژئاوە زیاترە، هەر بۆیە نەماتوانی لەمە زیاتر بەرەو رۆژئاوا بچێت، چونكە درێژاییەكە زۆر زیاد دەكات و لەو كاتەشدا ئەنجامدانی كارو پرۆژەكان زۆر قورس و زەحمەت دەبوو، بەڵكو راوبۆچوونی ئێمە ئەوە بوو كە گەورەبوونی شار بەرەو خوارووی چیای زاوە بچێت كە لەو كاتەشدا شێوەی شاری دهۆك نیمچە بازنەیی هەڵدەكەوێت كە ئەمەش شێوەیەكی شیاو و جوانیشە، بۆیە هەر لەسەرەتادا لە هەوڵی ئەوەداین كە تونێلێك لە چیای زاوە دروست بكەین و بودجەی دیزاینی تونێلەكەش خراوەتە پلانی ساڵی ٢٠١٢وەو چاوەڕوانین كە حكومەت و لایەنی پێوەندار ئەم بودجەیە تەرخان بكەن، چونكە ئەو پرۆژەیە بۆ گەورەبوون و بەرفراوانبوونی شاری دهۆك زۆر گرنگ و ستراتیژیە.

كارو پلانی ئێمە ئەوەبوو بەرەو خوارووی چیای زاوە كە كۆمەڵگای شارێای لێیە كە برایانی ئێمەی ئێزیدیەكان سنووری شارەوانی بەرفراوان بكەین، گەرچی خەڵكی شاریا لەبەرچەند هۆكارێكی ئایینی رازی نەبوون، بەڵام ئەو سنوورەش زۆر گەورەیەو رووبەرەكەی هەندەی رووبەری دهۆكی ئێستاكە دەبێت، هەر بۆیە ئێستاكە ئێمە دەتوانین بەلای رۆژهەڵاتی كۆمەڵگای شاریاوە برۆین و سنووری شارەوانی دهۆك بەو ئاراستەیە بەرفراوان بكەین و كاریشمان لەسەر كردووە.

### لەبەرنامەدایە دهۆك دابەشی ٦ شارەوانی بكرێت

سەبارەت بەدابەشكردنی شارەوانییەكان بەسەرچەند شارەوانییەكدا كە دەنگۆی ئەوە هەبوو بەرپرسیان رێگر بوون لەم دابەشكردنە، سەرۆكی شارەوانی دهۆك وتی: نەخێر من قەت رێگر نەبوومە لەبەردەم ئەوەی كە شارەوانی دابەش بكرێتە سەرچەند شارەوانییەك، بەڵكو بەپێچەوانەوە دابەشكردنی سەرۆكایەتی شارەوانی شاری دهۆك بۆ دوو شارەوانی( رۆژهەڵات و رۆژئاوا)بیرو بەرنامە و پێشنیاری من بوو و زۆر هەوڵیشماندا تا توانیمان شارەوانی دهۆك بكەینە شارەوانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، هەروەها ئێستا پرۆژەیەكمان هەیە كە كاتێك شاری دهۆك بەرفراوان و گەورەتر دەبێت بكرێتە ٦شارەوانی، چونكە زیاتر بوونی شارەوانییەكان دەبێتە هۆكارێكی سەرەكی بۆ باشتر خزمەتكردنی هاووڵاتیان و شارەكەو باشتر بەڕێوەبردنی كارو پرۆژەكانی خزمەتگوزاری.

### لەبردنە دواوەی بینایەو باڵەخانەكان كەس رێگر نەبووە

سەبارەت لەبردنە دواوەی بینایە و باڵەخانەكان بە تایبەتی لە شەقامە سەرەكییەكانی ناو شاری دهۆك كەچەندین كەس ناڕازی بووە سەرۆكی شارەوانی دهۆك وتی: لەمەسەلەی بردنە دواوەی بینایەو باڵەخانەكان كەس رێگر نەبووە، چونكە یاساو رێنماییەكان پەیرەو دەكەین، ئەمەش بۆ فراوانكردنی شەقام و شۆستەكانە و لە بەرژەوەندی گشتی دایە، بەڵام لە كاتی جێبەجێكردنی ئەم یاسایەشدا هەر بینایەو باڵەخانەیەك چەندمەتر بكشێتەوە ئەوە لە فەزای بینایەكەدا نیوە یا زیاتر لەو نیوەی كە كشاوەتەوە دەتوانێت بێتەوە پێشەوە. هەرچەندە هەندێك كێشە لەسەر قازانجی یاسایی هاتە پێشەوە، بەڵام نەبووە رێگر لەبەردەم فراوانبوونی شەقامەكاندا.

**لە بەشی خوارووی دهۆك شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ٢٥٠ هەزار كەس ئامادە دەكرێت**

### شارێكی پاكوخاوێن لەسەر ئاستی عێراق

شاری دهۆك بەگشتی و بەتایبەتی سەنتەری شارەكە بە پاكوخاوێنی ناوبانگی لە هەرێمی كوردستان و عێراق دەرچووە، بەڵام بەهۆی ئەو بەرفراوانبوونەو قەرەباڵغییەی رۆژ لە دوای رۆژ لە شاری دهۆك زیاد دەكات پێویستی بە پرۆژەو بودجەی زیاتر هەیە لەمبارەیەوە سەرۆكی شارەوانی دهۆك وتی: من زیاتر لە ٢٠ساڵ لە ئەڵمانیا ژیاوم، ئەو وڵاتە زۆر پاك و خاوێنەو ئێمەش بەو نیازە بڕیارماندا كەچاو لە ئەڵمانیا بكەین، بۆ پارێزگاری لە پاك و خاوێنی دهۆك چەندین كاری باش و گونجاومان پیادەكردووە، لەوانە هەر لە سەرەتایی كاركردنم وەكو سەرۆكی شارەوانی دهۆك تیمی چاودێری پاك و خاوێنیمان لە هەموو گەڕەك و بازاڕ و شەقام و سەنتەرەكانی شار داناوە، هاوكات هاتنی ئەو كۆمپانیایەی كە كاری پاككردنەوەی ناو گەڕەك و شەقام و بازاڕو شارەكەمان بەگشتی بۆ ئەنجام دەدات كە زۆر بەباشی و بە بەردەوامی رۆژانە بە كاری خۆیان هەستاون، لەلایەكی ترەوە داوامانكرد پارەو خەرجی بۆ پاككردنەوەی شاری دهۆك زیاد بكرێت، بۆ ئەو مەبەستەش پارێزگاری دهۆك بەدەنگەوەمان هاتووە پشتگیری تەواومانی كردووە، هەروەها كەس و تیممان هەیە لە شەقامەكانی ناو شارو دەرەوەو سەرەكییەكان هەر كەسێك شووشە یا قووتو یا زبڵوخاشاك لە ناو ئۆتۆمبێلەكەی فرێدداتە دەرەوە ئەوە ژمارەی تۆمار دەكرێت و سزای دارایی خۆی وەردەگرێت، هەر بۆ نموونە لە ١١مانگی رابردوو تەنیا لە گەڵی دهۆك ٣٥٢٩ ئۆتۆمبێل لەسەر فڕێدانی قووتو و شووشەو زبڵوخاشاك لە ناو ئۆتۆمبێلەكانیانەوە بۆ سەر شەقام سزا دراون.

هەر سەبارەت بەپاكوخاوێنی شار كارە مەیدانییەكان زۆر گرنگی پێدەدەم تەنانەت بەباشی دەزانم كارو ئیشی شارەوانی بەجلوبەرگی مەیدانی و ئیشەكەی بێت .

**داوامانكرد پارەو خەرجی بۆ پاككردنەوەی شاری دهۆك زیاد بكرێت بۆ ئەو مەبەستەش بەرێز پارێزگاری دهۆك بەدەنگەوەمان هاتووە**

لەلایەكــی ترەوە لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە زۆر هەنگاوی بــاش و گرنگمان بۆ هۆشــیاری و بەرزكردنەوەی لایەنی مەعریفە داوە، هەر بۆ نموونە بۆ هۆشیار و ئاگاداركردنەوەی هاووڵاتیان لەسەر پاراســتنی پاكوخاوێنی و چەند كاری تر چەند كورتە فیلیمێكمان ئامادەكردووەو لە كەناڵەكانی تەلەفزیۆن پیشانی خەڵكمانداوەو ژمارەیەكی زۆر تابلۆ و ئاگاداریمان لە شــەقامە سەرەكییەكان و شوێنە گشتییەكان هەڵواسیوەو ساڵانە پڕۆشەرو نامیلكە لەســەر هۆشیاركردنەوە بڵاو دەكەینەوەو لە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆكانی ناوخۆو ئاســمانی لەســەر بواری شــارەوانی و ڕۆشبیری و هۆشــیاركردنەوە بەشداری دەكەین، بەڵام پێویســتە لــەم لایەنەوە زۆرترو باشــتر بە بەردەوامی كارو بەرنامەو پلانمان هەبێت.

هەروەها وەكو شــارەوانی لەسەر پاكوخاوێنی شــارو كارو ئیشــەكانی ئــەو كۆمپانیایــەی هەڵدەســتێت بە پاككردنەوەی شــار چاودێری و بەدواداچوونــی بەردەوامان هەیە، ســەبارەت بە كارگەی ڕیســایكلین پێش ٣ســاڵ داوامان

## لەمساڵدا تەنیا لە گەلی دهۆك ٣٥٢٩ ئۆتۆمبێل لەسەر فڕێدانی قووتو و شووشەو زبڵوخاشاك لە ناو ئۆتۆمبێلەكانیانەوە بۆ سەر شەقام سزا دراون

لە پارێــزگاری دهۆك كردن كــە كارگەیەكی ڕیســایكلین بۆ شــاری دهــۆك دابمەزرێنێت، پاش هەوڵێكی زۆر كارگەیەكی ڕیســایكلینی جیاكردنەوەی زبڵوخاشاكمان كڕی و ئەو كارگەیە لەلایەن شــارەوانییەكانەوە سەرپەرشتی دەكرێت و ڕۆژانە زبڵوخاشــاكی شاری دهۆك و سێمێلیش هــەر دەچێتە ئــەو كارگەیەو ڕۆژانــە توانای جیاكردنەوەی ٧٥٠تەن زبڵوخاشاكی هەیە.

### گرفتی ئاوەڕۆ

سەبارەت بە كێشەو گرفتەكانی شاری دهۆك لە بواری ئاوەڕۆ سەرۆكی شارەوانی دهۆك وتی : شــاری دهۆك لە ســاڵی ١٩٤٧ تەنیا ٥٦٢١ كەس بووە، بەڵام ئێستاكە پاش٦٠ ساڵ ژمارەی دانیشتووانی دهۆك بە فەرمی ٣٣٠هەزار كەسەو لەكاتی خۆیدا كێشەی خزمەتگوزاری بە تایبەتی ئــاوەڕۆی نەبــوو، لەبەر ئەوەی لــە نێوان دوو چیادابوو و چەند كەندو دۆڵی تێدا بوو ئەو ئاوی باران و ئاوەڕۆیەی لە شارەكە هەبوو دەهاتەوە سەر كەندەكان و دەڕۆیشت، بەڵام ئێستا شاری دهۆك لەم قۆناغــە دەرچووە كە لە نێــوان دوو چیایە و زۆر بەرفراوانبــووە بۆیە ئاوەڕۆ ئەمڕۆكە زۆر پێویستە بۆ شارەكە، هەرچەندە لە ناو گەڕەكەكان و شــارەكە چەند كیلۆمەترێك ئــاوەڕۆی باران بارینی هەیە كە لە كاتی خۆی دروســتكراوە كە ئەو ئاوەڕۆیانەش تەســك و بچوكن و دەگیرێن و توانای ئەو بەرفرەوانی و ژمارەی دانیشــتوانی ئێســتاكەی نییە، هەرچەندە ئەو ئاوەڕۆیانەشمان پاككردۆتــەوە، گەرچی توانای ئەو ڕێژە ئاوەی ئاوەڕۆی ڕۆژانەی خەڵكەكەی نییە، بۆیە ئێستا پێویســتمان بە ئــاوەڕۆی گەورەو تیــرە فراوان هەیــە، هەروەهــا یەكێك لەو پێویســتیانەی كە زۆر پێویستە بۆ شــاری دهۆك ئاوەڕۆی ئاوی قورســە كە تا ئێســتا ئەو پڕۆژە ستراتیژییەی نییە، بەڵكو هەر ماڵێك بیری بۆ ئاوەڕۆی ئاوی قورس هەڵكەندووەو ئەو ئاوەقورسەش دەچێتە ژێر زەوی و زیانێكــی زۆری بۆ ئاوی ژێر زەوی و ژینگەكەمان هەیە.

### دەسەڵات و ئیمكانیاتمان بەراورد بە هەردوو شارەوانی هەولێرو سلێمانی كەمە

سەبارەت بەبودجەی شــارەوانی و دەسەڵاتی خەرجكردن ســەرۆكی شــارەوانی دهۆك وتی: هەندێ جــار بودجەی پەرەپێدانــی پارێزگا لە حكومــەت زۆرترە و هەنــدێ جاریش بودجەی حكومەت باشــترو زۆرترە، بەڵام ســەبارەت بە خەرجكردن و دەسەڵاتەكان بڕیاربوو دەسەڵاتەكان هەموار بكرێت و زیاتر بكرێت، بەڵام دەســەڵاتی دارایی و ئیمكانیاتی هەولێرو سلێمانی لە دهۆك زیاترە، چونكە هەریەكە لەم دوو شــارە لە شاری دهۆك گەورەترن و پێویســتی و ئیمكانیاتیان بە بودجەی زیاتر هەیە.

### زێدەڕۆیی هەیە

ســەبارەت بە بوونی گرفتی زێدەڕۆیی لەناو شــاری دهۆك كە بوونــی هەیــەو چۆنیەتی چارەســەركردنی ســەرۆكی شــارەوانی وتــی : زێدەڕۆیــی لە شــاری دهۆك وەكــو هەموو شارەكانی تری هەرێمی كوردستان و عێراق هەیە و دەبێت ئــەوە بزانین لە وڵاتێكی وەكو توركیاش زێدەڕۆیــی هەیە، ئــەو زێدەڕۆیانەی لە دهۆك هەیە زۆربەیان كۆنــن و زیاتریش لەبەر نەبوونی نەخشەی بنەڕەتی بووە، بەڵام بۆ چارەسەركردن و بنبڕكردنی ئەو زێدەڕۆیە كە یاسایی وەبەرهێنان لە ساڵی ٢٠٠٦ دەرچوو ئێمە هەوڵماندا و پشتگیری

## پلان و بەرنامەیەكمان هەیە كە لە چواڕیانی دهۆك پاركێكی بەرفراوان دروست بكەین و زەویشمان بۆ دابینكردووە كە ڕووبەرەكەی دوو ملیۆن و سێ سەد هەزار مەتر چوارگۆشەیە

## كارگەی ریسایكلینی دهۆك ڕۆژانە توانای جیاكردنەوەی ٧٥٠تەن زبڵوخاشاكی هەیە

و هانی كەرتی تایبــەت و وەبەرهێنەرانماندا بۆ چارەســەركردنی قەیرانــی نیشــتەجی و ئەو زێدەڕۆیانە یەكەی نیشــتەجێبوون دروست بكەن، چونكە پێشتر تەنیا ٥٠٠شوقە دوستكرابوو، بەڵام پاش ئــەوەی توانیمان یاســای وەبەرهێنان كارا بكەین و لە ســاڵی ٢٠٠٧ دەستكرا بە پڕۆژەی دروســتكردنی خانوو و یەكەی نیشتەجێبوون كە تا ئێســتا نزیكەی ٢٠هەزار یەكەی نیشەجێبوون لە شاری دهۆك دروســتكراوە و ئەو پڕۆژانەش قۆنــاغ بە قۆناغ بەردەوام دەبێــت و دەتوانم بڵێم بــەم پڕۆژانە توانرا پێش لە زێدەڕۆیی بگرینەوەو ئاستی قەیرانی نیشتەجێبوونیش لە شاری دهۆك زۆر كەم بكەینەوە.

### لە ٤ ساڵدا ٧٢ باخچەو پاركی هاوچەرخ دروست كرا

ڕێــژەی ســەوزایی لــە ناو شــاری دهۆك لایەنەكــی گرنگە بــۆ پاراســتنی ژینگەی شــارەكە، لەمبارەیەوە سەرۆكی شارەوانی دهۆك وتی: شارەوانی دهۆك لە ساڵی ١٩٣٥دامەزراوە لەو كات تا ســاڵی ٢٠٠٧ كــە دەكاتە نزیكەی ٧٢ســاڵ تەنیا ٢٢ باخچەو پارك لە ناو شــاری دهۆك دروســتكراوە، بەڵام لە ســاڵی ٢٠٠٧تا ئێســتاكە ٧٢باخچەو پاركی هاوچەرخ و ڕووبەر جیاجیامان لە شاری دهۆك دروستكردووە، تەنیا پاركی ئازادی ڕووبەرەكەی ٤٨هەزار مەتر چوار گۆشەیە، هەروەها ســاڵانە بەپێی ئیمكانیات و بودجە باخچەو پارك دروســت دەكەین، ئەگەر لە هەر گەڕەك و شوێنێك پێویست بێت، چونكە ئێمە لە هەوڵی ئەوەین هەر كەســێك لە شار دوو مەتر دووجا پانتایی سەوزایی بەربكەوێت، هاوكات پلان و بەرنامەیەكمان هەیــە كە لە چواڕیانی دهۆك پاركێكی بەرفراوان دروســت بكەین و زەویشمان بــۆ دابینكردووە كە ڕووبەرەكــەی دوو ملیۆن و سێ سەد هەزار مەتر چوارگۆشەیەو ئەم پاركەش قۆناغ بە قۆناغ ئەنجام دەدرێت هەر ئێســتاكە لە قۆناغی یەكەم شوورای پاركەكە دروست دەكەین و بەتەواو بوونی ئەو پاركە گەورەیە ئەوە ڕێژەی ســەوزایی زۆر زیــاد دەكات و زیاتریش دەبێت لەو ڕێژەی دانیشــتووانەی كە لە شاری دهۆك چاوەڕوان دەكرێت تا ساڵی ٢٠٣٢ زیاد بكات.

هەروەها ســەبارەت بە ســازدانی پێنچەمین كۆنفرانســی شــارەوانی وتی : ئێســتا خۆمان ئامادەكردووە بۆ بەســتنی كۆنفرانسی پێنجەمی شــارەوانی كــە تێیدا چەندین كــەس و لایەنی شــارەزاو پێوەنــدار و هاووڵاتیانــی ئاســایی شــارەكەش بانگێــش دەكرێــن و ئامــادە دەبن

و هـــەر لەم کۆنفرانســـانەدا ســـاڵانە نامیلکەو بڵاوکراوەی تایبەت بە شارەوانی شاری دهۆکمان بڵاوکردۆتەوەو لە کۆتایی هەر کۆنفرانسێکیش لە لایەن ئامادەبووانەوە چەندین پێشنیار بۆ کاراکردن و باشـــتر کارکردنی شارەوانییەکەمان دەخرێتەڕوو و ئێمـــەش ئەو پێشـــنیارانە وەردەگرین لە دوای کۆنفـــراس بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی لەســـەر دەکەین بۆ ئەوەی لـــە کارو ئیش و پڕۆژەکانمان سوودی لێوەربگرین.

## بەهاوکاری دوکاندارەکان بازاڕی گەورەو سەرەکی ڕێکخرا

لە ماوەی ڕابـــردوو پڕۆژەیەکی هاوچەرخ و سەرکەوتووتان بۆ دوکان و بازاڕی سەرەکی شاری دهۆك ئەنجامـــداوە وەکو باس دەکرێت ئەم بازارە ئێستا وەکو بازارو مۆلێکی گەورەی ئەستنبۆلە، سەرۆکی شارەوانی دهۆك لەمبارەیەوە وتی :

بازاڕی گەورەو ســـەرەکی دهـــۆك کۆڵان و شۆستەو سەرە دوکان و کۆڵانەکان زۆر بێسەروبەر و خراپ بوو کاتیك کە هاووڵاتیان بازاڕیان دەکرد تووشـــی ماندووبوون و زەحمەتـــی زۆر دەهاتن بەتایبەتی لەبەر خراپی و بەرزونزمی شۆســـتەو کۆڵانـــەکان، بەڵام ئێمـــە بە چەنـــد قۆناغێك شۆستەو کۆڵانەکانمان بە شێوەیەکی سەردەمیانە دروســـت کردەوە، هەروەها سەقفی سەر کۆڵان و شۆستەکانیشـــمان بەهەمانشـــێوە بە کەرستەی سەردەمیانە داپۆشی، بەڵام خەرجی سەقفەکەمان لـــە خاوەن دوکانەکان وەرگرت هەر یەکەی بەپێی درێژی بـــەردەم دوکانەکەی پارەی داوە و ئەگەر ئێســـتا ســـەیری ئەو بازارە بکەیت هەر دەڵێی مۆڵێکە تازە دروستکراوە و ئەوانەی ڕۆژانە بازاڕ دەکەن ئاسوودەبوون .

## دەسەڵاتەکانی سەرۆکی شارەوانی

سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی کە لەلایەن وەزارەتی شـــارەوانییەوە بۆی هاتۆتە خوارەوە ســـەرۆکی شارەوانی دهۆك وتی: دەسەڵاتی سەرۆك شارەوانی لە هەموو عێراق نەك تەنیا لە کوردســـتان وەکو دەسەڵاتی ســـەرۆك شارەوانی شارەکانی وڵاتانی ئەوروپاو تاوەکو تورکیاش نییە، ئەگەر بە وردی باسی ئەوە بکەین گفتوگۆیەکی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام لە عێراقدا دەسەڵاتی سەرۆك شارەوانی بە یاساو ڕێنمایی دیاریکراوە کە چەندەو چۆن کاری پێ دەکرێت، هەرچەندە هەندێ دەسەڵاتمان هەیە کە بتوانیـــن کارو جووڵەی پێ بکەین، بەڵام بۆ پڕۆژەی گەورەو ســـتراتیژی ئێمە ناتوانین لێرە بڕیاری لەســـەر بدەین، چونکە لایەنی دارایی لە دەست ئێمەدا نییەو لە دەسەڵاتی وەزارەتەو دەبێت ئەوان ڕەزامەندی لەسەر بدەن. بەڵام بۆ کاراکردن و باشـــتر جێبەجێکردنـــی کارو پڕۆژەکانمان بە پێویســـتی دەزانین کـــە دەســـەڵاتەکانمان زیاتر بکرێت.










# واقیعی مافەکانی ئافرەت و گرفتەکانیی لە هەرێمی کوردستاندا

**(بە پێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٩١، ماوەی نێوان ١١/٢٥ تا١٢/١٠ ی هەموو ساڵێک تایبەت دەکرێت بە خەباتی هەمەلایەنە دژ بە هەموو شێوازەکانی توندوتیژی کە لەدژی ئافرەتان بەکاردێت)**



کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویێتی

**ئەوانەی لە ڕیزی گرووپە ئاینییە توندڕەوەکاندان هیچ بەربەست لە پێش خۆیان نابینن بۆ ڕاگرتنی مامەڵەی نامرۆڤانەو تێهەڵدانی ئافرەتان بەو هەنجەتەی کە ئافرەت پابەند بکرێت بە پرۆسەکانی تەئدیب کردنەوە**

## ڕوانینی گشتگیرانە

بنەمایەکی گشتی هەیە تێیدا هاتووە کە هەردوو دەستەواژەی تیۆرو پراکتیك پێکەوە ڕێ ناکەن، بەڵکو زۆربەی جاران ئەم دوو دەستەواژەیە بە پێچەوانەی یەکەوەو بەتەنیشت یەکتردا گوزەر دەکەن، ئەوەی لێرەدا بۆ وتن بمێنێتەوە، دروست بوونی ئاستی بەرینایی ئەو درزو کەلێنانەی نێوان تیۆرو پراکتیکە، کە ئەوەش لە نێوان حاڵەتێك تاحاڵەتێکی دیکە جیاوازیی هەیە، دەشتوانرێت واقیعی ئەم حەقیقەتە ڕێژەییەی باسی لێوە دەکەین لە زۆربەی تیۆرەکاندا ببینرێتەوە، ئیتر سروشتی تیۆرەکان هەرچۆنێك بن چ سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری، لەو کاتەوەی داهێنەری تیۆرێك لە واقیعی کردارەکیدا بە پراکتیکییانە پیادەی تیۆرەکەی خۆی بکات، ئیترلەم کاتەدا دەکرێت گرنگێتی و ئاستی ڕاستگۆیی و جدییەتی تیۆرەکە یان یاسا وەزعیەکانی کە لەم لایەن یان لەو لایەنەوە دەردەچوێنرێت هەڵبسەنگێنرێت، لەلایەکی تریشەوە پێویستە ئاستی جدییەتی بەرپرسان لە جێبەجێکردنی تیۆرەکەدا بزانرێت، هەروەها توانای فشاربۆهێنانی سیاسیانەو کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ وەدیهێنان و ئەنجامدانی بڕگەکانی ئەو تیۆرە، زیاتر لەهەموو ئەمانەشدا شتێك بنەماکە ڕوون دەکاتەوە، ئەویش قەبارەی ئەو کەلێنەیە کەلە نێوان خاڵی تیۆرو و خاڵی چەسپاندنیدا دەکەوێتەوە، دەکرێت زۆر مەسەلەی گرنگ لەسەر ئاستەکانی نزیکبوونەوە یان دوورکەوتنەوەی ئەو خاڵەی جێبەجێکردن لە تیۆرەکاندا بە نموونە وەربگرین و بیانخەینە ژێر وردبینیەوە، لەو مەسەلە گرنگانەش مەسەلەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دابەشکردن و دابەشینەوەی داهاتی نەتەوەییە، واتە چ پێوەندییەکانی نێوان بڕی کرێی کرێکارو ڕێژەی قازانجی سەرمایەداران، یان مافەکانی مرۆڤ یان حاڵەتەکانی جیاکاریی جێندەری یان یەکسانی لەنێوان خەڵکیدا لەسەربناغەی نەتەوەو ئایین و مەزهەب و ڕاو و ڕای بەرانبەر..تاد

دەشکرێت چەندین مەسەلەی تریش لە بوارەکانی سیاسەت و ئابووری وکۆمەڵگە بەنموونە هەڵبژێرین کە بەهۆیەوە واقیعی کەلێنەکە یان هاوشێوەیی یان ناجۆری دوو ئاستەکەی پێ هەڵدەسەنگێنرێت.

نەك بە ڕوانینێکی تاکڕەهەندانەی فیکری یان ئایدیۆلۆجی، بەڵکە بە ڕوانینێکی گشتگیرانەی هەمە تیۆریی، تەنانەت بە ڕوانینیکی ورد بۆ یاساکانیش ئیتر ئەو یاسایانە سۆسیالیزمییانە یان سەرمایەدارییانە یان ئایینییانە داڕێژرابێتنەوە..تاد

بێگومان ئەم بنەمایە لەسەر مەسەلە بنەڕەتییەکانی تریش دەچەسپێت، بە نموونەی ئەوانەش هەر جۆرە هەڵوێست وەرگرتنێك لە بەرانبەر مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەتان و ڕزگاربوونیان لەم یان ئەو وڵاتانەدا، دەکرێت بەهەمان شێوەو بەگشتی چاودێری ئەو بنەمایانە بکەین کەلە عیراقدا یان لە هەرێمی کوردستان هەن و یان دانراون، بابەتەکەشمان بەشێوەی گشتیی تایبەتمەندکراوە بۆ خستنەڕووی پێوەندی لە نێوان دەستوورو واقیعی پراکتیکی مەسەلەکانی ئافرەتان و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی پێوەی پابەندن، بەتایبەتی لە ناو قەوارەی هەرێمێکدا، چونکە زۆر زانیاری لەسەرواقیعی ژیانی ئافرەتانی ناو هەرێمی کوردستان و ئەو گرفتانەی پێوەی گیرۆدەن، بڵاودەکرێتەوە بە تایبەتیش گرفتی توندوتیژی، چارەسەرییەکانیش پێوەندی بەو دەستوورە نوێیەوە هەیە کەلە ساڵی ٢٠٠٦ بڕیاری لەسەر دەرچووە ..

## خەسڵەتە لە مێژینەییەکانی ئافرەتانی کوردستان

ئافرەتان لە کوردستان بە ئازایەتی و ڕاشکاوێتی لەدەربڕینی هەستەکانیان و بەهێزێتی لە کەسێتی و زیندووێتی لە وەرگرتنی بەرپرسیارێتیدا ناسراون، هەروەها بە ڕۆحی خەباتگێڕانەی بەرزو ڕەتکەرەوەی چەوسانەوەو ملکەچ نەکردنیان بۆ کارەساتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەناسرێن، ئافرەت لە کوردستان ڕازی نابێت بەوەی پیاوان بۆ سەپاندنی نێرسالارێتی خۆیان بەسەریانەوە هەوڵ بدەن تا بیانچەوسێننەوە، لەو سیما گرنگانەی چەوسانەوی ئافرەتان بەدرێژایی ئەو سەدانەی پێشوودا پێکهاتوون، ئەوەش بەهۆی مەرگەسات و کارەسات و دروست بوونی ڕۆحی بەرگریکاری لە خودی خۆیی دژ بە زوڵم و چەوسانەوەو هەژاری و دەردە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها لە دژی نەریت و دابە خێڵەکییە خنکێنەرەکان و فتواو ئامۆژگارییەکانی چەندین شێخی ئایینی نارۆشنگەر بووە درێژایی چاخەکانی ڕابردوو.

ژیانی ناو چیاکان و گوندەکان ڕێ بۆ مرۆڤ ئاسان دەکەن چ پیاوبن یان ئافرەت کە پتەوو مکوڕو بەرگریکار بن لە بەرانبەر تێپەڕاندنی فاکتەرەسروشتییەکان و ئەو هۆکارانەی تریش کە بەربەست لە ژیانیاندا دروست دەکەن، پتەوێتی ئافرەتانی کورد لە ناو گوندەکان و لە نێوان خانەوادەکانی کە ئاستێکی باشی ڕۆشنگەرییان هەبووە بە ڕوون و ئاشکرایی دیارن، بەڵام ئەم حاڵەتی پتەوێتییە بە شێوەیەکی ڕێژەییانە لە ناو خێزانە موحافزکارەکانی کە لە خانەی چینی چەوساوەکان و توێژە کۆمەڵایەتییە هەژارەکاندان بە بەردەوام لە پاشەکشێدا بووە، بە تایبەتی لە ناو شارەکاندا لە لایەن ئەوانەی لە ڕیزی گرووپە ئاینییە توندڕەوو ڕادیکالییەکاندان هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکیان لە پێشدا نییە بۆ ڕاگرتنی مامەڵەکردنی نامرۆڤانە و زەبرپێگەیاندن و تێهەڵدانی ئافرەتان ئاساییە بە لایانەوە بەو هەنجەتەی کە ئافرەت پابەندە بە پرۆسەکانی تەئدیب کردنەوە، ئەوەشیان بە حیسابی خۆیان بە یەکێك لە پیرۆزییە ئاینییەکان ئەژمارکردووە!

بەو شێوەیە ئافرەتانی کوردستان لە نێوان گوندایەتی و شارستانێتیدا تیاڕاماون!

## زوڵمی لەمێژینەی دژ بە ئافرەتان

چاودێران باش ئاگادارن لەوەی کە ساتەوەختەکانی ساڵانی ڕابردوو شایەتحاڵی ئەو هەموو زوڵم و چەوسانەوەو داپڵۆسینە هەمەچەشنانە بوون کە بە گشتی بەهۆی جەنگە زۆرو درێژەکانەوە بەسەر عیراق و بە تایبەتیش بەسەر کوردستاندا هاتوون، هەروەها بە هۆی کەڵەکەبوونی توندوتیژی هەڵچنراوی ڕژێمە سەرکوتکارییە ناوەندییەکانەوە، کە لە ئاکامدا زۆر داب و نەریتی ئیجابیانەی وای لە کۆمەڵگەی کوردستانی سەندەوە، کە ئەو دابە ڕەسەنانە ناسرابوون بە ڕەتکردنەوەی توندوتیژی دژ بە خێزان و مامەڵەنەکردنی ناشایستە لەگەڵ ئافرەتاندا، لە شوێنی ئەو دابە جوانانەش زۆر دابی نامۆو ئاڵۆز و پڕ لەدڵەڕاوکێ و بەدحاڵی بوون کەوتە ناو پێوەندییەکانی ئافرەت و پیاوانەوەو بە تایبەتی لە شارەکاندا کە زۆربەی خەڵکی تووشی جۆرەها نەخۆشی دەروونی و دەمارگیری ئاڵۆزی وا بوونەوە کە ئێستا چارەسەریان پێویستە.

بێگومان پێوەندی لە نێوان ئافرەت و پیاودا لە پاش ڕزگاربوونی کۆمەڵگەی کوردی لە ژێر جەورو ستەمی دەسەڵاتە ناوەندییەکانی ئەوسای بەغدا ئێستا ئاڵۆزتر بوو، ئەوەش لە دوای ئەوەی کۆمەڵگە هەستیان بە بەرپرسیارێتی زیاتر لە بەرانبەر چارەنووسی خۆیان و هەرێمەکەدا دەکرد، بە تایبەتیش پاش بەرفراوان بوونی خوێندن و فێرکردن لە ناو نێرو مێ و باشبوونی ئاستی بژێوی و زۆربوونی ژمارەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان و کەناڵە ئاسمانییەکان و کتێبخانەکان و چاپکردنی ئەو هەموو کتێبە کوردی و عەرەبیانەو کرانەوەیەکی ڕێژەیی بەسەردنیادا، هەموو ئەمانە لەبەریەککەوتندا بوون بە داب و نەریتە موحافزکارو خێڵەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردی کە لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی تەفسیراتی هەمەچەشنەی پیاوانی ئایینیدا، خودەکانی مرۆڤی کورد پەرش و بڵاودەبوونەوە لە هەمبەرمەسەلەکانی پێوەندی نێوان پیاوو ئافرەت، لە هەموو حاڵەتەکانداو تا ئێستاش هەر لە بەرژەوەندی پیاودا تای تەرازوو لەبەرانبەر ئافرەت لاسەنگ بووە..

گەرچی بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو ئافرەتان لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەناو کۆڕی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە، ئەمانیش لە مەیدانەکانی خەباتدا دوور نەبوون و بەهۆیەوە دوچاری موعانات و دەردەسەری و مردن دەبوونەوە، بە تایبەتی لەماوەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردیدا و لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیدا، هەروەها پشکی خۆیان لە بەشمەینەتی وئازارو لەناوبردن بەرکەوتووە چ لە کارەسات و جینۆسایدەکاندا یان لەو کۆکوژییانەی لە هەڵەبجەو گوندەکاندا ڕوویاندا یان بەهۆی ئەنجام دانی پرۆسەکانی ئەنفالەوە ڕووبەڕووی مەرگ بوونەوە، لێرەوە گرنگێتی و بایەخی خاڵ و بڕگە ئەرێنییەکانی کە لە دەستووری هەرێمی کوردستانی عیراقدا ساڵی ٢٠٠٦ لەبەرانبەر ئەو خاڵ و بڕگانەی لەدەستوورەکەی ساڵی ٢٠٠٥ ی عیراقیدا هاتوون سەبارەت بە ئافرەت و مافەکانی (گەرچی کەمیش بن) جێی هەڵوەستە لەسەرکردنن. لە مادەی ٢١دا جەخت دەکرێتەوە لەسەر ئەوەی:(هەلی یەکسانی بۆ ئافرەتان شان بە شانی پیاوان بڕەخسێت و هەموو جیاکارییەکیش لەمبارەیەوە قەدەغە بکرێن و هەموو مافە مەدەنی و سیاسییەکانی لەم دەستوورەدا هاتوون و ئەوانەیشی کە لە بەڵێن و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی لە لایەن عیراقەوە مۆر کراون دەکەونە سەر شانی حکومەتی هەرێم و پێویستە دامودەزگاکانی میری هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانە وەلابنێن کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم یەکسانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا) سەرەڕای مادەی ٢٣ کە ڕێژەی ٪٢٥کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی ناوخۆیی و شارەوانییەکانی بۆ بەشدار بوونی ئافرەتان تەرخان کردووە، هەروەها مادەی ٤٩ کە تێیدا هاتووە:

یەکەم: بەبێ ڕەزامەندی هەردوولا گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجام نادرێت و هیچ زۆربۆهێنان و زۆرلێکردنێك لەم ڕووەوە جێگەی قەبوڵ نییە..

پێنجەم: هەموو شێوازەکانی توندوتیژی و جیاکاری و زۆرلێکردنێك چ لە ناو کۆمەڵگەوە یان لە ناو ماڵ و خێزانەوە بەرانبەر ئافرەت قەدەغەیە. دواتریش لە خاڵی شەشەمیندا هاتووە:( حکومەتی هەرێم ئەرکی دامەزراندنی لانەو شەڵتەرو شوێنی تایبەت بە سەرپەرشتی و پاراستنی ئەو ئافرەتانەی دەکەوێتە ئەستۆ کە بەهۆی هۆکاری کۆمەڵایەتییەوە ژیانیان وەبەر مەترسی دەکەوێت)

(( بڕوانە وێبسایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٦/٨/٢٢ زایینی )

**ڕۆشنایی بۆ دەرچوون لە توونێلدا**

ئەم بڕگەو ماددانە و زۆرانی تریش بایەخێکی بەرزیان هەیە بۆ ئافرەتان و چەکێکی باشیان دەخاتە دەست بۆ خەبات لە پێناوی پیادەکردنی مافەکانیان، پێویستیشە کە مادەی ٢١ جەوهەری پێوەندییەکان و پابەندبوونەکانی حکومەت و کۆمەڵگە لە بەرانبەر ئافرەت و مافەکانی دەسەبەر بکات ئەوەش لە پێناوی یەکسان کردنی بە پیاو، لە دوایەمین ماوەی سەرۆکایەتی حکومەت لە لایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانییەوە لیژنەی تایبەتی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی لە دژی ئافرەتان دامەزرێنرا، کە ئەو کات هەندێك بەرپرس و وەزیر تەرخان کران بۆ ئەو مەبەستە چ لە نێرو چ لە مێ، ئەوەش لە ڕووی یاساییەوە وەڵامدەرەوەی ئەو دەقانەیە کە لە نێو لیستی مافەکانی مرۆڤ و بەڵێننامەو دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکاندا بە دژایەتی کردنی ئەشکەنجەدان و بەکارهێنانی جیاکاری و توندوتیژی دژ بە ئافرەتان...تاد.. تایبەتمەندکراون

کەچی وێڕای باشبوونێکی ڕێژەییانەی وەزعی ئافرەتان بە گشتی و بە تایبەتیش وەزعی خوێندەوارو ڕۆشنبیرەکانیان هەر ئەو ماددە دەستووریانە بە پراکتیکی و فیعلی لە ناو واقیعی ژیاوی کوردستان پیادە نەکراونەتەوە، تائێستاش ئافرەت هەن لەژێر بارگرانی گرفتە کۆمەڵایەتییە گەورەکاندا ژیان بەسەر دەبەن، کە بە هۆی ڕۆحی موحافزکارێتی باوی ناو هۆزگەرێتی کە لە زۆرینەی ڕەهای بەرپرسانەوە هێزی پێ دەدرێت، مافەکانی ئافرەتان دەلەوتێنرێن، ئافرەتانی کوردستانی کەوتونەتە ژێر زەبری سێ جۆری بنەڕەتی لە پێشێلکارییەوە کە ئەمانەن:

١ـ ئەو پێشێلکارییانەی پێچەوانەی دەستووری هەرێمەو لەگەڵ دەستوورەکەدا وێك نایەنەوە، بە تایبەتی ئەوانەی لەلایەن بەرپرسانی کارگێڕی هەرێمەوە پیادە دەکرێن، لەوانەش: کەمی دامەزراندنی ئافرەتان لە ناو وەزیفەو پیشە گرنگ و باڵاکاندا، یان پڕنەکردنەوەو دانەمەزراندنی ئافرەتان لە ئەنجومەنی وەزیران بە پێی ئەو ماددە دەستوورییەی کە تێیدا هاتووە لە ٪٢٥ی تەرخانکردنی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بە مافێکی ڕەوای ئافرەت دەزانرێت، ئەمە لە ناو پارتە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانیشدا بەجۆرێکی تر ڕەنگی داوەتەوەو ژمارەی گونجاوو پێویستی ئافرەتانیان لە پۆستەکاندا دانەناوە، دواتر لەسەر جێبەجێ نەکردنی بڕگە دەستوورییەکان و بەدواداچوونی سەرپێچیکارەکان و تاوانباران شلی و خاوی هەیە، لاوازییەکیش هەیە لەچاودێری کردنی حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەرانەوە یان دواکەوتوویی هەیە لە پرۆسەی هۆشیارکردنەوەو نەهێشتنی پاشکەوتوویی فکری و کۆمەڵایەتیدا، هەروەها لیستی مافەکانی مرۆڤ بە چاکی نەخراوەتە ناو خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەییەوە..

**لەژێر کاریگەری تەفسیراتی هەمەچەشنەی پیاوانی ئایینیدا، خودەکانی مرۆڤی کورد لە هەمبەرمەسەلەکانی پێوەندی نێوان پیاوو ئافرەت پەرش و بڵاودەبوونەوە، لە هەموو حاڵەتەکانداو تا ئێستاش هەر لە بەرژەوەندی پیاودا تای تەرازوو لاسەنگ بووە**

٢ـ بڵاوبوونەوەی توندوتیژی لە ناوەندی خانەوادە مەدەنییەکان کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ کەوتنەوەی چەندین ئاکامی ناهەموار، لەوانە خۆکوشتن و کوشتنی بەئەنقەست کە هەردوکیان بەشێوازو کەلوپەل و کەرەسەی هەمەجۆرەوە ئەنجام دەدرێن، لەوانەش بە نموونە خۆسووتاندن بەهۆی:

** تۆمەتهەڵبەستن و تاوانبارکردن لەسەر شکاندنی نامووس

** هاوسەرگیری بە زۆرو بە بێ ناسینی پێشوەختەو بە هۆی جیاوازی تەمەن و یان لەبەرنەبوونی خۆشەویستی

** زەبر و فشارولێدان و کوتانی ڕاستەوخۆ بەپێی ئەو تەفسیرانەی گوایە پیاوان باڵادەسترن بەسەر ئافرەتاندا و پێویستە بە ئەدەبیان بکات

** توندوتیژی ڕۆژانەو چەوسانەوەی ئەندامانی خێزان لە ناو ماڵ و جنێوپێدان و بە یەکچاو تەماشانەکردنی هەردوو ڕەگەزو بێبەشبوونی مێ لە ئازادی هەڵسوکەوتوو ئازادی کارکردن و چوونە دەرەوەیدا، ئەوەش بەهۆی پەروەردەی موحافیزکراوانەو خێڵەکییانەی پیاوانەوە لە مامەڵکردنیدا بەرانبەر ئافرەتان، هەژاریی و ئەنجامەکانی لە ناو خێزاندا، چەپاندنی توندی دەروونی و دەمارگیری و سێکسی..تاد هەژارێتیش ڕۆڵێکی سلبی لەم ڕووەوە دەگێڕێت..

٣ـ سێیەمین حاڵەتی پێشێلکاری بریتییە لە خەتەنەکردنی کچان و بڕینی بەشێك لە ئەندامی جەستەیان بە بێ خواستی خۆیان کە ئەوەش لەگەڵ مافەکانی ئافرەت و مرۆڤ و منالاّندا ناکۆکەو هەروەها بەشوودانی پێشوەختە و ژن بە ژنی و بەسەر لانکەوە بە شوودان ..تاد کە دواتر حاڵەتی جیابوونەوەو تەڵاقیی لێ دەکەوێتەوە..

لەو دوو دەیەی دواییدا ئافرەتانی کورد زیرەکی و جەربەزەیی خۆیان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و مەیدانەکانی کارکردندا سەلماند، بە تایبەتیش لەو وەزیفانەدا کە تایبەتمەندن بە کارو چالاکی ئەنجام دان لەناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی..

**زیانەکانی بەشدارنەبوونی ئافرەتان لە ناو کۆمەڵگەدا**

بەڵام تا ئێستاش دابە باوەکانی پێشان لای زۆربەی بەرپرسانی دەستڕۆیشتوو بنجداکوتراون، بەوەی متمانە بە توانای ئافرەتان ناکرێت بۆ هەندێ ئەرك وکاری گرنگ و هەروەها مەترسی نێر لە کێبەرکێی مێیەکان و دوودڵی و گومانی هەندێك هێزی دیموکراتی و پێشکەوتنخواز لە هەڵوێستیان بەرانبەر بە ئافرەتان ئەمانە لەو هۆکارانەیە کە ئەو بێ متمانەییە دروست دەکات و دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئافرەتان و زۆربوونی موعاناتیاندا، بە پێی زۆربەی ڕاپۆرتەکان و بڵاوکراوەکانی لایەنە پێوەندارەکانی کوردستان، سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێم و پەرلەمان و کۆمەڵگەو ڕێکخراوە مەدەنییەکان، بەرپرسیارێتی و بوارڕەخسانی نیوەی کۆمەڵیان دەکەوێتە ئەستۆ لە پیادەکردنی مافە ڕەواکانیان و بە جێگەیاندنی ئەرکەکانیان لە هەمان کاتدا، چونکە ئەگەر ئافرەتان نەیەنە ناو بوارەکانەوەو هاوبەشی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەکەن ئەمە دەبێتە زیانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گشتی و ڕەنگە کۆمەڵگە لەو ڕووەوشەوە زیانمەند بێت کە لە ساڵانی ڕابردوودا چەند هەزار ئافرەتێك خۆیان کوشتووە یان کوژرابێتن

**چارەسەر چییە؟**

کۆمەڵگەی کوردستانی سەبەتەیەکی پڕاو پڕیی سیاسەت و ئەرکی هەنووکەیی پێویستە تا بە خەباتی هاوبەشی پیاوان و ئافرەتانەوە کۆمەڵگەکەیانی پێ پێشبخەن گرنگترینی ئەو ئەرکانە بریتین لە:

١ـ سووربوونی سەرۆکایەتی و حکومەت و پەرلەمانی هەرێم لەسەر چەسپاندنی بەندەکانی دەستوور لە میانەی دەرچواندنی یاسای تایبەت بە فەرزکردنی چاودێری و بە دواداچوون و پاڵپشتی کردنی ڕۆڵی قەزاو دادوەری لە چارەسەرییەکانی توندوتیژی و دوورکەوتنەوە لە تاکگەرایەتی و تۆڵەکردنەوەی شەخسی، واتە هەموو سەرپێچییەکان بە فلتەری یاساییدا تێپەڕبن..

٢ـ پیادەکردنی جەربەزانەو هاوبەشی کردنی ئافرەتان لە هەموو وەزیفەو ئەرکە حزبی و حکومی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان..

٣ـ خستنەڕووی نموونەی جوانی پێوەندی خێزانی ناو خانەوادەی بەرپرسان خۆیان و ڕێزگرتن لە نێوان خانەوادەی خۆیان و بەرانبەر ئافرەتانیش بە تایبەتی..

٤ـ دانانی بەرنامەیەکی تۆکمەو تەواو بە مەبەستی جێبەجێکردنی داهێنەرانەو ڕێکخستنی هەڵمەتی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆشنگەرانە لەسەر ئاستی هەرێم دژ بە ئەو داب و نەریتانەی بەربەست و کۆسپن لەبەردەم ئافرەتان و پێشکەوتنیاندا یان ئەوانەی هاوکارن لە پیادەکرنی شێوەکانی توندوتیژی لە دژی ئافرەتان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەو ڕووەوە..

٥ـ چارەسەرکردنی کەیسەکانی گەندەڵی و سزادانی پیڕەوکارانی و بەرەنگاربوونەوەی ڕەفتاری هاندانی ئافرەتان بۆ خۆکوشتن لە ناو خێزانەکانیانەوە، هەروەها ڕێپێنەدانی هاوسەرگیری بەزۆرو دروستنەکردنی خێزان بێ خۆشەویستی کە ئاکامەکەی جیابوونەوەو تەڵاق و خیانەتی هاوسەری لێ دروست دەبێت..

٦ـ پەرەپێدانی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو دیاردە سلبییەکانی کە بەرانبەر ژنان ئەنجام دەدرێت لەوانە توندوتیژی ناوماڵ و قوتابخانەو کۆمەڵگەو شوێنە گشتییەکانی هەرێم، هەروەها چالاککردنی سیستمی نەهێشتنی نەخوێنەواری لە ڕێی ڕێکخراوەکانی ناحکومی و دامودەزگاکانی خوێندنی حکومی لە دەرەوەی شارەکاندا و گشتاندنی ڕۆشنبیری ئازادانەی دیموکراتی و ناساندنی چۆنیەتی دەسەبەرکردنی مافەکانی ئافرەت..

٧ـ دانان و دروست کردنی لانەو شەڵتەری پارێزگاری کردن لە ئافرەتانی زوڵملێکراوو ڕاکردوو و ڕاوەدونراو لەماڵەکانیان و زامن کردنی هێڵێکی ڕاستەوخۆی گەرمی ئیمرجنسی و ڕاوەدونانی ئەوانەی هۆکارن لەئازاردان و دەرکردنی ئافرەتان لە خانەو ماڵی خۆیان لە ڕووی یاساییەوە، هەروەها زەرورەتی ئەکتیڤ کردنی ئەو لیژنە تایبەتمەندانەی وەزارەتەکان کە تەرخانن بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و بە دواداچوونی کارو ئەرکەکانیان بە بەردەوامی..

ئەمانە باشترین و گونجاوترین زامن بوونن بۆ جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامەو بڕیارە نێودەوڵەتییەکان و بڕگە دەستوورییەکانی کە تایبەتمەندن بە پاراستن و دەسەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان و ئازادبوونیان و نەهێشتنی توندو تیژی لە دژیان و یەکسانبوونیان بە پیاوان.

**بەرلین١/١٢/٢٠١١**

**وێڕای باشبوونێکی ڕێژەییانەی وەزعی ئافرەتان بە گشتی و بە تایبەتیش وەزعی خوێندەوارو ڕۆشنبیرەکانیان، بە پراکتیکی و فیعلی ماددە دەستوورییەکان لە ناو واقیعی ژیاوی کوردستان پیادەنەکراونەتەوە**

**ئەگەر ئافرەتان نەیەنە ناو بوارەکانەوەو هاوبەشی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەکەن ئەمە دەبێتە زیانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گشتی و ڕەنگە کۆمەڵگە لەو ڕووەوشەوە زیانمەند بێت**

# ٥٩ سال خەبات..
# دیرۆکەکا پڕ بەخشش و تە کوشین

(ی، ئا، ك) ل ١٩٥٢/١٢/١١ بە پشگیری راستەوخۆی بابی رۆحیی بارزانیی نەمر هاتە دامەزراندن، دامەزرندنا ڤی ریکخراوێ دەسکەفتەکێ مەزن بو بۆ تەف ئافرەتین کوردستانییێ، رۆژا دامەزرندنا (ی، ئا، ك) رۆژەکا دیرۆکیا نوێ بوو، بۆ هەمی ئافرەتین کوردستانێ.

ریکخراوا (ی، ئا، ك) ئیکەمین ریکخراوە کو هاتیە دامەزراندن ل کوردستانی کو بەرەفانی و داکوکی ژ مافین رەوایین ئافرەتا کورد بکەت، جیاوازیا ریکخروا (ی،ئا،ك) دگەل ریکخراویین دی ئەوە کو شیایە تەف پیکهاتا ل هەف کوم بکەت بی جیاوازیا نەتەوە و ئول و ئایین ئانکو دشین بیژیین رەشمالا تەف پیکاهاتان بوویە (ی،ئا،ك) وەرچەرخانەك ل سەر پتریا لاینین ژیانا کومەلاتیا ئافرەتا کورد هینا بێ گومانیش وەرچەرخانەك بەرەف بیشڤەچوونی (ی،ئا،ك) تاکە نوینەرا راستەقینەیە ژبۆ دەست ڤەئینانا هەمی مافیین رەوایین ئافرەتا کوردستانێ ژبەرکو ژیان بەردەوام د کوهرینێ دایە ئیك ژ بنەمایین سەرەکیین ڤی ریکخراوێ نوبون و بەردەوام خۆ کونجاندنە دگەل تەف سەردەمین کو خەبات و بەرخودانین تیدا کرێ هەردەم بەرنامە و پلانین خۆ ل کور بیدڤین سەردەمێ خۆ دارێشتینە ئانکو وێ ئیکێ دکەهینیت کو خەباتا وانا ل قوناخەکێ بۆ قوناغەکا دیتر جیاوازیی هەبوویە د قوناخا دامەزراندیی تا رابەرینا پیرۆز (١٩٩١) کارکرنا (ی،ئا،ك)ب ئاوایەکی نهینی بو ل کور وان بەلگەیین وی سەردەمی ژ بلی پیگەهاندنا ئافرەتیی ئامانجا سەرەکیی ناساندنا مللەت کورد بو تەف جیهانیی هەروەها هاریکارکرنا شورش و پشکداری د شۆرەشێدا و هوشیار کرنا ئافرەتی بو ل سەر مافین رەوایین مللەتیی کورد و ل قوناغا رابەرینا پیروز تاکو ئازادکرنا ئیراقێ کو دڤێ قوناغیی دا رەوشا ئابوری و سیاسی و کومەلایەتی ل هەریما کوردستانێ وەکی پیدڤی نەبوو لێ بەلێ سەرەرای ڤێ ئیك ژی (ی، ئا،ك) زەمینە بۆ کۆمەکا ئافرەتین چالاك خۆش کر کو رولْ خۆ ببین دناڤا جفاك دا و چەندیین ریکخراویین داکوکی کەر ل مافین ئافرەتی هاتنە دامەزراندن قوناغا پشتی ئازادکرنا ئیراق دا و دڤێ قوناغی دا تا رادەیەکیی باش رەوشا ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتیی برەف کۆهرینەکا بلەز هەنگاڤ نا خەباتا (ی،ئا،ك) ب ئاوایەکی سەردەمیانا بوو دڤێ قوناغێدا راگەهاندنا کوردی تا رادەیەکیی باش بەها و پرەنسیپێن راگەهاندنا جیهانی ب دەست هینا و شیا ل ریکا میدیایی هوشیارەکا باش دناڤا تویژا ئافرەتێ بەلاڤ بکەت.

هەروەها دەسهەلاتا سیاسی دەرکەە بەر فرەهتر کرن ژبۆ ئافرەتێ کو بەشداریێ د پرۆسا سیاسیدا بکەت تا نها (ی،ئا،ك) حەفت کونگرە گریداینە هەر کونگرەیەکیی دە سەفتن مەزن دیروکا خوە دا تومار کرینە ب کوری پیدفن وی سەردمیی تید و دکونگری حەفتی دا کارکرن ب ئاوایەکی سەردمیانە بو و پینگاڤین پر گرنك و مەزن هاتینە هاڤیتن بۆ پیگەهاندنا ئافرەتێ و پتر کرنا رۆلێ ئافرەتێ د بواری سیاسی دا ژ بەر کو دڤی قوناغیی ئافرەت بەرییا هەرکەسەکی پیدڤی ب بەرنامیتن تیرو تەسەلین پیگەهاندیە هەیە ل سەر بنەماییین شارستانی و زانستی داکو بشیت رەفتار و سەردەریین دروست و هەف خەرخ دکە ل بوویەر و رۆدانین سەردەمی خوە بکەت و بەرەڤانی ژ هەمی مافین خویین رەوا بکەت ئافرەت نیڤا جفاکیە و دایکا نیڤا دیە ستوونا بنەرەتیا ئاڤاکرنا هەر جڤاکەکی ساخلە و تەندروستە پیدڤیە هەر ماف و ئەرکەك بو زەلامی بهینە دەستەبەرکرن ب یەکسانی بو ئافرەت و زەلامیی ژبەر کو قوناعا ئەڤرو ژ مە دخوازییت ئافرەت و زەلام مل ب ملیی هەڤ خەباتی بکەت ژبو پیشبردنا رەوشا کۆمەلْگە و کەلو وەلاتی تاکەهشتنا وەلاتی مە ب وەلاتین پیشکەڤتیی جیهانی ئەف بو ڤی ئیکی دی بەردەوامیی هیتەدان ب پەیمانکەها پیگەهاندنا کادرین ئافرەت ڤەکر ب باوەرییا من (ی،ئا،ك) پینگافەکا گرنك و دیرۆکی هاڤیت شیا خالەکا گرنك و دیرۆکا خوە دا توماکر ژ بلی ڤیی ئیکی هەر دکونگری حەفتیی دا و دبوارییی کومەلایەتییدا پینگاڤین مەزن هاتینە هاڤیتن ب ریکا پەیمانگەها (ی،ئا،ك) بو پرسین کومەلاتی چەندیین کیشەیین کومەلایەتیی ب ریکا ڤی پەیمانگەهیی ب ئاوایەکی زانستی و ئەکادمی هاتینە چارەسەرکرن و ئەڤ پەیمانگەها چەندیین بەشین گرنگ و پیدڤە هەنە هەروەها بەرهەمی و خەبات ڤی ریکخراویی کەهشتە رادیە کیی کو ب ئاوایەکیی ئەشکرا کار بو کوهرتنا وان یاسایان تایبەت ب ئافرەتی بکەت کار بو ب هیزکرنا رۆلی وی بکەت د بریاردانیی دا و ل باری کوهرتنا دا پیدڤیە ئەم سوپاسین خوە ئاراستەیی بەریز مەسعود بارزانی سەرۆکیی هەریما کوردستانی و وبەریز نیچرڤان بارزانیی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، کو هەردەم پالپشت وپشتگیر بویینە بو چارەسەرکرنا گرفتین ئافرەتا کورد و هەردەم هەولدانینە کو ئەو ئاستەنگین دکەفنە پیشیا ئافرەتیی لابدەن پیدڤیە (ی،ئا،ك)ل سەر وان سەرکەفتنین ب دەست هیینا نەراوەستیت بەلکو پیدڤیە ئەو دەسکەفتین هاتینە ب دەست هینان بپاریزین ژ هیز بەرەپیش ببەین کاروانیی ژیانیی یی بەردەوامە و پیدڤیە ل گەل هەرپینگاڤەکیی مە پیدڤیی ب بزاف و هەولدانیە هەیە داکو پینگاڤین مە کارا و چالاکتر بن.


لەیلا عەبدولجەبار حەدۆ